کەناری ئەمبەری راین

کۆمەڵە دەق

# کەناری ئەمبەری راین

ستیڤان شەمزینی

٢٠٢٤

ناوی کتێب: کەناری ئەمبەری راین
نووسینی: ستیڤان شەمزینی
بابەت: کۆمەڵە دەق
تایپ: نووسەر
دیزاین: هەرێم عوسمان
چاپ: چاپخانەی کارۆ
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
ساڵی چاپ: ٢٠٢٤
نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم

لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (    ) ی ساڵی ٢٠٢٣ی پێدراوە
ئەم کتێبە لەسەر ئەرکی دارایی نووسەر چاپکراوە

## پێشەکی

رەنگبێ ئێستا خەڵکانێکمان لێ راپەڕن و بڵێن نەریت نییە پێشەکی بۆ کتێبی شیعریی بنووسرێت!!، کێ فەرموویەتی ئێمە خۆمان رادەستی ترادیسیۆنی باو دەکەین؟، دەی من ئەم نەریتە تێکدەشکێنم کە لە شکاندنی گوڵدانێکی شووشە ئاسانترە. لە جێگەیدا نەریتێکی تر دادەهێنم، مەگەر نەریت خۆی داهێنراوێکی مێژووکرد نییە؟. ئەگەر یاساش بێت بڕیار نییە کەسێتییەکی کۆنفۆڕمیست بم، بەڵکو دیسانەوە لەو یاسایانە یاخی دەبم، ئەو تاکە ئازادەم ناکۆکم لەگەڵ هەموو یاساکاندا، وەک باستادارێک لە رێسا سەرەکییەکان لادەدەم، هەر ئەم لادانەیە توانا و جیاوازییەکانت بە ئەوی تر نیشان دەدات. ئەم پێشەکییە بۆ بەرگریی لە شیعری خۆم دەنووسم بە تایبەت کە دادگا ئەدەبییەکانی وڵات، شیعرەکانم بە قسەی قۆڕ و وشەڕیزکردنی نائیستاتیکی و جۆرێک لە وڕێنەی نەخۆشێکی دەروونی کە تووشی نیرۆسیس بووە لێکدەدەنەوە.. لە بیرمە یەکێک لە هاوڕێیانی تۆڕی فەیسبوک (بەداخەوە ناوەکەیم لە یاد کردووە) دوو سێ

ساڵێک پێش ئێستا سەرنجی بۆ ئەوە راکێشام، ئایا بیرت لەوە کردووەتەوە تۆ خەریکە مۆدێلێکی تری ئەدەب بەرهەم دەهێنیت لە نەخۆشخانە؟. کەمێک راوەستاوم و بیرم کردەوە، ئایا مۆدێلێک بەڕێوە دەبەم یان سەبکێکم داهێناوە؟، گەیشتمە ئەو بڕوایەی فۆرمی شیعرییم بایی ئەوە نییە لانیکەم تا ئێستا پێی بگووترێت داهێنان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەدەبیاتی نەخۆشخانە (ئەگەر مافمان هەبێت ئەو ناوە دابتاشین) زیاتر لەسەر دەستی من کلێشە و شێوەی وەرگرتووە. پێشتر ئەدەبیاتی زیندان هەر لە دۆستۆیڤسکی و گرامشییەوە تاکوو دەگاتە لای کەسانی وەک شەهید مەلا عەلی لەمەڕ خۆمان، ئاشنا بێت بە هەمووان، بەڵام لەگەڵ تەشەنەکردنی نەخۆشییە درێژخایەنەکان و سەردەمی پەتاکاندا ڕەنگبێ ئەدەبیاتێک بە ناوی ئەدەبیاتی نەخۆشخانە ببێتە دیاردەیەک، لە راستیدا ئەمەی من ئەگەر ناوێکی هەبێت (ئەدەبیاتی نەخۆشخانە)یە، لێ وا دەهزرێم نەخۆشخانە هەر ئەو دامەزراوە فۆکۆییەیە وەک بەندییەک گیرم تێدا خواردووە، بەڵام لە رێگەی نووسینەوە هەموو کات دێمە دەرەوە، لەگەڵتانم و لە ژوانی هەر یەکێکتاندام، نەخۆشخانە بۆ من شوێنێکە ئازارەکانی تێدا دەگۆڕم بۆ شیعر، ناڵەناڵی

تێدا دەگۆڕم بۆ ستران، مرۆڤێکی گەشبین نیم، هەروەک چۆن رەشبینیش نیم، مرۆڤێکی بەرەنگارم و پێموایە مرۆڤ لە هەر شوێنێک بێت مەحکوومە بە بەرەنگاریی سەختییەکانی ژیان، نەخۆشیش گەورەترین ئاستەنگی منە، بەڵام وەک گووتم پێی نەڕووخاوم، بەڵکو هێزی گۆرانی گووتنی بۆ ژیان تێدا بەهێزتر کردووم. ژیانیش لە خۆیدا رووبەرێکە بۆ گەمە نەک پشوو.

رەنگبێ لەوانە بم بە زەبری ئـازاری جەستەیی و رۆحیی بنووسم، وەک چۆن رۆماننووسێکی بلیمەتی چەشنی بەلزاک تا قەرزاریی تینی بۆ نەهێنابا نەیدەتوانی هیچ بنووسێت، هەرچی شاکارە مەزنەکانێتی قەرزاری ئەو قەرزارییە هەمیشەییەی بوون بەهۆی دەستبڵاوییەکەیەوە لەسەری کەڵەکە دەبوون، بۆ من ئازار هاتووەتە شوێنی قەرز، ئەگەرچی زوو زووش بۆ چاپی کتێبەکانم قەردار دەبـم لـە بـاری دارایـیـەوە. هەمیشەش لـە دوو جێگە شیعرەکان لە مێشکمدا چرۆ دەکەن، لە نەخۆشخانە و لە کاتی پیادەڕۆیی بە نێو دارستانەکانی شتاینهاگندا، رەنگە فەرهەنگی زمانەوانیم زۆرتر سەر بە گوند بێت تا میترۆپۆڵ، لەبەرئەوەی نەک هەر گوندنشینم هایدگەرئاسا بەرگریی لـە ژیانـی گوندییانەش دەکـەم، نزیکترم لە

سرووشت، تەنانەت لە هەر شوێنێک بم هۆش و خەیاڵم لە ناو دارستانەکانەوە دێت و دەچێت، بۆیە ئاساییە ئەگەر تێکستەکانم کەمتر خۆیان لە کەرەستە مودێرنەکان بدەن، یان بە مانایەکی تر کەمتر ژیانی کاڵاگەرایی ئەمڕۆم هەڵلووشیوەتە شیعرەوە. لە هەر شوێنێک بم، دەنووسم و دەقم بە کەشێکی تایبەتەوە نەگرتووە. لە دیمانەیەکدا (ریتا گیبێرت) بە پابلۆ نیرۆدا دەڵێت: تۆم بینیوە لە ناو ئۆتومبیلدا کە نووسیووتە!. نیرۆدا لە بەرسڤدا دەڵێت: (لە هەر شوێن و کاتێکدا بتوانم دەنووسم)، سەربارى ئەوەی ناو فڕۆکەم پێ خۆش نییە، بەڵام لە رۆژی ٣ی ئابی ٢٠١٧ (هاوکات رۆژی لە دایکبوونیشمە) لە فڕۆکەخانەی دوسلدورفی ئەڵمانیاوە بەرەو تاران گەشتم کرد، لەناو فڕۆکەدا دەستم کرد بە نووسین، هەستێکی سەیر بوو، لە ئاسمانەوە بۆ زەوی بنووسیت!. لە ئەفسانەی سۆمەرییدا هاوچەشنی میتۆلۆژیی گریکیی، سەرەتا زەوی و ئاسمان پێکەوە نووسابوون، بە پێی دەقە سۆمەرییەکە (ئان) خواوەندی ئاسمان لەگەڵ زەوی (کی) هاوسەرگیریی دەکەن، ئەم دووانە ئاوێتەی یەکترن، تا منداڵە لاسارەکەیان (ئینلیل) خواوەندی گەردەلوول و رەشەبا، پاڵ بە باوکییەوە دەنێت بۆ شوێنێکی دوورتر.

من لەو جێگە دوورەوە بۆ دایکمم دەنووسی. (زەوی یان نیشتمان دایکە، ئەگەرچی ژیژەک ئەم دیدە دەداتە بەر رەخنەی توند).

کێ وتی و بڕیاری دا چیتر شیعر رووە ناسکەکەی ژیان لە خۆ ناگرێت؟. ئیدی شیعر خۆی لە وشەکانی چەشنی گوڵ و باران و پەروانە و مۆم پاک دەکاتەوە؟!. مەگەر خودی شیعر زمانە باڵا و نەرمەکەی ژیان نییە؟. سەپاندنی زمانێکی فەرمی و ستاندار بۆ هەر ژانرێکی دیکە بگونجێت، لەگەڵ شیعردا ناسازێت. شاعیر ئەو کەسەیە توانای هەیە پۆلا بتوێنێتەوە و قەدی گوڵ و باڵی پەروانە و دڵۆپە شەونمی سەر رووومەتی یاری لێ بەرهەم بهێنێت. بڕیار نییە هەمیشە مەحکوم بین بە بەرهەمهێنانەوەی واتای کۆن لە فۆرمی نوێدا، دەشێ مەبەست لە فریشتە، فریشتەی مەرگ بێت و لە ئەهریمەنیش ئەو هەستە ژیاندۆستییەی لەناوماندا دەتەقێتەوە. مەرج نییە جەنگ هەمیشە نارەوا و دزێو بێت، دەکرێت مانای پێچەوانەی لێ هەڵهێنجرێت. کارلۆس فۆینتیس لە رۆمانی (ئاورا)دا رستەیەکی هەیە: (تەنانەت شەیتانیش سەردەمێک فریشتە بووە). بۆ نا ئەگەر شاعیر رووە فریشتەییەکەی ئەهریمەن ببینێت یان بە پێچەوانەوە

چەشنی بۆدلێر، گوڵەکان بەدخوو بکات: (گوڵی خراپە) کە لە ژێر ئەو تایتڵەوە راپەڕینێکی شیعریی بەرپاکرد, مەرج نییە لە کن شاعیرێکی ئەم سەردەمە وشەی (پەروانە) هاومەبەست بێت لەگەڵ (پەروانە)ی نێو شیعری مەحوی، بۆنا ئەگەر مەبەست لە تیۆری (باڵەفڕەی پەروانە) بێت کە ئەو دوو پەروانەیە خوداشیان یەک نییە. مەرجیش نییە (شەقام) هەمان جادە چۆڵ و سێبەرەکەی (گۆران) بێت، بۆی هەیە (شەقامی یەکئاڕاستە)ی ڤالتێر بنیامین بێت کە ناونیشانی کتێبێکی ناوبراویشە. هەروەک چۆن لەوانەیە باڵندە هەمان ئەو عەندەلیبەی ناو شیعری بێخود نەبێت: (هەر زیکری عەندەلیبە لە ناڵەی حەزین دەکا)، بۆی هەیە مەبەست لە (باڵندەی خەون) بێت کە بنیامین لە رەخنەگرتن لە مودێرنێتەدا بەکاریدەهێنێت، ئایا ناونیشانی قەسیدە بەنامێکەی هۆڵدەرلین (نان و شەراب) هەمان نان و شەرابەکەی مەسیح نییە کە مانای تری پێ بەخشیوە؟. لەوەتی شیعر هەیە، پەلکەزێڕینە وشەیەک بووە زۆرترین مەدلوولاتی شیعریی لە خۆیدا جێ کردووەتەوە، کەچی لە مانا تازە و سەردەمییەکەیدا هێمایە بۆ چەند توێژێکی سێکسوالیتی (LGBT : لیسبیەن، گەی، بیسێکسوال، ترانس جێندەر). کاکڵەی قسە ئەوەیە هیچ وشەیەک

ناشیعریی نییە ئەگەر شاعیرێک لە ئارادا بێت، شیعر هیچ وشەیەک لە ماڵی خۆی ناکاتە دەرەوە. وەک خۆم هیچ وشەیەک رەت ناکەمەوە، هێڵی سوور بۆ هیچ وشەیەک دانانێم، هەر وشەیەک هات لە خزمەتی رەوتی شیعرەکەدا بێت فەرشی سووری بۆ رادەخەم، وشەکان یان دروستتر وایە بڵێم زمان دەستمایەی شاعیرە، تۆ ئەگەر بتەوێت تەنیا بەشێک لە زمانم بەسەردا بسەپێنیت، ئایا لەوە تێدەگەیت ئەم لاڵبوونە قەبوڵ ناکەم؟. جیا لەمەش لە واقیعی حاڵدا ئەو ئەدەبەی بە زمانی گەلێری و لە ئاستی تێگەیشتنی سادەی میللیدا بنووسرێت، زۆرترین بازاڕی هەیە و وەک هەر کاڵایەکی تری ناو سیستمی بەرخۆریی سەرنج رادەکێشێت, بۆیە تا ئاستی زمان نزم بێتەوە نرخی ئەو بەرهەمانە بەرز و بەرزتر دەبنەوە، بە دەربڕینێکی تر ئەو شیعرە خراپانە بەڵگەن لەسەر هەژاریی زمان.

نوێگەرییش لە شیعردا تێرمێکی کێشەئامێزە و بە روونی لێی تێناگەم، ئایا نوێگەریی بە تەنیا راکێشانی موگناتیسئاسای کەرەستە تازە باوەکانە بۆ ناو مەڵبەندی شیعر؟. ئەگەر لە سەدەی شازدەدا باسی تایپەر و کاتژمێری بەرباخەڵت کردبا، باسی شتی تازەت دەکرد،

لەگەڵ ئەوەی هەر کام لەو دووە بۆ ئەمڕۆمان تازە نین و وەک دوو کۆنیش لە دەقدا بەرهەم دەهێنرێنەوە، پرسەکە وشەکان نییە فۆرمەکانە، دەقێک باسی تەلسکۆبی جیمس وێب بکات، نوێگەرتر نییە لە دەقێکی سافۆ یان ئۆڤید یانژی ئەحمەدی خانی. بە واتایەکی روونتر بەرخۆریی چاوی لە شتە تازەکانە، هەردەم سەری بەرزکردووەتەوە بۆ بینینی شتی نوێ، شیعر بەرخۆریی نییە، شیعر خۆیەتی. با باز بدەین بۆ کۆنسێپتی (ئازادیی) ئەو چەمکەی لای هەمووان خۆشەویستە لە کۆیلەیەکەوە تا سەربەسترین تاک، ئایا ئەو مانا ئەمڕۆییەی ئازادیی هەیەتی، هەمان مانا بووە لە کۆندا، بۆ نموونە لە ئەسینای دێریندا؟ ئایا پێش رۆسۆ، ئازادیی توانجێک نەبووە؟!, شاعیر دەبێت سیاقەکان ببینێت، ئەگەر یۆنانییەکیَ دێرین گوتبێتی، من ئـازادم، بەو مانایەی ئەمڕۆ نەیگووتووە، لە سۆنگەی ئەوەی ئازادیی بەپێی ئەو کۆنتێکستە مێژووییە بریتی بـووە لـە ژیـان لـە دەرەوەی قـەڵـەمڕەوی ئێرانییەکان کە لە پەلاماردانی ئەسینادا درێغیان نەدەکرد. ئەدەب رەچاوی وتنی شتەکان ناکات لە پێشتردا، تێبینی چۆنێتی وتنەوەیان دەکـات، وەک خۆم کە شیعرێک دەنووسم، دەزانم پێشتریش هەمان ئەو وشانە شیعرێندراون، کارە

هەولێرنامەی کتێب

بە تویکڵەکە ئەوەیە ئەندرێ ژید وتەنی (لە سەرەتاوە هەموو شتێک وتراوە، چوونکە کەس گوێی لێ نەبووە، پێویستە لە سەرەتاوە بووترێتەوە). لە ناو ئەم کتێبەشدا دوو شیعر هەن، دەکرا یەک شیعر بن، لەبەرئەوەی جاری یەکەم نەبیسترا، ناچاربووم جارێکی دیکە بە کەمێک جیاوازییەوە بیڵێمەوە.

شیعری من بە پێی لۆژیک و پێودانگە زبرەکانی واقیع هەڵناسەنگێنرێت، لۆژیکی شیعر جیایە لە لۆژیکی کەتوار، ئەوەی ناشێ لە ریالیتەدا پێی بگەین بە ئاسانترین شێوە لە شیعردا دەستمان دەیگاتێ، ئەگەر شیعر بە گەڕخستنی دوا راددەی خەیاڵ بێت، چۆن دەکرێت خەیاڵ وەک باڵندە لە قەفەز بنرێت؟. لە شیعردا ئەگەرەکان کراوەن، مەوداکان بەناو یەکدا دەچن، رێسای سرووشتیی شتەکان دەبن بە هەڵم، لە شیعردا باڵندەکان بە بێ باڵ دەفڕن، چاوەکان بە نابیناییش هێزی بینینیان هەیە، ناکرێت دنیا وەک ئەوەی هەیە بسەپێنرێت بەسەر ئەو دنیا مەجازییەی شیعر دەیئافرێنێت. لە ئەدەبی سوێدییدا رۆمانی (پێلە) کە پشیلەیەکی بێ کلکە، نموونەیەکە کە تێیدا پشیلەکان بە سوێدییەکی رەوان دەدوێن، کەس لە رەخنەگران گووتوویانە ئەمە ناکۆکە لەگەڵ جیهانی ناسراودا؟. بە

گردەبڕیی دەڵێم ئەگەر هەر کەس بیەوێت سرووشتی نائاسایی شیعر ئاسایی بکاتەوە، هیچتر ناکات جگە لە شیعرخستنی شیعر. شیعر دیاردەیەکی تەواو زمانییە، ژانرێکە لە بری واقیع ئاستێکی باڵای خەیاڵکردنی پێویستە، لە شیعردا ئەستێرە سەما دەکات، هەور گۆرانی دەڵێت، با شمشاڵ دەژەنێت، دەریا تووڕە دەبێت، هەتاو ناز دەکات، گوڵ پێدەکەنێت، بە واتایەکی تر شیعر دەستکاریی سرووشتی ئاسایی پێدراوەکان دەکات و لە فۆرمێکی نائاساییدا دایاندەڕێژێتەوە. لە ئەدەبی دێرینی عەرەبییدا، بەر شاعیرێکی وەک ئەبوعەلای مەعەڕی دەکەوین، بە دوو چاوی نابیناوە، پەسنی ئەو شتانەی دەکرد هەرگیز نەیبینیبوون، لە وێژەی کوردییشدا شاعیرێکی هاوشێوە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا دەبینین بە ناوی (مەلا حەمدون ١٨٥٠-١٩١٥) لە یەکێک لە شیعرەکانیدا کە بەهۆی مەرگەساتی جەنگی جیهانی یەکەمەوە نووسیوویەتی باس لە کارەبا و گڵۆپ دەکات، ئەگەرچی دێرەکە باسی ئەو فڕۆکانە دەکات بوونەتە ئەو باڵندە رووناکانەی تاریکی دەبەشنەوە، وەختێک دەڵێت: (ئەم جووتە بەلازادەی باڵندەیە ئەمڕۆ.. سەیارەی فەوقن بە ئەلکتریکی چراوە).

با ئـەوەش بە بیر بهێنمەوە بیریار و ڕۆماننووسی ئیتاڵی ئەمبێرتۆ ئیکۆ، شاعیرێکی ئیتاڵیمان بە ناوی مۆنتالی دەخاتەوە یاد. مۆنتالی ڕۆژێک لەگەڵ خانمە شاعیرێکی دڵداریدا لە باخێکدا پیاسە دەکـەن، لەسەر ڕێگەکەیاندا گوڵاڵە سوورە دەبینن، مۆنتالی دەوەستێت و دەڵێت: (ئای چەند جوانن، ئەمانە چین؟)، خانمە شاعیرەکەش بە واق وڕمانەوە پێی دەڵێت: (تۆ شیعرێکت لە بارەی ئەم گوڵانەوە نووسیووە!). مۆنتالی بەرسڤ دەداتەوە: (شیعرەکانم لە بارەی وشەکانەوەن نەک شتەکان)، وا بیر دەکەمەوە شاعیر لە یەک کاتدا لانیکەم بیر لە دوو شت دەکاتەوە، کاتێک سەرگەرمی میتافۆرسازییە، لە یەک کاتدا چەند شتێک بە ئاسمانی زەیندا دێن و دەچن، با وای دابنێین شاعیر ژیان بە ترۆزییەکی تاڵ دەچووێنێت، ئەستەمە بڵێین شاعیرەکەمان لە یەک کاتدا بیری لە خودی ژیان و ترۆزی نەکردووەتەوە، یان با سەیری نموونەی بەیتە شیعرێکی عەبدوڵا گۆران بکەین: (پاییز پاییز.. بووکی پرچ زەرد.. من مات و تۆ زیز.. هەردوو هاودەرد)، لەم دوانزە وشـەیـەدا گـۆران بیری لە چەندین شت کـردووەتـەوە: پایز وەک وەرزێکی ساڵ، بووک وەک مرۆڤ، هەروەها ماتیی و زیزیی و دەردەداریی کە گرێدراوی سرووشت

و سایکۆلۆژیای مرۆیین. بەڵام لە زمانی رۆژانەییدا هەر وشەیەک مەبەستێکی ئاشکرای هەیە، کاتێک دەگووترێت پەنجەرەکە دابخە، ئەوە فرمان و داواکارییەکی روونە بۆ داخستنی پەنجەرەیەک، بەڵام لە شیعردا ئەگەر بڵێی پەنجەرەکە دابخە، فرە مانا و رەهەندە. بەدەر لەوەش مانا بنەڕەتییەکە لە نالۆژیکیبوونەکەیدایە، ئەگەر بە پێی لۆژیک بیر لە دێڕە شیعرێکی جەمال غەمبار بکەینەوە: (ئەستێرەش چەشنی دەریاوان، هەندێ جار بە زمانی ئاو قسە دەکا و هەندێ جاریش وەک باران کۆچ دەکا!). زۆر بێ مانایە و بگرە کاریکاتێریانەشە، ئەم دێڕە هێزی خۆی لە وێنەوە وەرناگرێت ئەوەندە لە بەگەڕخستنی زمانەوە وەریگرتووە, کورت و کرمانجی جوانی لە شیعردا لە لۆژیکەوە نایەت، بەڵکو تا نالۆژیکیترین دێڕ بنووسین جوانی زۆرتر فوارە دەکات!!.

پرسیارە رەسەنەکەش ئەوەیە ئەو رەخنەگرانەی بە شێوەی زارەکی نەک نووسراو بە شاعیرم نازانن، ئایا منیش ئەوان بە رەخنەگری ئەدەبی دەزانم؟. نووسراوەکانیان هەر هێندەی دەفتەری قوتابییەکی تەمبەڵ بەهای هەیە. ئارگۆمێنتی ئەوان ئەوەیە کوشتەی واتام، فۆرم لە پێناوی ناوەڕۆکدا سەردەبڕم،, ئەگەرچی پرسەکە بەو شێوەیە

نییە، دەکرێت بپرسین زمان خۆی هەڵگری مانا و مەغزا نییە؟ وشەکان لە خۆیاندا بارگاویی نین بە دەلالەت و واتا؟ هیچ وشەیەک هەیە دەرە واتا بێت؟ ئەی شاعیر هەمان ئەو وشە واتادارانە بەکارناهێنێت؟. ئەدۆنیس وتەنی شیعر شتێک دەرنابڕێت بەڵکو پێکهێنانی شتێکە. لەوە پتریش بۆم گرنگ نییە، چی دەڵێن لەسەرم و ئاتاجی ئەو نۆبڵانەش نیم لە ناوەندە (ئەدەبییەکان)ی کوردستانەوە بەم زرە نووسەر یان بەو ئینشانووس دەدرێت. حەزم لە هیچ بەراوردکارییەکیش نییە، تەنانەت پێم خۆش نییە بە هۆڵدەرلین و بۆدلێر یان باباتاهیر و شێرکۆ بێکەس یانژی هەر ئایکۆنێکی تری شیعریی بەراوورد بکرێم، نەک لە کەپوو بڵندییەوە ئەوانم پێ هیچ نەبێت، بە پێچەوانەوە من خۆمم، نامەوێت لەسەر فۆرمی هیچ کەسێکی تر با بلیمەتترینیش بێت دابڕێژرێمەوە. ئەمە ئەزموونی ئەدەبیمە و گەرەکمە بە سەربەخۆ لێی بڕوانرێت، هەر کەسێک مافی هەیە لە گۆشەیەکەوە سەیری بکات یان هەر سەیری نەکات، ئەوەی مایەی نارەحەتیمە بەراوورد بکرێم، ئاخر ئەزموونی من لە ئەزموونێکی کەسێکی تر ناچێت، ئەم لێکنەچوونە شتە گرنگەکە نییە، دەشێ نووسەرێکی خراپ هیچی لە نووسەرێکی باش نەچێت،

هەواڵنامەی کتێب

ڕێگە بە خۆتان بدەن بە شاعیرێکی بێ کەڵک دامبنێن، بەڵام هەرگیز ڕێگەتان پێنادەم وەک جرجی ناو زێراب بمخەنە بەراووردکارییەوە تەنانەت لەگەڵ کۆتردا. ئەگەر ڕەخنەگرەکان بیانەوێت فڕێم بدەنە پەڕاوێزەوە، ناتوانن چوونکە هەمیشە لە کەناردا بووم نەک ناوەند، مەگەر کەناریش کەناری هەیە؟. بێڵ هۆکس وتەنی کەنارگیرکردن مانای لێسەندنەوەی داهێنان نییە، بەپێچەوانەوە پەڕاوێز جێگەیەکی لەبارە بۆ بەگەڕخستنی ماتەوزە و گۆڕینی بۆ شوێنی داهێنان و بەرەنگاریی. تا ئەمڕۆش بە دلڕەقانەترین جۆر ئەفەرۆز کراوم و لە پێش چاواندا شاردراومەتەوە، وەک چۆن سافرانسکی مێژووی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات دەگێڕێتەوە لە شێوەی مامەڵە لە بەرامبەر نیچە کە ئەو بۆ (پۆرنۆگرافیای فەلسەفیی) ناوزەدی دەکات، بەرهەمەکانی منیش بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەو پۆرنۆگرافیایە شوێنی بەردەوامی (ژێر مێزەکەیە)، هەروەک چۆن کتێبەکانم لە ژێر کتێبە (بەنرخەکان)ی تردا دەشادرێنەوە. ئەگەر بابەتەکە خودیی بکەینەوە، ئایا پێم خۆشە هەموو کات وەک تاکەکەس ببینرێم؟. بێگوومان هەموو کارم خۆدزینەوە بوو لە نمایش، ئەگەرچی پێم خۆشە شوێن پەنجەم ببینرێت، وەک ئەو دزە دەموچاو داپۆشراوەی

نیوەشەو کە جگە لە جێ پەنجەکانی هیچ شوێنەوارێکی تری لێ بەجێنامێنێت.

لە روانگەی ئەزیشەوە شیعر دروستکردنی واقیعێکی گەورەترە لە واقیعی راستەقینە، بە مانایەکی تر واقیعی راستەقینە لە واقیعی ناو شیعر وردیلەترە, لە راستیشدا مانای شیعر لە بنەڕەتە گریگییەکەی خۆیدا دروستکردنە. شیعرەکانم ئەو فەنتازیایانەن جیهانێکی ترم نیشان دەدەن بە هیچ شێوەیەک نە کۆپی نە خودی جیهانی ریالیتەیە. رەچاوی هیچ ریتمێکی باو ناکەن، گرنگییەکەیان لە بێ ریتمیدایە، رەق و زبرن، چەقۆ و بڕبەنن، دینامیت و تەقەمەنین، بە شتێک، بە ترادیسیۆنەکاندا دەتەقنەوە، شیعر بۆ ئەوە دەنووسم ببێتە ئەلْغامێک لە بن پێی جیهاندا. هەموو سەرنج و قووڵایی هۆشیارییم لەسەر ئەوە و بۆ ئەوەیە ناوەڕۆک نەبێتە قوربانیی فۆرم، بۆیە هەردەم هەوڵی دوورەپەرێزییم داوە لە ناوەڕۆکی باوی شیعری ئەڤینداریی تاکو نەخزێمە تەلْزگەی سۆبژە و ئۆبژەوە. بە واتایەکی تر هەوڵم داوە تا دوا توانا و سنووری دەستپێڕاگەیشتن نەخلیسکێمە کولتووری سۆفیگەریی و کاڵاپەرستییەوە لە یەک کاتدا. ئەویتر لە خانەی خۆشویستراوێکی دەستوپێ سپیدا رانەگرم و لە

بۆتەی خۆمدا نەیتوویێنمەوە، وەک ئەوەی لەلای مەولانا یان حەلاج هەیە ئەویتر قووت نەدەم و لە دووانەوە نەبینە یەک، هەروەک چۆن هەوڵمداوە لەو نەریتە تازەیەی بە کاڵاکردن دەربچم هەمیشە ئەویتر دەکاتە کانی چێژ و بابەت بۆ منی نێر، خۆشەویستی توانەوە نییە ئەوەندەی پرۆسەی هاوبەشیی دوو تاکی ئۆتۆنۆمە لەسەر بنەمای هاوسەنگی و بەڕێوەبردنی خۆشیی دوولایەنە. لە کتێبی (شارستانی کۆلاپس- ٢٠٢٢)دا هەم خۆم و ئەو نەریتە زاڵـەی شیعری ئەویندارییی کوردییم خستووەتە ژێر زەبـری رەخنـەوە، لێ ئێستاش لەو تەڵزگەیە دەربـازم نەبووە، چوونکە میراتگری کولتوورێکی هەزاران ساڵەم، پێموایە یونگ بـوو گووتبـووی تەمەنی هـەر کەسێک تەمەنی کولتوورەکەیەتی. بەم هۆکارە هەرچەند خۆیشم راپسکێنم و یاخی بم لە تراديسيۆن، هێشتا بەشێک لە نەریت لە نەست و مۆتیڤی بیرکردنەوەمدا ئامادەیی هەیە، ناتوانم لە شەو و رۆژێکدا لێی دەربازبم و خۆم لە حەوزەکەی مەسیح هەڵبکێشم (باپتایز)، بۆیە پێویستم بە پرۆسەیەکی درێژخایەنترە بۆ رزگاربوون لەو نەریتە شیعرییەی شیعری کوردیی لەسەر راهاتووە.

دەمەوێت دووبـارە ئەزموونی داهێنەران لەبەرچاو

بگرم، بە خۆم دەڵێم بۆچی دڵم لە خۆم دابمێنێت؟. ڤان کوخ تابلۆیەکی خۆی گۆڕییەوە بە یەک نان! دواتر نەک تابلۆکانی یەک نامەی بە هەزاران دۆلار فرۆشرا!. هونەرمەندی شێوەکاری رەوتی دەربڕینگەرایی پۆڵ پۆلۆک ١٩١٢-١٩٥٦ سەرباری ئەوەی هەمیشە مەست بوو، زۆریش هەژارانە ژیا، کەچی هەر یەک تاکە تابلۆی لە ساڵی ٢٠٠٦ بە ١٤٠ ملیۆن دۆلار فرۆشرا!!. مارسیل پرۆست نووسەری درێژترین رۆمان لە مێژوودا (گەڕان بە دوای کاتی لە دەستچوودا)، بە توندترین شێوە دژایەتی دەکرا لەلایەن رۆشنبیرانی سەردەمەکەیەوە، تەنانەت ئەندرێ ژید سەرۆکی دەزگای چاپی (گالیمار) رێگەی چاپکردنی رۆمانەکەی پێنەدا، رەتکردنەوەی چاپی رۆمانەکەی پرۆست بە جارێک و دوو جار نەوەستا، بەڵکو چەندان جاری تریشی بەدوادا هات، تەنانەت تووشی شکست بوو کاتێک ویستی بەش بەش رۆمانەکەی لە رۆژنامەکاندا بڵاوبکاتەوە، هەرچەند جارێکیش بەرتیلی دابوو بە سەرنووسەری رۆژنامەی (ئەلفیگارۆ)، تا دواجار ناچار دەبێت خۆی ئەرکی چاپکردنی لە ئەستۆ بگرێت، هەر دوای چاپی رۆمانەکە و ئەو سەرکەوتنە بێوێنەیەی تۆماری کرد، ئەندرێ ژید نامەیەکی داوای

لێبوردنی بۆ پرۆست نووسی و تێیدا گووتبووی (من بەهەڵەدا چووم و بڕیاری پێشوەختم لە بارەی تۆوە هەبوو). جۆن کەنەدی تول لە بیستەکانی تەمەنیدا هەموو چاپەمەنییەکان بێ ئومێدیان کرد لەوەی رۆمانەکەی بۆ چاپ بکەن کە خۆی پێیوابوو دەبێتە رۆمانی سەدە، ئەم نائومێدییە گەیاندییە بڕیاری خۆکوشتن و لە ساڵی ١٩٦٩ لە ناو ئۆتۆمبیلەکەیدا خۆی خنکاند، بەڵام دایکی لە ساڵی ١٩٨٠ خەونی کوڕەکەی هێنایە دی، رۆمانی (یەکێتی هێڕەکان) چاپکرا و نزیکەی ملیۆن و نیوێک کۆپی لە رۆمانە رەتکراوەکەی فرۆشرا، ئینجا رەخنەگران نەک هەر دانیان پێدانا بەڵکو بە یەکێک لە شاکارەکانی ئەدەبی ئەمەریکی ناوزەدیان کرد. با چیرۆکی هەمەنگوای لەولاوە بوەستێت کە رۆمانی یەکەمی رووبەڕووی شکست بووەوە و ناچاربوو قەرەبووی دارایی زیانەکانی دەزگای چاپەمەنی و وەشانخانەکە بکاتەوە.

ئەگەر ئاوڕێک لە ئارسەر شۆپنهاوەری فەیلەسووفی ئەڵمانیش بدەینە شتێکی خراپ نییە، ئەو کاتێک کتێبە دانسقەکەی (جیهان وەک ویست و وێنا) چاپکرد، رووبەڕووی شکستێکی گەورە بووەوە، لەبەرئەمە کەوتە دڵدانەوەی خۆی: (ئەم کتێبە بۆ مرۆڤایەتی جێدەهێڵم).

هـەرواش بوو نەوەکانی داهاتوو ئەم گەوهەرەیان لە زبڵخانەی مێژوودا دۆزییەوە. هەرچی (هێرمان هێسە)ی نووسەری رۆمانی بەنامیێ (سیدارتا)شە، تەنانەت لە هەفتەی یەکەمی پاش مردنیدا هەفتەنامەیەکی ئەڵمانی (دی تسایت)، نرخی بەرهەمەکانی زەڕبی سفر دەکات و دەنووسێت: (بـەم شتە تەنانەت گوڵدانێکت دەست ناکەوێت). وەک بەکر شوانی بـۆی چـووە ئەگەر ئەو ئیدیۆمە ئەڵمانییە وەربگێڕینە سەر زمانی کوردیی هەمان ئەو شتەیە کە دەگووترێت: (پولێکی قەڵب ناکات), نامەوێت خۆم بـەراوورد بکەم و لە پەنا چیرۆکی ئەوانەوە بڵێم بەهای داهێنەرانەم نابینرێت، بەڵام ناتوانم ئەو هەموو دژایـەتـی و فەرامۆشکردنە هـەروا بە ئاسایی ببینم و لە بەرامبەردا دەقی وەها پێیدا هەڵدەدرێت مەگەر هەر سێرڤانتس بتوانێت وەسپی بکات، کاتێک باس لەو دەقانە دەکـات دۆن کیشۆت دەینووسین: (خـودا ئەرستۆش زیندوو بکاتەوە ناتوانێت لێیان تێبگات). لە (کارلۆس زافـۆن)ەوە فێربووم ناوەندەکانی چاپ و رەخنەگران ئـەو هەستەت بۆ دروســت دەکــەن دەستنووسـەکانت تـووڕ بدەیت، بـەڵام پرسی نووسین جیایە لە کردەی بڵاوکردنەوە، من دەنووسم ئەگەر هیچیش چاپ نەکەم،

وەک لەم بەرهەمەدا نووسینی دوو دەیەی پێشتر دەبینن. بۆ قووتاربوونیش لە مەرج و گیروگازی دەزگاکانی چاپ ناچاربووم خۆم ئەرکی دارایی چاپکردنی بەرهەمەکانم لە ئەستۆ بگرم. وەک چۆن بۆرخیس لە تەمەنی بیست و چوار ساڵیدا (١٩٢٣) بە کۆمەکی دارایی باوکی یەکەمین کۆمەڵە شیعری لە دوو توێی ٦٤ لاپەڕەدا لە ژێر ناونیشانی (ئالوودەبوون بە بۆینس ئایرس) چاپ کرد و بە خۆڕایی دابەشی کرد بەسەر خوێنەراندا، ئەمەش بووە هۆی تەقینەوەی ناوبانگی بەسەرتاسەری ئەرجەنتیندا. لێم روونە زۆربەی دژبەرەکانم چوار دێڕی منیان نەخوێندووەتەوە، بزووێنەرەکەیان گومڕەشی (غیرە) و ئیرەیی بردنە، هەموو ئەوانە دەبینم لە هەر سەرکەوتنێکمدا خەریکە وەک هەنار شەق ببەن، لێ ئەگەر شەهامەتیان هەبێت، دەبێت وەکوو نووسەری یابانی (یۆکیۆ میشیما) لە بەرامبەر وەرگرتنی نۆبڵی ئەدەبیات لەلایەن رۆماننووسی یابانی (کاوایاتا)وە خۆیان بکوژن.

ئەڵمانیا- دارستانەکانی شتاینهاگن

سەرەتای پایزی ٢٠٢٣

هەواڵنامەی کتێب

## ژوانێکی شیرین
## لە شیعرێکی تاڵدا

چەند جوان بوو
تەنیاییەکەمت لە باوەشی خۆتدا
وەک لاپەڕەی وەسیێتی خۆکوژێک
ئەنجن ئەنجن کرد
زمانی بێدەنگیت پژاند
رۆحی دێوانەیەکت
خستە سەما
بە نازێکی ژنانەوە
پەنجەرەی تەڵخی خەیاڵەکانمت
سڕییەوە
شەپۆلە شەرمنەکانت
کەنارەکانی ئارەزووی داپۆشیم
بە مەشخەڵێکی رووناکەوە

هەوارنامەی کتێب

بۆشاییە تاریکەکانت پڕ کردەوە
کە ببوونە چاڵی مەراق
لەنێو بیرکردنەوەما
دەرگای خەونێکت کردەوە
بە بۆنی شیعرێکی خۆم کەوتم
لە ستایشی ئەوینتا نووسیبووم
بە کلیلی ماچەکانت
کێلونی ژەنگگرتووی
ئەو حەزانەت کردەوە
سەدەیەک بوو فەرامۆش کرابوون
چەشنی تاڤگەیەک رژایت
بەسەر ئەو هۆنراوانەی
بە تەنافی چاوەڕوانییەوە
وشک ببوونەوە
بە مقەستێکی سپی
قژی رەشی بێزارییت هەڵپاچیم
ئاوێنەیەکت لە بەرامبەردا راگرتم
تا لە خۆم ورد ببمەوە
زۆر بە ئاستەم خۆم ناسییەوە
خۆ ئەمە ئەو منە شەرمنەی دوێنێ و

کەوانەی کتێب

ئەو خۆمە نائومێدەی پێرێ نییە
منێکی تازەم
هەموو گیانم پێدەکەنێ
سەراپام لە زێی چێژ هەڵکێشراوە
بەسەرمدا دەباریت
چەشنی ئەو بارانە هاوینییەی
لەودیو پەنجەرەی ژوورەکەوە
لێمان دەڕوانی
دەمی دەخستە نێو خۆڵ و
گژوگیاوە
بە کۆڵانە نەناسەکانی
شارێکی خەواڵودا دەتگێڕام
پەنجەی خەیاڵەکانمان
گیتاری ئیرۆسیان دەژەنی
لێویان نابوو
بە شمشاڵی رووتبوونەوەوە
بەسەر باڵی ئەم خەیاڵانەوە
دەهاتین و دەچووین
تا دنیا تاریک داهات
رێی جیابوونەوەمان ون کرد

وەک ئەوەی چارەنووس نووسیبێتی
چەند ساتێکی تر پێکەوە بین
نەکا ئەم ئێوارەیە
هەرگیز دووبارە نەبێتەوە
نەکا دوا گەڵای تەمەنی من
لە داری ژیان بێتەوە
قەڵەمێکی ترت پێدام
بۆ نووسینەوەی ئەو قەسیدانەی
برینەکانی من و
هەڵچوونەکانی تۆ دەلاوێننەوە و
هیچ کات ماندوونابن
لە رنینی ئەو وشانەی
دەتەوێ بیخەمە باوڵی سۆزتەوە
ژوانێکی ترت پێ بەخشیم
گیرفانی هەوەست پڕ کردم
لە نوقڵی راموسان
لە گۆڕی تەنگەبەری خەمۆکی
دەرتهێنام
دەستت گرتم و
بە نیگا پێت گووتم

کتێبخانەی هەواڵنامە

دنیا لە چاوەکانی تۆوە
روون و سەوزترە
ژیان بەو رەنگە ببینە کە هەیە
نەک بەو رەنگەی دەتەوێ
مردنت ناچارکرد
لێم دوور بکەوێتەوە
وەک ئەو ئەسپەی بە غاردان دەڕوا و
لە چاو بزر دەبێ
ژیانت بانگ کرد
لە ماڵە رەنگاورەنگەکەی خۆیدا
هۆدەیەکم بداتێ
هیچ نەبێ چەند ساڵێکی تر
ئۆقرەی تێدا بگرم
لەگەڵ ئەو منە ئاشتت کردمەوە
ساڵانێک بوو
قسەمان پێکەوە نەکردبوو
ئەگەر قسەیەکیشمان کردبێ
بۆ سەرزەنشت بووە
منت گەڕاندەوە بۆ خۆم
خۆمت گەڕاندەوە بۆ من

هەواڵنامەی کتێب

دوگمەی ستیانەکەت
چەشنی مێژوویەکی نوێ
ترازاند
هەموو روانینی منت
لە تەماشادا کەلەپچە کرد
هەموو شیعری منت
لە خۆتدا کورت کردەوە
هەموو ئاگرەکانی منت
لەسەر لەشی خۆت کوژاندەوە
هەموو چاوەڕوانیی منت
بە یەک نەرمە بزە بە پایان گەیاند
هەموو ئاوازەکانی منت
بە گۆرانی عەشق وتەوە
تۆ ئەی ئەو ژنەی
هەموو وجودی خۆمم
لە دوا ژوانتدا جێهێشتووە
ئەگەر هاتو پێت نەگەیشتمەوە
لەگەڵ ئەو یادگارییانە بدوێ
لە من بزربوون و
تۆ دۆزیوونەتەوە

ئەو فرمێسکانە بخوێنەوە
بە میرات بۆم مابوونەوە
تەماشای ئەو وێنانەم بکە
سەیری تۆم تێدا دەکردن و
خەندەیەکیان تێدا جێماوە
بیر لەو کۆتا ژوانە بکەرەوە
ماچەکانت هەزارەها
خانەی مردووی لەشمی
زیندوو کردەوە
بیر لەو چرکە تەڕە بکەرەوە
من نەمامەکانی ئارەزووم دەڕواند
تۆش وەک باخەوانێکی ئالوودە
یەک یەک ئاوت دەدان

٢٠٢١-٨-١٧
نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس

ڕۆژێکی جیاوازە، هەور ئاسمانی داپۆشیوە، بیرکردنەوەی منیش بە یادگارییە نزیکەکانی یار داپۆشراوە. لەنێوان غەریبیکردنی دڵبەر و ئازارە جەستەییەکانمدا، بۆم جیا ناکرێتەوە، ئەو ئازارەی ئێستا هەمە کامیانە؟. هەرچۆنێک بێت بە نووسینی ئەم تێکستە، کۆتاییم بەو

هەستە پەنگخواردووەی تا قورِقورِاگەم هاتبوو هێنا، وەلێ ئەم شیعرە پانۆرامایەکی کورتی فەنتازیکە لەگەڵ دوا ژوانی یاردا، بەڵام ئەم شیعرە بەس نییە بۆ نووسینەوەی هەموو ئەو جوانی و چێژەی لە دوا ژواندا وەرمگرت، دەبێت زیاتر بنووسم، شیعر ئاوا بە هانامەوە دێت، بیر دەکەمەوە خودایە ئەگەر شیعر نەبوایە، من چیم بکردبا؟! چۆن دەمتوانی خۆم و یار بەم فۆرمەی ئێستا بنووسمەوە؟! ماڵت ئاوا ئەی شیعر، زۆر سوپاس ئەی یار. تۆ و شیعر قەرزارتان کردووم.

## پشت لە مەرگ.. روو لە ژنێک

پەنجەکانت باوەشیان کردووە
بە پەنجە بێهێزەکانما
وای دەبینم
باوەشم کردووە بە ژیاندا و
پشتم کردۆتە مەرگ
رووم لە تۆیە
ئەی ئەو ژنەی
کفنی رەشبینیت لەبەر داکەندم
بە ژنێتی خۆت
گەرم گەرم داتپۆشیم
فێرت کردم
چیدی لە ئاوێنە تاریکەکاندا
تەماشای رۆشنایی خۆم نەکەم
ئەو مۆمە سەرگەردانە نەبم
بە کۆڵانی رەشەباکاندا رەت دەبێ

نقومی رووباری یادگارییەکان نەبم
نەکا ببمە تەرمێکی ژێر ئاو کەوتوو
سەر بە ماڵی ئینجانە شکاوەکاندا نەکەم
تا بۆنی گوڵێکی وەریو بکەم
سورەتە بریندارەکان ئەزبەر نەکەم
تا نەکەومە جەهەنمی دڵشکانەوە
ئەی ئەو ژنەی
لە دێڕ بە دێڕی شیعرمدا
بە هێمنی راکشاویت
پیت پیت ئێستات بۆ حنجە کردم
بۆ ئەوەی چیتر
خۆمم لە دڕکەڵانی رابردوودا بیر نەچێ
تخووبی دوێنێ ببڕم و
بە خێرایی بگەمەوە ئەمڕۆ
ئەو ئەمڕۆیەی وەک فەرشی سوور
لەبەر پێی هەستەکانما راتخستووە
قاچەکانت سارێژ کردم
دوای ئەو هەموو هەنگاونانە
بەسەر شووشە شکاوەکانی تەنیاییدا
دەستەکانمت خستە

باخەڵی خولیا ئیرۆسییەکانتەوە
چاوەکانت پڕ کردم
لە کلی رووتبوونەوەی خۆت
دەمت پڕ کردم
لە شیلەی ئەو ماچانەی
مێشکم بە مەحاڵ نووسیبوونی
ئەی ئەو ژنەی
بە پەیژەی عەشق
تا قەفەزەی سینگم سەرکەوتیت
بە پەڕەمووچێکی شەونماویی
پۆرترێتت کێشام و
بە دیواری پێکەنینەوە هەڵتواسی
جارێکی تر
لە قوڕی ئارەزوو
دروستت کردمەوە و
رۆحێکی شەپۆلاویت خستە لاشەمەوە
گەڵای حەزە بابردووەکانت
یەک یەک کۆکردەوە
کردت بە فەروەیەک پڕ بە بەرم
لەو رۆژەشەوە

سەوز سەوز دەچمەوە
کتێبی ژیانت کردەوە
منت لە ژێر نینۆکی مردن دەرهێنا
ئەی ئەو ژنەی
لە یەکەم نیگادا
کەوتیتە زەریای ئەوینمەوە
شەوە هەژارەکانت
سەراوڕێژ کردم لە خەونی زەنگین
ژوورە تەریکەکەمت
تەژی کرد لە حکایەتی هەڵچوو و
شیعری دەم بە هاوار
گۆزەی خەیاڵەکانت
لێوانلێو کردم لە ئاوی لەشت
هەڵمی سەر پەنجەرەکانی روانینت
بۆ سڕیمەوە
تا روونتر زەردەخەنەی ژیان و
مڕومۆچی دەموچاوی مەرگ ببینم
چاوێکی ترت پێبەخشیم
بۆ بینینە پێچەوانەکان
کە تا ئەو ساتەش

تەنیا تابلۆی پایزم بینیبوو
چۆن هەڵدەکوتێتە سەر دارستان و
رووتی دەکاتەوە
نەپەرژابوومە سەر تەماشای دیمەنی بەهار
کە بە گرمە گرم
ملپێچی سەوز دەکاتەوە ملی درەخت
تۆ ئەی ئەو ژنەی
لە سەرەتای گەنجییمەوە
وەک کانییەکی شەکەت
هاتیتە خەونە تینووەکانمەوە
بارانێکی شەرمن بوویت
دەستت کردبووە
ملی شۆڕەبی قەسیدەیەکم
قەسیدەی خوساویش
پەل بۆ گشت رەهەندەکانی لەززەت دەهاوێ و
لە خۆیدا قەدیان دەکا
موورو موورو
ملوانکەی پچڕاوی تەمەنت
بە نێو دەزووی نزاکانتا راکێشا و
کردتە ملی چارەنووسمەوە

لەسەر بەرماڵی شیعرەکانم
نوێژی عەشق دەکەی
تەزبیحاتی ڕامووسانت
بڕانەوەی بۆ نییە
لێفەی تیشک دەدەیت
بەسەر شەوە نووتەکەکانمدا
ئەستێرە بێنازەکانیشم
لە ئاسمانی تۆدا دەکەونە سەما
گۆرانی بۆ دواهەمین عەشق و
یەکەمین لە ئامێزگرتن دەڵێن
تۆ ئەی ئەو ژنەی
پشکۆی ئارەزووەکانم دەژەنی و
لە بێماناییەکانم
مانا هەڵدەهێنجیت
لە بێدەنگییەکانم هاوار هەڵدەستێنی
لە هێمنییەکەم
بێ ئۆقرەیی دەخوڵقێنی
تەڕ تەڕت کردم
بەو فرمێسکانەی لە دووریدا وەراندت
دوور دوور بردمت

به ناو جوگرافیاکانی جەستەتدا
نزیک نزیک بوویت
ئەو کاتەی روانینەکانت
لە چاوە زمروودییەکانما مەلەیان دەکرد
تۆ ئەی ئەو ژنەی
جوانیت لە ئەندێشەما بۆ ئەبەد جێماوە
ئەی ئەو شەهێنەی
کەروێشکی دڵمت راو کرد
تۆ ئەی ئەو پێنووسەی
هەستی کاڵبووەوەی منت تۆخ کردەوە
تۆ ئەی ئەو فریشتەیەی
جەنازەکەمت گەڕاندەوە بۆ نێو ژیان
نازانم لە چ قامووسێک
واتایەکی سەرتر بدزم
لە وشەی خۆشم ئەوێی
بەڵام تا دۆزینەوەی وشەیەکی تر
پڕ بە گەرووم هاوار دەکەم
خۆشم ئەوێی

٢٠٢١-٩-٢٣
ئەڵمانیا- کۆیلن

## سکێجی خەونەکانم

زۆرتر لە خەونێک دەچی
سەدان ساڵ و
هەزارەها گرتەی فیلمی ژیان
لە چەند چرکەیەکدا
کورت دەکەیتەوە
زیاتر لە خەونێک دەچی
ڕەچاوی یاساکانی سرووشت ناکەی
بە بەرچاوی هەتاوەوە
کلو کلو دەبارێی
زۆرتر لە خەونێک دەچی
بەلەمێکی باڵداری
بە دەریای ئاسماندا باڵەفڕەتە و
لە هیچ کوێ لەنگەر ناگری
زیاتر لە خەونێک دەچی

هەموو رووداوەکانت
لەو دیو پێڵوەکانمەوە روودەدەن
لە مێشکی جەنجاڵی مندا
بارگەی ئەبەدیی دەخەن
زۆرتر لە خەونێک دەچی
لە گۆمی چاوەکانتا
ماسییە سەرگەردانەکان
هاتوچۆیانە
منیش خۆم فڕێداوەتە ناوی
بێ ئەوەی مەلە بزانم
ناخنکێم!!
زیاتر لە خەونێک دەچی
دەست بەسەر دڵما دەهێنیت
دەبێت بە پەپوولە
دەست بەسەر ئازارەکانما دەهێنیت
دەبن بە چەپکێک گوڵ
زۆرتر لە خەونێک دەچی
لە ژێر رەشماڵی هەوردا
بە پێنووسی برووسکە
نامەیەک دەنووسی و

بە تەتەرە بارانێکدا دەینێری
لە گیرفانی مندا
وەک تنۆکێک فرمێسک
وشک دەبێتەوە
زیاتر لە خەونێک دەچی
رووبارێک پێکەنینت داوە بە شانتدا
هەڵیدەڕێژیتە دۆڵەکانی گریانەوە
کێوی جوانیت لە کۆڵ ناوە
بەرەو مەملەکەتی من دەیگوازیتەوە
بە ناو دەماری ئەو شیعرانەدا هەڵدەگەڕێی
کێش و سەروایان
بۆنی بیماریی منیان لێوە دێ
زۆرتر لە خەونێک دەچوویت
ژنێکیت کتومت لە خۆت دەچی
شاڵی میهرەبانیی لە ملتا و
کراسی عاتیفەت لەبەردایە
منیش هیچ لە خۆم ناچم
رەنگم بزرکاوە و
دەنگم تۆنی هەورە گرمەی گرتووە
شوێنی هەر برینێکت

ماچ کردم
بوو بە پەلکەزێڕینە
پەنجەت خستە سەر
هەر غەمێکی ئاوساوم
بوو بە هەڵم
زیاتر لە خەونێک دەچی
ئەستێرەیەک لە مشتتدا ئەدرەوشێتەوە
دەیدەیت لە چاکەتی دڕاوی دیوانێکم
چیمەنێکی وەک فەرش راخراویت
لە حەوتەمین چینی تەنهاییەوە
دەکەومەوە خوارەوە
بۆ ناو ئامێزی سەوزت
زۆرتر لە خەونێک دەچی
حەسرەتەکانم دەخەیتە
نامەیەکی پڕ گلەییەوە و
ئەینێری بۆ ماڵی یەزدان
بە کامێرای هەنووکە
وێنەیەکی ئایندەم دەگریت
دەستم لە ملی خەونەکانمدایە
تۆش دەستت

لە ملی خۆرەتاوی ئەڤیندا
تۆ زیاتر لە خەونێک دەچی
لە نێو خەونە قووڵەکانی مندا

٢-١١-٢٠٢١
ئەڵمانیا- بیلەفێلد
نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس

## منت لە کوێ دۆزییەوە؟

مردنت
لە قامووسی شیعرەکانما سڕییەوە
فێرت کردم
ئەو مەرگە فەرامۆش بکەم
لەودیو ژیانەوە
خۆی مەڵاس داوە
سەرقاڵت کردم بە رستەیەکەوە
لە فەرهەنگی عەشقدا نەبێ
شرۆڤە نەکرێ
دەستت گرتمەوە بۆ لای خۆم
کە دەمێک بوو لێی دڕدۆنگ بووم
دەمت پڕ کردم
لە نوقڵی ترش و شیرینی ئومێد
کە لە مێژبوو
لە گیرفانی دڕاوی منداڵیم

کەوتبووە خوارەوە
پاندانێکی تریفەییت پێ بەخشیم
خۆمی پێ بنووسمەوە و
لە منداڵدانی هەر دێڕێکیشدا
لە دایک ببمەوە
بە تەهلیلەی ژیانەوە
لە ئانی بوڵێڵدا هاتیت و
نەتهێشت بە گۆچانی پیرییەوە
بگەڕێمەوە شانشینی شیعرە لاوەکان
لە سواری ئەو ماینەی
رووەو عەدەم غاری دەدا
داتدەگرتمە خوارێ و
پێت گوتم ئەم قسەیە تەرک بکە:
لە دوورەوە دەنگی شادیی دێ
لە نزیکیشەوە سەدای ژان و پەژارە
وتت لە دوور و نزیکەوە
ئینجانەکانی ئەوینی من هەیە
یەک یەک
بە بارانی قەسیدە ئاویان بدە
لە شیوی تەنهایی دەرتهێنام
بە هەورازەکانی ژواندا هەڵتگێڕام

منیش لەسەر بەرزترین لووتکەوە
وەک ئەوەی خۆم هەڵبدەمە
چەمی نەمرییەوە
خۆم هەڵدایە ئامێزی ئارەزووە
هەمیشە داگیرساوەکانتەوە
وەسوەسەی خۆکوشتنت
وەک شووشەی پەنجەرەیەکی تەمگرتوو
بە پارچە قوماشی یەک زەردەخەنە
لە مێشکمدا سڕییەوە
وات لێکردم چیتر نەتوانم بڵێم:
بێ هیوایی تاکە هیوامانە
تۆ نەبوویتایە
لە بێمانایی ئەو شیعرانە نەدەگەیشتم
بە پێنووسی رەشبینی دەمنووسین
لە تۆوە فێربووم
ناتوانین لە کاسەی دوێنێ
ئاو بخۆینەوە
ناکرێ سبەینێش
لە گۆزەی ئەمڕۆ شەراب فەڕ بکەین
لە تۆوە فێربووم
ژیان ئەو پێکە شیرینەیە

ئێستا دەینۆشین
گەر تۆ نەبوویتایە
ئەستێرەش بوومایە
تاڵێک تیشکم لێ نەدەبووەوە
کەشتییەکەی نوح بوومایە
کەسم پێ رزگار نەدەکرا
ئاسمان بوومایە
هەور سڵاوی لێ نەدەکردم
هەتاو بوومایە
گوڵەبەڕۆژەکان روویان لێ وەردەگێڕام
خەون بوومایە
کەس نەیدەبینم
شادیی بوومایە
لە هیچ دڵێکدا نیشتەجێ نەدەبووم
پێکەنین بوومایە
بە هیچ دەمولێوێکەوە نەدەگیرسامەوە
منداڵ بوومایە
ریشم چەرمۆ دەبوو
بەفر بوومایە
رەش دادەگەڕام
من ئێستاش

سەر لە ئەفسوونی تۆ دەرناکەم!
لە کام دەربەندی رووناکەوە هاتیت
بەرەو کەنداوە تاریکەکانی من؟
لە کام رۆژهەڵاتەوە هاتیت
رووەو شەقامی رۆژئاوای من؟
لە کام ئاسمانەوە
وەک دڵۆپێک ئاونگ
بەسەر گەڵای تەمەنما باریت؟
هەرچۆنێک هاتبیت
هەر چۆنێک باری بیت
تۆ شادەماری خوێنی شیعری منی
تۆ زیندانییەکی هەتاهەتایی
لای چەپی سینگی منی
تۆ ئەو مەلە سرکەیت
بەردەوام بەدواتدا رادەکەم و
دەمەوێت بە گوێی دڵتدا بچرپێنم
خۆشم ئەوێی
خ ۆ ش م د ە و ێ ی

٢٠٢١-١٢-٢٧
رۆژی دووشەمە.. کاتژمێر ١٨:٣٠
نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس

## وشەکانم بەرەو لای تۆ دەفڕن

لەسەر بەرگی زەرفەکە نووسیوومە
ئەم نامەیە مەکەرەوە
ئەگەر کردتەوە و
دەستوخەتی ژانەکانمت
پێ خوێندرایەوە
ئەبڵەق مەبە
گەر قەسیدەیەکی کۆنم
بە فۆنتێکی تازە نووسیبێتەوە
لە دێڕی یەکەمدا
شاعیرێکی ورە رووخاو پێت بڵێ
پێش ئەوەی تەمەنم
لەسەر پشتی ئەسپی ژیان
بکەوێتە خوارەوە
زەمەنم شەوی بەسەردا بێ
دەستەکانم ببنە

دوو راستەهێڵی رزیو
دوا گەڵا
بە لقی پێکەنینمەوە بوەرێ
دوا سەرنج
لە روانینما بکوژێتەوە
کۆتا تیشک
کفنی تاریکیی لەبەر بکا
تۆ خۆت و تەنیایی وەرن
من و ماچ ببەنەوە
بەر لەوەی بگەڕێمەوە
ئاسمانە تەمومژاوییەکەی نەبوون
کپیی بڕژێتە رۆحمەوە
ژیان پەنجەرەکانی خۆیم
لێ دابخا
شەپۆلی بێهوودەیی بمبا و
بە خنکاویی لە کەناری شیعرێکدا
بدۆزرێمەوە
هزرم ئولفەت
بە چێژی خۆکوشتنەوە بگرێ
قامووسی بیرکردنەوەم

تەژی بێت لە گوومان
خۆت و نیانییەکەت وەرن
چەشنی دڵۆپێک شەونم
بەسەر گیای سینگما داچۆڕێن
پێش ئەوەی عودی خەیاڵم
نائومێدیی بیژەنێ و
ئەستێرەی پێ بخاتە گریان
باخچەی چاوەڕوانیم
ببێتە مەیتخانەی خۆزگەکانم
بەلای زستاندا تێپەڕم
وشە گەرمەکانم ببەستێ
بەناو خۆمدا گوزەر بکەم
خۆمی پێشترم پێ نەدۆزرێتەوە
کەرەمی هاتنێک بکە
لەسەر دەفتەری رەمەکەکانم
وەک شیعرێکی مەکرباز رابکشێ
بەرلەوەی ببمەوە
بە منداڵە چەتوونەکە و
بە دارلاستیکی فرمێسک
گڵۆپەکانی ژیان وردوخاش بکەم

برینەکانم سەرلەنوێ
هەموو سپێدەیەک
بەیانی باشم لێ بکەن
دێوی ئازار قاچم پیابنێ و
لە ژێر پێیدا بفلیقێمەوە
لەشی لاپەڕە سپییەکان
بە مەراق رەش بکەمەوە
لە پێچی غەمێکدا ون ببم
بە هەزار سۆراغ نەدۆزرێمەوە
فەنەری حەسرەت
سێوی رووخسارم هەلاهەلا بکا
نیگا غەمبارەکانم
لە چاوی مەرگدا جێبهێڵم
تۆ لەگەڵ خۆتدا وەرە
سەهۆڵبەندانی رۆحم
بە گڕی یەک هەناسە بتووێنەوە
پێش ئەوەی بچمە
کەوڵی پیاوێکی بێدەنگەوە
یان بچمەوە ناوەوەی خۆم و
دەرگای دڵم دابخەم

لە دەلاقەی عەقڵەوە
بڕوانمە دەرەوە
نامەکانم بسپێرم
بە زەمەنێکی لاڵ
تەرمە بۆگەنکردووەکەشم
بە گۆڕستانی بیرچوونەوە
فەرهەنگ پێچەوانە بکەمەوە
شکستەکانم
بە سەرکەوتن بنووسمەوە
کتێبی خەون
هەنجن هەنجن بکەم
تۆ و سەرکێشییەکانت
پێکەوە وەرن
لەسەر گوومەزی دڵم
بۆ ئەبەد بنیشنەوە

٢٠٢٢-١-٢١
رۆژێکی تەزیوی باکووری زەوی
فرانسیسکۆس هۆسپیتەڵ

## دیستۆپیا

چەند ژاکاوین
چەشنی ئەو گوڵەی
رەشەبا پەلاماری داوە
یان ئەو زەردەخەنەیەی
کەوتبێتە دەریایەک ئەسرینەوە
یاخۆ ئەو باڵندەیەی
لە ئاسمانەوە فڕێدرابێتە
سەر کێڵگەکانی چەقۆ
چەند بەدبەختین
ختووکەی بن پێی یادەوەریی دەدەین
گریان فیچقە دەکات
چەند سافیلکە بووین
کاتێک دەمانووت

لێگەڕێن با رابردوو لەناو بچێ
ئاینده باڵەکانی بکاتەوه
چەند بێهوودانە رێگا دەبڕین
هەتا بۆپێشەوە هەنگاو بنێین
زیاتر دوا دەکەوین
تا بە قادرمەکانی ئایندەدا سەربکەوین
زووتر دەکەوینە
گەدەی ئەژدیهای رابردووەوە
ئای چەند بێ چارەین
دوای ئەو هەموو کەتنە
باپیرە شەمپانزییەکانمان
وەرماننناگرنەوە
چەند مەستانە
دڵمان بە دنیایەک خۆشکردووە
لە دۆزەخێک زیاتر نییە و
هەرکەسەو بە جۆرێک
کەوتووەتە ناویەوە
چەند سەرلێشێواوانە
لە زەریای سەرابدا
سەوڵ لێ ئەدەین

چەند جوانە ئەو خنکانەمان
لە بۆتەی خەیاڵدا
چەند دزێوە ئەو ژیانەمان
لە ئامێزی واقیعدا
ئێمە ئیدی
کۆمەڵێ مردووی زار بە هاوار و
زیندووی دەمبەستراوین
ئێمە ئەو بوونەوەرانەین
دراو تەڵخ تەڵخی کردووین
تازە گشت رووناکاییەکانی دنیا
ناتوانن پەڵە تاریکەکانی رۆحمان بسڕننەوە
وای لەو بینابیە تاریکەمان
دەڵێی لە خومخانەی ماتەمدا
هەزاران جار تەعمید کراوە
ئاژەڵانێکی چەند بێ دەسەڵاتین
هەر لە بێشکەدا
رۆژگار بەفری بەسەر پرچماندا باراند
شەویشی خستە ناخمانەوە
چەند دەستەوەستانین
لە دەریایەکی مردوو

لە کپی دوای مەرگ
لە ئارامی پێش گەردەلوول
لە بێدەنگی پاش نیوەشەو دەچین
ئێمە ئەو مرۆڤە پۆست مودێرنەین
ڤێرژنێکی ئەوەندە تازەین
«سەر»مان بۆ دانەنراوە
زۆریش خۆشحاڵین بەوەی
سەری تایبەت بە خۆمان نییە
بە سەرێکی تر خەون دەبینین
چ زەمەنێکی تاڵە
بەنداوی ئافات تەقیوە
سێڵاوی ڤایرۆس
وەک لەشکری یاجوج و ماجوج
لە هەر چوار لاوە پەلامار دەدا
هەرچی لە ژیاندا کۆمانکردووەتەوە
بلیتێکی دەربازبوونی پێ ناکڕدرێ
هەواش هەر دەڵێی تێزابە
ناخمان پڕ دەکات لە برین
ڕۆژەکانمان هێندە لێڵن
دەڵێی خۆڵەمێش بەسەریاندا باریوە

شەوەکانیشمان هێندە غەمگینن
لەوە دەچێ مەحوی بەسەریاندا گریا بێ
ئێمە بە خاچی دنیایەکەوە هەڵواسراوین
زیاد لە خۆی
گەشبینی خواردووەتەوە
زیاد لە پێویستیش
رەشایی هەڵدەهێنێتەوە
هەمووان بیرمان چوو بوو
خۆشبەختی گۆزەیەک بوو
بەسەرشانی کچێکەوە
لە مێژە لە ڕێگای کانی شکاوە
چەند هێڕین
چاوەڕوانی شتێک دەکەین
دەمێکە مردووە
هێشتاش لەوە تێناگەین
مێژوو بە زمانی خوێن دەدوێ
ئایندەش بە زامەوە دێتە گۆ
هێشتا خۆمان فریو دەدەین
بە هیوایەکی تۆپیو
خۆمان دەخەڵەتێنین

ژەهری ئومێد
دەخەینە پیاڵەی مێشکمانەوە
ناخوازین فام بکەینەوە
گەشبینی نوشتەیەکی کۆن بوو
بە ناوچەوانی مێژووەوە و
نەگەیشتە رۆژگاری ئێمە
ئێستاش لەوە حاڵی نەبووین
جیهان لە شێوەی مارێکدا پێدەکەنێت و
لە هەزار لاوە پێوەی داوین
چەند رەنج بەخەسارین
ئاوێنەی هەموو دیستۆپیاکان
بە ئاوریشمی پێکەنین دەسڕینەوە
رووی تفەنگەکانمان دەکەینە غەمگینی
بەو گولله پلاستیکیانە
تیتانی مەراقمان پێ ناکوژرێ
هێندە بێ باوەڕین
قەناعەت بەوە ناکەین
سەرگەردانی ئەسپێکی ماندووە
لە پەنا حەوزی دڵماندا
خەوی لێکەوتووە

خوێن تاڵانە
دوای کۆلارەی «با»بردووی
خەیاڵێکی قەقنەسی کەوتووین
ئێمە مەحکومی چاخێکین
بلوێری ئەوین دەنگی نووساوە
شەیپوری جەنگ
میلۆدی خوێن دەژەنێ
ناچارکراوین
باز بەسەر تەرمەکاندا بدەین و
بە تۆنێکی گڕ بڵێین
ئاشتی فیلمێکی ترسناکە
ئازایەتییمان نییە تەماشای بکەین
ئێمە منداڵە بزربووەکانی ژیانین
ئەو ژیانە کەڕ و لاڵەی
گوێی لە گۆرانییە شادەکانمان نییە
زەق زەق
سەیری فرمێسکەکانمان دەکات
ئەو ژیانەی بە تاڵییەکانی خۆی
یەک یەک زیندەبەچاڵی کردین و
رووت و قووتی کردووینەتەوە

تەنیا قەباغەکەمان ماوەتەوە
هەموو شتێک لە ناوەوەماندا
مردار بووەتەوە
خۆشمان بکوژین
بە تەنها بۆدییەکەمان لەناو دەبەین
ئای خودایە
چۆن جیهان
لە دەستاڕی خۆیدا دەمانهاڕێ؟
هیچ ڕێگەیەکمان نییە
بۆ قووتار بوون لێی
مەگەر بە لەناوبردنی
تۆڵەی لێ بکەینەوە

٢٠-٣-٢٠٢٢
ڕۆژی نەورۆز
نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس

تێبینی: ئـەم شیعرە رەنـگدانـەوەی ئـەو دۆخـە تـاڵ و دژوارەیە بەسەر دنیادا سەپاوە، لەلایەک کۆرۆنا ڤیرۆس لە سێهەم ساڵی تەمەنیدا هێشتا مەترسییە، لەلاکەی تر جەنگی رووس و ئۆکراین ئەوەی بیرهێناینەوە جەنگ رووداوێک نییە لە رابردوودا مابێتەوە، بەڵکو لەگەڵ خۆماندا هێناومانە بۆ ئێستا و بۆ ئایندەشی دەبەین، ئێمە لە واقیعێکی لەوە تاڵتردا دەژین، ئەدەبی دیستۆپی پەی پێ دەبرد، هیچ ئاسۆیەکی شۆڕشگێڕانەش لە ئارادا نییە، لێ دەزانم خۆکوشتن رێگاچارە نییە، بەڵام لێرە خۆکوشتن فیزیکاڵ نییە، بەڵکو کەوڵ گۆڕینی ئێمەش دەگرێتەوە بەرەو کەوڵێکی تری بەرەنگار و رادیکاڵ.

## لەگەڵ هەر ژوانێکدا لە دایک دەبمەوە

من پاڵەوانێکم
لە بەرگی یەکەمی کتێبی تەنیاییدا کوژرام و
لە بەرگی دووەمی ژوانی تۆدا
زیندوو بوومەوە
ئەوەندە بە ئەوینی تۆوە مەستم
دەمەوێ لە چوارینەیەکی (خەیام)دا
سەرخەوێک بشکێنم
پێش ژوان
باڵندەیەکی دەندوک بەستراو بووم
هەنووکە، مێژووی ماچ
دیرۆکی لێکئاڵان
هەقیقەتی عیشق
بە درێژیی دەگێڕمەوە
ئەمێستا کە

بە کۆڵانە دێرینەکانی هەڵوەریندا رەت دەبم
دڵم پڕە لە خۆشنودی
کە بە کوچە کۆنەکانی غەمگینیدا تێدەپەڕم
رۆحم پڕە لە لاوک
پڕە لە خەونی ئاڵ
تەژی لە شادییەک
لە هیچ شوێنێک جێی نابێتەوە
جگە لە پانتایی دڵی من
هەر وەک ئەوەی
لە ئاسمانی کتێبەکانەوە رژابمە
ناو بۆنخۆشترین قەسیدەوە
دەمێک بوو دەمزانی
تۆ لە یەکەم لاپەڕەدا
هەستی منت خوێندووەتەوە
کەچی پێموابوو
لە دوا لاپەڕەی تەمەندا پێمدەڵێی
خۆشم ئەوێی
ئای لە ژوان
چۆن کودەتای بەسەر بیرکردنەوەکەما کرد؟

لە رۆشنە پێکهاتنێکدا
رستە بە رستە
شیعرەکانم هەڵوەرین
پیت بە پیت
بە چاومدا هاتنە خوارەوە
ئەوسا مەتەڵەکەم هەڵهێنا
بۆچی نەریتی (نیچە)یی (١)
بەسەرمدا زاڵ بوو
هەمیشە دوورەکانم خۆشدەویست؟!
ئەی نزیکترین دوور
ئەی دوورترین نزیک
بیرتە پێموتی
لەو مێژوونووسانە نیم
چیرۆکی رژانی دوێنێ بنووسمەوە؟
نا، نەخێر
حکایەتی ژوانی سبەینێ دەگێڕمەوە
زەمەنی ئەوین درێژ دەکەمەوە
بیرتە پێم دەوتی
لەگەڵ هەر ژوانێکدا لە دایک دەبمەوە

فرمێسکە سوێرەکانم شیرین دەبن
گۆرانییە گرینۆکەکانم
دەکەونە پێکەنین و
کانییە خنکاوەکەی سۆزم
بە چەخماخەی یەکەم نیگات
سەرلەنوێ دەژێتەوە
رۆژە ئاسوودەکانم
کە لەگەڵ سەماوەرەکەی داپیرەمدا کوژانەوە
دادەگیرسێنەوە؟
سەرم لەو ئەفسوونە دەرناچێت
تۆ لە باخچە سپییەکانەوە
چۆن منت لە رەشترین
دێڕی کتێبێکی قەترانیدا بینی؟
ئاخر من پیاوێکی سەدەی هەژدەم
بە هەڵە کەوتوومەتە سەدەی بیست و یەکەوە
رۆحم لای (نۆڤالیس) جێماوە و (٢)
کەوڵەکەشم لێرە
تۆ چۆن
ئەم دەروێشەی خانەقای دڵت دۆزییەوە

کە عەقڵی وەک بەرمیلێک
لە ژێرەوە کون بووە
دڵۆپ دڵۆپ شێتیی لێ دەڕژێ؟
تۆ چۆن ژیانی ئازاراوی پیاوێکت هەڵبژارد
هێشتاش نازانێت
چەند دنیا هەیە
تەنیا ئەوەندە لە خۆی حاڵییە
ئازارێکی هەیە لە دنیادا
دنیایەکی هەیە لە ژان؟
لەگەڵ ئەوەشدا دڵێکی هەیە
ڕۆشنتر لە تیشک
لێوێکی هەیە بۆ ماچ
تەڕتر لە لێوی ڕووبار
بیرۆکەیەکی هەیە بۆ ئاوێتەبوون
بەرزتر لە قەڵافەتی گەردوون
ڕۆحێکی پیری دنیادیدەی هەیە
گەنجتر لە تەمەنی ئەو پەروانەیەی
باڵی لە شمشێری مۆم دەسووێ
خەونێکی گەورەی هەیە

ناچێتەوە سەر رەگەزی خەونە باوەکان
یان ئەو خەونە کاغەزاییانەی
نە بەرگەی نەرمیی ئاو دەگرن و
نە خۆیان لەبەردەم گڕدا رادەگرن
بیرت ماوە پێم دەوتی
کەوچکێک میهری تۆ
بەشی هەزاران رۆژی ژیانم دەکا
باوەشێکی توندی تۆ
لە بری ئەوەی کۆتم بکا
شەپۆلم پێدەدا
ئامێزێکی پڕ چێژی تۆ
شەهوەتم دەکوژێ و
پتر عاشقم دەکات
رووتبوونەوەی تۆ
لە ژێر گەڵای خۆشەویستیدا دامدەپۆشێت؟
ئازیزم بۆیە
هەمیشە لە بانیژەی چاوەڕوانیدا وەستاوم
تا بە ژوانەکانی تر
گۆزەی چێژ پڕ بکەین

لە باراناوی ماچ
لە لەززەتی دیدار
لە تامی پێکگەیشتن و
بۆنی لەشمان
ئەزانی من هەردەم چاوەڕێم!؟

٣-٤-٢٠٢٢
ڕۆژی یەکشەمە
ئەڵمانیا- بیلەفێلد
شیعرێک لە دەرەوەی نەخۆشخانە

١-ئاماژەیە بە دیدی فەیلەسووفی ئەڵمانی فریدریش نیچە ١٨٤٤-١٩٠٠.

٢-نۆڤالیس، فەیلەسووف و شاعیرێکی ڕۆمانتیکیی ئەڵمانییە و ٢٩ ساڵ ژیاوە ١٧٧٢-١٨٠١.

## له ئاوێنەی تۆوه خۆم دەبینم

گەر تۆ نەبوویتایە
من حکایەتێکی ترم دەبوو
ناوم له کتێبێکی دیکەدا تۆمار دەکرا
زەینم، دەبوو
به ئاسمانێکی بێ وشه و
شیعر باڵەفڕێی تێدا نەدەکرد
سەرم سندووقێکی بەتاڵ دەبوو
جێگەی خەونێکی تێدا نەدەبووەوه
ئەم جەسته کۆن و رزیوەم
له گیانێکی تازەدا نەدەشنایەوه
ماندوێتی غوربەتم
لەسەر بەڕەی نیشتمان دەرنەدەچوو
ئەو هەموو رۆشنایيه
له ئەشکەوتی نووتەکی خەیاڵمەوه

هورووژمی نەدەهێنا
لە ناکاو ئەو هەموو گوولاوەی ئەوینم
بەسەردا نەدەڕژا
وەک ئەو منالّە بزربووەی
لە حەشاماتێکدا دایکی ئەدۆزێتەوە
کتوپڕ بەختی تاریکم هەڵنەدەگەڕایەوە
چەشنی ئەو بەلەمانەی
لە چۆمدا ژێرەوژوور دەبن
رستەیەکی ئەوەندە تێکەڵ و پێکەڵ دەبووم
کەس بە حونجەش
منی پێ نەدەخوێندرایەوە
شەقامێکی هێندە چۆڵ دەبووم
وەک بزنەڕێیەکی وێران فەرامۆش دەکرام
ئەو دەمەشی مەرگ خێسەی لێدەکردم
کەس باڵی رانەدەکێشام
بۆ ژێر کەپری ژیان
ئەگەر تۆ نەبوویتایە
یادگەم، دەبوو
بە حەشارگەی خەمۆکیی
پڕ پڕ دەبووم لە دووکەڵی دڵتەنگی و

وێنەکەشم خاڵی خاڵی دەبوو لە خۆم
پەروانەیەکی سەرلێشێواو دەبووم
مۆمێکم نەدەبوو
بە دەوری گڕی زەردیدا تەواف بکەم و
چێژ لە سەماکردن وەربگرم
رێبوارێکی رێ لێ ون بوو دەبووم
بە تولە رێگاکانی شکستدا تێدەپەڕیم
تا دەکەوتمە
ژێر هەرەسی تەنهاییەکی ئەبەدیی
هەوەسە سەرکووتکراوەکانم
قاپێک نەوتیان بە خۆیاندا دەکرد
بە دەنکێک شقارتەی خوێن تاڵ
گڕیان لە جەستەیان بەردەدا
منیش هەر ئەوەندەم پێ دەکرا
تەماشای لاشەی هەڵقرچاویان بکەم و
سەرزەنشتی سەرنەویشت بکەم
هێندە بێ چارە دەبووم
هەوڵمدەدا خۆم
بە گوریسی بزربوونەوە هەڵواسم
بۆنی تەرمەکەم و

هاڵاوی دەمی شیعرە گریاوەکانم
تێکەڵ دەبوون
ئەو ئاگرە هەڵنەدەگیرسا
تۆ هەڵتکرد و
منیش نامەوێت بکوژێتەوە
ئەگەر تۆ نەبوویتایە
مەشخەڵی هەزار شیعرم
هەڵکردایە
بە یەک فوو دەکوژایەوە
هەزاران خەونم بدیبا
بۆ یەک جاریش
نەشئەی ماچێک مەستی نەدەکردم
سەدان گۆرانیم بگووتبا
یەک کەس گوێی لێ نەدەگرت
هەزاران نامەشم بنووسیبا
کەس نەبوو بۆی بنێرم
هەزاران چاوم هەبووایە
کەسم پێ نەدەبینی
هەزاران لێوم هەبووایە
کەس نەبوو رایمووسێنم

هەزاران جار باران بباریبا
دڵۆپێکم بەر نەدەکەوت
هەزاران باخچەم هەبووایە
هەڵاڵەی ئومێد تیایاندا
شکۆفەی نەدەکرد
سەدان شۆڕشم بەرپاکردبا
خەونێکم بەدینەدەهات
ئەگەر تۆ نەبوویتایە
ژیانم چاکەتێک دەبوو لە چەقۆ
پێش هەر شتێک
رۆحی شەقار شەقار دەکردم
دڵێک نەدەبوو، بیکەمە ماڵ
کۆڵەپشتی چەندان ساڵ
ئاوارەییمی لێ دانێم
کەسێک نەدەبوو
نەمامی خۆشەویستی
لە دەشتی بەپیتی دڵما بڕوێنێ
ژنێکی تر پەیدا نەدەبوو
لەو ئانەی لە شەودا نغرۆ ببووم
لە ئاسمانی نووتەکی مندا

مینا ئەستێرەیەک
دەمێک دوور دوور
دەمێکی تر، نزیک نزیک
بەسەر سەرمەوە بدرەوشێتەوە

رۆژی یەکشەمە، ١٤-٨-٢٠٢٢
ئەڵمانیا- بیلەفێلد
نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس

## چەخماخەی شۆڕش

**بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان**

له رۆژهەڵات دەگەڕێم
لەو رۆژهەڵاتەی له ناو رۆشنایی خۆیدا و
لەگەڵ یەکەم تروسکەی ئازادییدا
دەیدۆزمەوە
هۆ رۆژهەڵاتی برینه دێرینەکان
ئەی بەلەمی نێو ئۆقیانووسی ئەسرین
هۆ رۆژهەڵاتی راپسکاوی
سەر نەخشەی ستەم
ئەی رۆژهەڵاتی یەکەمین کۆمار
هۆ رۆژهەڵاتی تینوو
بۆ قومێ ئاوی سەربەستی
ئەی رۆژهەڵاتی خنکێنراو
به عەمامەی رەشی زەمەنی بەسەرچوو

هۆ ڕۆژهەڵاتی گۆرانییە تازەکان
گۆرانییەکی تیژ وەک خەنجەر
لە جەرگی مێژووی تاریک دەچەقێ
گۆرانییەکی تر وەک گۆزەی مانگەشەو
پڕ لە تیشک
کە تریفەی ئومێدی لێ دەڕژێ
دوا گۆرانیش بۆ ئەو ڕۆشناییەی
وا لە ڕۆژهەڵاتەوە هەڵدێتەوە
هۆ ڕۆژهەڵاتی شەڵاڵ لە خەون
هەرچی خەونەکانی گەیشتنەوەیە
بە نیشتمان
بە دڵی تۆدا تێدەپەڕن
هەرچی کەشتییەکانی ئازادییە
لە کەناری تۆدا لەنگەر دەگرن
هەرچی خەونەکانی رابردووە
لە ئایندەی تۆدا سەر دەرهێننەوە
هۆ ڕۆژهەڵاتی ڕۆح داگیرساو
ئەی چرای میللەتێکی شەوارە کەوتوو
ئەوە تۆیت

لە زەمەنی بڕینی زمانی خۆرەتاودا
یەک یەک
کەلەپچەکانی دەستی تیشک دەکەیتەوە
بە پێچەوانەی ریساکانی سرووشتەوە
لە وەرزی گەڵارێزاندا
چرۆی تازەی شۆڕش دەردەکەیت
ئەی رۆژهەڵاتی هەمیشە رووناک
چەند پێمخۆشبوو
ئێستا خۆم بە تەڵێک تیشکتا هەڵواسیبا
ئەی رۆژهەڵاتی چەخماخەی شۆڕش
ئای چەند تامەزرۆ بووم
خوێنی من چەشنی گۆلاوێ
خوڕ خوڕ بڕژایەتە
دەمار بە دەماری خاکتەوە
ئەی رۆژهەڵاتی هەموو کات
خۆر لێ ئاوا نەبوو
ئەی تووڕەترین رەشەبا
حەزم دەکرد
بەسەر پشتی ئەسپی گەردەلوولەوە

بێمەوە ئامێزت و
جارێکی تر ڕۆژی تۆ
لەسەر باڵام ئاوا نەبووایە

٢٠٢٢-٩-٢٢
فرانسیسکۆس هۆسپیتەڵ– بیلەفێلد

تێبینی: ئەم شیعرە بە بۆنەی هەڵگیرسانی شۆڕشی ژینا و خۆپیشاندانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە نووسراوە کە لە مانگی سێپتامبەری ساڵی ٢٠٢٢دا سەریهەڵدا. شیعرەکەش لەلایەن کاک (ئەحمەد ڕەحمانی)یەوە خوێندراوەتەوە و ڤیدیۆ کلیپی بۆ کراوە.

## چاو لەسەر رۆژژمێرەکە ناترووکێنم

من لەسەر لێواری چیا بووم
ئەودیوم دۆڵی هەزار بە هەزاری ئازار
ئەمدیوم ئاوەدانییەکانی چێژ
بەرگەی فوویەکم نەدەگرت
تۆ گێژەڵووکەیەکی سەرشێت بوویت
منت بەردایەوە
نێو مێرگوزاری ماچستانی خۆتەوە
سەرم لەو جادووە دەرناچێ
چۆن دەتزانی
هەر نیگایەکم
دزینی خەندەیەکە لە لێوت؟!
چۆن دەتزانی، چاوەکانم
سەراوڕێژن لە کەڤاڵی رووتبوونەوەی خۆت؟
چۆن دەتزانی
خەیاڵی هەر دەمەو عەسرانێکم

ئارەزووی نیشتنەوەی کۆترە ماندووەکەی رۆحمە
لەسەر منارەی دڵی تۆ؟
چۆن دەتزانی
زۆر لە مێژە دەستەکانم
مرخیان لە گووشینی مەمکەکانت خۆشکردووە؟
چۆن دەتزانی
وەرزێکی تینووم
بە شیلەی ماچەکانت
دەکەومە چرۆ دەرکردن؟
خودایە من هیچ تێناگەم
چۆن ئەم شادومانییە زەنگینە
خۆی کرد
بە وێرانە ماڵی شیعرەکانمدا؟
چۆن بوو
ئەم خوێنە ئاڵە
چۆڕایە دەماری هەستمەوە؟
چۆن
ئەو لەشە رووتە بڕیاری دا
خۆی لە زبرییەکانی ژیانمەوە بئاڵێنێ؟
چ شتێک

وای لەو سوارچاکە کرد
لە ژێر تریفەدا و
بە بەرچاوی رووی مۆنی کاتەوە
لە بن هەنگڵی مەرگ دەرمبهێنێ؟
من هیچ تێناگەم
چۆن ئەم پەرییە
لە دەریای رەنگ هاتە دەرەوە
لە پشتی پەیکەرەکانی رابردووەوە
دەمی خستە نێو دەمم؟
بۆچی هێشتا
تامی ئەو ماچانەی نێو
ئەشکەوتی خەیاڵ
لە بن ددانەکانمدایە؟
چۆن بوو
لەسەر ڕەقایی دڵم
کە پاشماوەی چاخی بەردین بوو
شوێنەواری برینەکانی سڕییەوە و
نەخش و نیگاری ژوانی هەڵکۆڵی؟
خودایە، هێدمە بەرینەداوم و
بە قەد تاڵ بە تاڵی پرچی ئەو ژنە

پرسیارم هەیە
کە لە دەفتەری چارەنووسی خۆیدا
ناوی منی نووسیووە
دەمەوێ تێبگەم
چۆن بوو ئەو مەلە بەرزەفڕە
لە قەفەزی نێرێکی ترەوە
بەرەو ئاسمانی تەنیایی من هەڵفڕی؟
چۆن بوو
لەو ئانەی دەمویست
چیدی ناکامانە
لە دەرگای ژیان نەدەم
لە پەنجەرەوە خۆی کرد
بە کوخە ساردەکەما
بە عەشقی خۆی
بە ئامێزێکی شەپۆلاویی
بە خەیاڵی جووتبوونێک
لە بەرچاوی چەقۆی نەریتدا
بە بەڵێنی لێوتەڕکردن
لە کانیاوی لەشی یەکتردا
لە هەموو نائومێدییەک

پەشیمانی کردمەوە؟
خودایە ئەوە چۆن بوو
کاتێ خۆم بۆ سەفەر
بۆ ئەودیوی بوون پێچابووەوە
ژنێک شورای لەبەردەممدا هەڵچنی؟
کە سەرگەرمی مارەبڕینی تەنیایی بووم
موغازەلەی خۆکوشتنم دەکرد
بوخچە کۆنەکەی گریانم کردبووە
بە زمانی فرمێسک قسەم دەکرد
ئەو ژنە بە خۆشم ئەوێیەکەی نەوتراو
هەموو شتێکی هەڵوەشاندەوە!
لە خۆم تێناگەم
بۆچی سەیری رۆژژمێری
قەد دیوارەکە دەکەم؟
ئاە خودایە
دەمەوێت قامک
لەسەر رۆژێک لەو رۆژانە دابنێم و
و بەو ژنە بڵێم دێم
بە دەفتەرێکی سپی
هیچ لەسەر نەنووسراوی عەشقەوە دێم

ئەوینی لەسەر رەنگ دەکەین
من و تۆ، پێکەوە
دەچینە سەر ماڵی زمان
ئەم پێنج وشەیە
بۆ ژیانی ئایندەمان دەدزین
خۆشم ئەوێی جاویدانی
ماچ
باوەش

٢٠٢٢-١١-٤
شەوی هەینی
کاتژمێر: ٢١
فرانسیسکۆس هۆسپیتەڵ

## هێشتا تۆم خۆشدەوێت

بێدەنگانە لێت دەڕوانم
ناتوانم پێتبڵێم
جوانییەکەت ئازارم دەدا
گەرچی تۆ
جار جار چاوی دڵنیاییت
پڕ دەبێت لە تەپوتۆزی گوومان
لە کتێبی ئەوانیتردا
گڕکانی گریانە شیرینەکانم
بە قاقایەکی تاڵ دەخوێنیتەوە
زۆر جاری تریش دەتەوێ
ژیان وەک چایەکی دیژلەمە
بێ قەندی موحیبەت هەڵقوڕێنی
لە بەرزترین شوێنی ئاسمانی خەیاڵەوە
خۆت فڕێدەدەیتە خوارەوە

بەڵام دڵت دەچەقێت
بە نووکی تیژی ئەستێرەیەکدا
ئەو ئەستێرەیەش منم
پرسیاری من
لە دڕکەکانی مەم و زین دەکەیت
ئەوانیش سەربردەم
بە قوڕی درۆ سواغ دەدەن
کەچی ئەوە منم
شوێنکەوتەی رۆشنییەکم لە تۆدا و
رەچەڵەکت دەگەڕێنمەوە سەر
بەرائەتی ئاو
ئەوە هەر منم
هێشتا خۆشم دەوێی و
لە ناو دەریای بێ بنی تۆدا
قرچەقرچ دەسووتێم
تۆ تا ئێستاش
سەر لەم بێ ئۆقرەییەم دەرناکەیت
سەیرە نابینی
لە نێوان مەرگ و ژیاندا ماخۆلانمە

بەردەوام لە پشتی ئەوینی تۆوە
خۆم لە مردن دەشارمەوە!
ئاە خودایە
بەیانیان دەڕۆمەوە ناو خۆم
جگە لە فرمێسک و شیعر
هیچی ترم دەست ناکەوێت
بیکەمە پێخۆری ئێوارانی تۆ
تۆش پێتوایە بە پاپۆڕێکی سەرەڕۆوە
لە بەندەری دڵی ژنێکی تردا
لەنگەرم گرتووە
کەچی ئەوە منم
سەیری سستەرە چاوکاڵەکان دەکەم
دەمەوێت پێیان بڵێم
چیتر ئەو ئازارشکێنانە نەخەنە لەشمەوە
نا نا نەخێر، گەرەکمە
چنگێک لە پێکەنینی تۆ
بڕێژنە نێو هەناومەوە
ئەوە هەر منم
هێشتا خۆشم دەوێی و

کەوتوومەتە ژێر هەرەسی
نیگا کێوییەکانتەوە
تۆ تا ئەمڕۆش
باوەڕ ناکەیت شەقامی دڵم هێندە چۆڵە
لە تۆ زیاتر
ڕێبوارێکی تری پێدا ناڕوات
تێنەگەیشتوویت لەوەی
کە شەوانە دەنووم
بە تەمای بێداربوونەوە نیم
وەک سۆفییەکی خەڵوەتکێش
دەستی نزا بەرز دەکەمەوە و
دەڵێم خودایە نیازی هەرچیت هەیە
درێغی مەکە
بەڵام با بکەوێتە دوای ژوان
تۆ نابینیت چەند ساڵە
مژۆڵی ڕۆژێکم
لە ڕۆژەکانی ترم نەچێت
پشت لە ئازار
ڕوو لە تۆ

پشت لە تالوکە
دەستم لە نێو دەستەکانی تۆ
کەچی هێشتا خۆشم دەوێی و
وەک کەشتیوانێکی ناشارەزا
خۆم داوەتە بەر شەپۆلەکانی تۆ
تۆ تا ئێستا
لەسەر نەخشەیەکی هەڵە
بە دوای راستییەکانی مندا دەگەڕێی
من نیشتمانێکم
لەسەر هیچ نەخشەیەک نیم
لە نێو هەستەکانتدا نیشتەجێم
لە هیچ شوێنێک نابینرێم
هێزی بینینی تۆم
ئاە خودایە
رۆژانە فریشتەی گیانکێشان
بە دوامدا دەگەڕێت
نازانم بۆچی یار
ئەم چاوشارکێیەم
لە ترسی پسانی تەنافی ئەوینی خۆی نابینێ؟

ئەی ئەو یارەی
لە دەستەکانی تۆوە تۆفان هەڵدەکا و
لەگەڵ بزەیەکتدا ژانەکانم لە شەققەی باڵ دەدەن
لە حیکمەتی بێدەنگی ئەم رۆژە رەشانەم تێبگە
رۆژانێکی قەتران
کاتێک چیرۆکی کوێرەوەرییەکانم
بۆ دەریای سپی گێڕایەوە
لە تاودا رەنگی رەش هەڵگەڕا
کەچی ئەوە منم
هێشتا خۆشم دەوێی و
بە بێدەنگی دەتلاوێنمەوە
بەڵام تکایە تۆ
هیچ کات بێدەنگ مەبە
ئەوە منم
بڕیارم داوە لە تەڕیی تۆدا
نەرم نەرم بسووتێم
بڕیارم داوە بەسەر پردی ئارەزوودا
بپەڕمەوە بۆ نێو باوەشت
ئەوە منم هێشتا بێ کۆتایی

خۆشم دەوێی و
تۆش وەک بازێکی ماندوو
لەسەر شانی شیعرێکم
بۆ ئەبەد بنیشەرەوە

رۆژی چوارشەمە
٢٠٢٢-١٢-١٤
کاتژمێر: ١٣:٤٥
ئەڵمانیا- بیلەفێلد
نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس

تێبینی: رۆژێکی ئێجگار سارد و تەزیوە، هەر لە دڵی مرۆڤی ئەم زەمەنە دەچێت. بە دیار ئازارەکانمەوە ئێشکگری رۆژ و شەوم. شەوی پێشوو بە هۆی مۆرفینەوە چەند کاتژمێرێک نوستم، بە دەم ئازارەوە لە خەوتن بێداربوومەوە، ئێستاش هەر دەڵێی مەستم کاتێک ئەم دەقە دەنووسم. ئازار و وڕیی تێکەڵاوبوون بۆیە لەو بڕوایەدام ئەم تێکستە زۆرتر لە وڕێنەی نەخۆشێکی قاوشی نۆرۆلۆگی دەچێت نەک شیعری شاعیرێک، بەڵام هەر چۆنێک بێت بەم دەقە کەمێک خۆم هێور کردووەتەوە. ئەگەر نەنووسم توانای بەرگرییم نامێنێت و زۆر نابات دەکوژێمەوە.

## بیست و پێنج هاواری کپ

١
لە ناو خۆمدا جێم نابێتەوە
لە پانتایی دڵی تۆشدا
هێندە وردیلەم
لە هیچەوە دیار نیم

٢
بە بێدەنگی دەقیژێنم
بە کپی دێمە پەیڤین
لە ژێر هەردوو باڵی مانادا
یەک مەبەستم حەشارداوە:
خۆشم دەوێی

٣

پێش دەرکەوتنی تۆ
فەرهەنگی زمانم هێندە زەنگین بوو
لە گەردوونی بێ کەنار دەچوو
لەگەڵ ناسینی تۆدا
دانە دانە وشەکانم هەڵوەرین و
تەنیا دوو وشە مانەوە:
خۆشم دەوێی

٤

هیچت پێ نەبەخشیم
تەنهاییەکانمت وەراند
نائومێدییەکانمت دەربەدەر کرد
چەقۆی خۆکوشتنت لێ سەندم
فرمێسکەکانمت وشک کرد
بە فۆنتێکی قەڵەو
لەسەر دەفتەری چارەنووست نووسیم:
خۆشم دەوێی

٥

چاوت لە ئایندەیەکە
شێوەی ناچێتەوە سەر رابردوو
پەیکەری من
لەسەر پێستی داهاتوو هەڵدەکۆڵی
کە پۆستەرێکم بە دەستەوەیە و
لەسەری نووسراوە:
خۆشم دەوێی

٦

من چیم داوە
لە پیتەکانی ناو ئەبجەدیات؟
نە نونێک بۆم بوو بە نان
نا (ژ)م بۆ کرا بە ژیان
لە ئەبجەدیات نۆ پیت
بۆ تۆ هەڵدەگرم
خ ۆ ش م د ە و ێ ی

٧

هەموو شتێکم لە تۆدا دۆزییەوە
لەسەر لێوەکانت تامی ماچ
لە گەرمیی باوەشتدا نیشتمان
لە نیگاکانتا تەڕایی ئارەزوو
لە دڵتدا دوو وشە:
خۆشم دەوێی

٨

دڵم لە تاریکییدا جێمابوو
وەک ماسییەکی نیگەران
لە بنی بنەوەی رووباری پەشیمانیدا
لە رابردوو رادەمام
لەم کاتە کریستاڵییەدا
بووم بە قولاپی ئایندەی تۆوە

٩

تیری هەرچی ئازارە
لە رۆحم چەقیوە
لە مەرکانەی هەرچی ئەستێرەیە
پرشنگم خواردووەتەوە
لە خەونی گشت شەوێکتدا
من دەدزی و
لە واقیعدا خۆم بۆ نادۆزرێتەوە

١٠

ئاە دەمویست
لەسەربانی هەورێک رابکێشم
تەنهایی بدەم بە خۆمدا
چەندە هاروهاجانە
خۆت خستە ژێر پێخەفەکەمەوە و
تەنیاییت لێ زویر کردم

١١

له دووریی تۆ
چرکەیەکم بە سەدەیەک لێ دەڕوات
کە لەگەڵ تۆ بم
سەدەیەک بە چرکەیەک تێدەپەڕێ
کات لە نێوان لێوەکانماندا
دەبێت بە هەڵم

١٢

لە تەنهاییەکانمەوە فێربووم
قژی لوولی غەم شانە بکەم
لە ئەسرینەکانمەوە فێربووم
پەنجەرەی ژیان لەسەر خۆم کڵۆم بدەم
لە نیگا تیژەکانی تۆوە فێر بووم
سەرم لەسەر سینگی ئەوین دانێم

١٣

کۆترەکانی خەیاڵم
دوور دوور دەفڕن
تۆش لە نزیک خەیاڵەکانمەوە
ماڵێکت ئاوەدان کردووەتەوە
بۆنی شیعر و
ماچی ژێر بارانی لێدێت

١٤

لەوەتی خۆم دەناسم
هەر یەک بووم
هەمیشەش ویستوومە
لە خۆم زیاتر نەبم
خۆم بم تا کوژانەوەی فتیلەی تەمەن
خۆم بم تا کۆتایی ئەم حکایەتە
ئای چەند جادووبازانە هاتیت
بێ ئەوەی رێ بدەیت ببین بە دوو!

١٥

لە تۆدا بۆ خۆم دەگەڕێم
بینیم تۆش لە مندا
بۆ خۆت دەگەڕێیت
لێم نزیک دەبیتەوە
لێت نزیک دەبمەوە
سەرت دەنێی بە سینگمەوە
باسی خۆت بۆ من دەکەیت
باسی من بۆ خۆت دەکەیت
دەزانیت یەک چیرۆک دەگێڕیتەوە؟

١٦

سەیری رۆژژمێرەکە دەکەم
دیسامبەرێکی بەستووە
کات دەستی ماڵئاوایی
بۆ دوو هەزار و بیست و دوو بەرزکردووەتەوە
منیش دەستی خواحافیزیی
بۆ ژیان
بەڵام پێش ئەوە
لە ژوانێکی ژێر تریفەدا
کۆڵەپشتی کۆچم پڕ بکە لە هەرمێی ماچ
تا مانگ بەسەر سەرمانەوە پێبکەنێ

١٧

بە شوێن پێکانی رابردووی خۆمدا

دەڕۆشتمەوە

چاویشم ورد ورد دەگێڕا

نە بادا شووشەی شکاوی رابردوو

بە ژێر پێی عیشقما بچێ

کەچی تۆ واتدەزانی

بەسەر تەرمی نوستالیژیاکانما

شیعر دەهۆنمەوە

١٨

من و تۆ

لەسەر خاکی ئەوین پێکگەیشتین

تا دەهات ئەویندااران

لێمان کۆدەبوونەوە

لە دوماهیدا کۆمارێکمان راگەیاند:

ئەوینستان

١٩

لە خۆم رامدەکرد
نەمدەزانی مەودای نێوان من و ژیان
بۆ ئەوەندە لە یەکتر دوورە؟
لەم کاتەدا
تۆ لەودیو ئەستێرەی چاوەڕوانییەوە
پەلت راکێشام
بۆ ناوەوەی خۆت
لەوساوە لە تۆدا
ژیان تام دەکەم

٢٠

ئەم چەقینە پیری کردم
بە ڕدێنێکی سپییەوە
دەچمە بەر قاپی ژوان
ئەو رەفتەیەکی رەشی بەناوچەوانەوە بەستووە
نامناسێتەوە و
دەرگا بە روومدا ناکاتەوە

٢١

ئەوەندە نیگەران مەبە
دڵی من
کیشوەرێکی پانوپۆڕە
گەر جێی نەیارە لاسارەکانی تێدا بووبێتەوە
چۆن شوێنی تۆی تێدا نابێتەوە؟

٢٢

گەردەلوولێک
لە بەشی چەپی سینگمەوە هەڵیکرد
دوور دوور رۆیشت
گەیشتە هەر کەس
گووتیان ماڵی قەڵب سەری خاوەنی
تۆرنادۆی تووڕەکراو
بە دڕکی شێرپەنجەوە
خۆی کردەوە بەلای چەپی سەرمدا

٢٣

چیتر بە تەنها نیم
ئەو شیعرانەشم لەگەڵدان
بە پەیژەی ئەوینی تۆدا سەرم دەخەن
ئەو خەونانەشم لەگەڵدان
هەموو شەوێک
لە ژێر ساباتی قەسیدەکانما
تۆ دەهێننە سەما

٢٤

تۆ لە دڵی مندا نیت
گەردوونی بێ سنوور
ناخرێتە دڵێکی بچکۆلەوە
من لەناو تۆدا
ئەستێرەیەکی بێ ئۆقرەم
هەر دێم و دەچم
مەداری خۆم نادۆزمەوە

٢٥

بە لای رووباری (راین)دا تێدەپەڕم

تیشک رژاوەتە ناوییەوە

مانگ خۆی تێدا دەشوا

لێی ورد دەبمەوە

شێوەی لە شێوەی تۆ دەکا

رۆژی شەممە

٢٠٢٢-١٢-٣١

کۆتا رۆژی ساڵ

ئەڵمانیا– کەناراوەکانی رووباری راین

تێبینی: ئەم بیست و پێنج تێکستە ماوەیەکی ئێجگار زۆر بوو لە مێشکمدا وەک گڕکان دەتەقینەوە، چیتر نەمتوانی ببمە حەمباڵیان و رێم پێدان بۆ خۆیان چۆن پێیان خۆشە بدوێن، سرووشتی منیش وایە هیچ دەستکارییەکی هەستی شیعرییم ناکەم (پەیڕەوی شیعر شعورە دەکەم)، چونکە دەمەوێت شێوەی هەستەکە وەک خۆی و بە روونـی دەربکـەوێت. ئـەمڕۆش دوا رۆژی ساڵی بیست و دووی سەدەی بیست و یەکەمە، لە ژوورێکی نسرمی هەمان ئەو نەخۆشخانەیەی بووەتە ماڵی دووەمم و هەمیشە پێی دەناسرێمەوە، لە ناو ئازاری شێرپەنجە و سەرئێشە و پەنجە و باسک ئێشەدا، بە زەحمەتێکی زۆر توانیم ئەم دێڕانە تایپ بکەم، ئیتر لەوە دەچێت لە دوا قۆناغی پرۆسەی نووسیندا بم، چونکە هێزی قۆڵ و پەنجەم یارمەتیم نادەن بنووسم لەمە زیاتر، بەڵام هەتا ئەو کاتەی نوزەم تێدا بێت و بتوانم هەر دەنووسم.

## سەمای ئێوارەیەکی تەنها

١

باڵ لە باز قەرد دەکەم
ئاسمانە بێ کەوشەنەکانی تۆ
تەی دەکەم
هەزاران ساڵی رووناکی دەبڕم
هێشتا هەزاران ساڵی تر ماوە

٢

زمان لە نالی و
خەیاڵ لە مەحوی دەدزم
بۆ ئەوەی قەسیدەیەک بنووسم
بە دەسڕی بزە
ئەسرینی چاوەکانت بسڕمەوە

٣

خەونە دێرینەکانم
نۆژەن دەکەمەوە
لە بۆتەی هەر کامیاندا
لە باوەشی تۆدا
خۆم دەبینمەوە

٤

ئەوینت
تەقینەوەیەکی گەورە بوو
تەنیا یەک چرکەی خایاند
شوێنەواری بۆ هەتاهەتایە
بە رووخسارمەوە دەمێنێتەوە

٥

شیعرە ئەڤیندارییەکانم
بۆ تۆ
لە منداڵدانی زەینما
ژانی لە دایکبوون گرتوونی

٦

چەند شکستخواردووم
نە دەتوانم بێمە واقیعتەوە
نە خەونێکت پێوە دەبینم
نە دەتوانم بە دەستە تەزیوەکانم
لە دەرگای دڵی گەرمت بدەم

٧

من ناتوانم
خەونەکانی خۆمت بۆ بگێڕمەوە
دەترسیت
خۆمم لە جێی نووستنەکەتدا
بیرچووبێت

٨

من لە هیچ رستەیەکدا
مانام نییە
جگە لە هەر دوو وشەی
(خۆشم ئەوێی)دا

٩

عەیامێکە
خۆمت لێ بردووم
لەوساوە چاوەڕوانی ئەوەم
بیرت بکەوێتەوە
خۆمم بۆ بگێڕیتەوە

١٠

من دوو جار
لە سەنگەری ژیاندا دەکوژرێم
جارێک کە دێیت
جارێکی تر کە دەڕۆیت

١١

هەر ئازارێکم رستەیەکە
لە دڵی تۆدا
بە شیعر پاچڤە دەبێت

١٢

ئای لە پرشنگی ئەو شەوە
لە شیعرێکی دڵتەنگ
هاتمە دەرەوە
خۆم خزاندە
نوێنی تەنهایی تۆوە

١٣

وشەکانم دەتووێنەوە
وەک ماچ لەسەر لێوی یار
وەک کلوە بەفری بەر هەتاو
وەک ئەو مۆمە باریکەلەی
ناوی ژیانە

١٤

دڵۆپ دڵۆپ
رۆندک لە دڵم و
شیعر لە چاوم
دەچۆڕێتە ئەوینی تۆوە

١٥
کە وشە دڵناسکەکان
ئەم واقیعە رەق و تەقەیان بینی
بە راکردن گەڕانەوە کۆگای مێشکم

١٦
ئەگەر دەتەوێ
هەرگیز لە بیرم نەکەیت
لەبری خۆشویستنم
باشتر وایە بمکوژیت

١٧
ژیان داماوێکی کەڕوولاڵە
ئێمە بە ناوی ئەوەوە قسە دەکەین
درۆی زل زلی بە دەمەوە هەڵدەبەستین

١٨
بە کیبۆرد و فۆنتی شەختە دەنووسم
ئەبجەدیاتم بەستوویەتی و
دڵی هیچ سەرمابردەیەک
گەرم ناکاتەوە

١٩
ژیان کیژێکی جوان بوو
تەماحم تێکردبوو
کەچی قەمبوورێک بەناوی مردن
هاتە سەر رێم

٢٠
جیاوازەکەم لەوەدایە
زۆرینە بە دوای مانادا دەگەڕێن
من بە دوای مانای مانادا

٢١

دەترسم

من و سلێمانی

کاتێک بە یەک بگەینەوە

هیچمان یەکتری نەناسینەوە

٢٢

لە ئێوارەیەکی بەرلین

لە قاوەخانەی نانۆ

دژە راسیستێک تێیگەیاندم

نە وەک خۆم قبوڵم دەکەن

نە رێم دەدەن ببم بە ئەوان

٢٣

چەند رەنج بە خەسارم؟

ئەو هەموو نەمامی خەندەیەم رواند

دەبوو لە بری ئەو هەموو رۆندکە

خاوەنی دارستانێک پێکەنین بوومایە

٢٤

تەلاری هەموو رەوشتێک
لەسەر بەدڕەوشتی هەڵچنراوە
بونیادی هەر لۆژیکێک
نالۆژیکییە
هەموو عەقڵانییەتێکیش
لەسەر ناعەقڵانییەت رۆنراوە

٢٥

لێم دەسڵەمێنەوە
نازانن مژۆڵی چیم
من کەسێکم تەنیا یەک کارم هەیە
واقیع ناکەم بە شیعر
شیعر دەکەم بە واقیع

رۆژی یەکشەمە
١٥-١-٢٠٢٣
کاتژمێر: ١٧:٤٥
ئەڵمانیا- بیلەفێلد

تێبینی: ئەمڕۆ پڕم لە ڕاڕایی و گوومان، هەست دەکەم تووشی پارۆنیا بووم، وا دەهزرێم لە هەموو شوێنێک بە دوامەوەن، تارماییەکان دەیانەوێت بمڕووشێنن، لە بەرچاوی خەڵک ناوبانگم بزڕێنن، پێکەنین گرتوومی، ئەوان دەستەیەک نەخۆشن، پۆپۆلیزم و نەخۆشی کینە خنکاندوونی، تێناگەن هەموو دنیا دۆستم بێت یان دوژمن، هیچ لە ڕەفتار و بیروڕا و ئەو ئەتمۆسفێر و پێگەیە ناگۆڕێت بۆ خۆمم هەڵبژاردووە، هاوڕێ ژنەکانم بە ئامانج گیراون، یەک یەک بە سرنج و سی سی ژەهراوی گوومان دەکەنە مێشکیانەوە لە بەرامبەر مندا، هەر بە ڕاستی بێزارم لە ڕەفتاری هەندێک لە هاوڕێ مێینەکانم چوونکە تا ئەو کاتە بایەخم پێدەدەن دڵنیا نین کەسێک هەیە لە نێو دڵمدا، ژیانی منیش وەک شەمەندەفەرێکی لێهاتووە لە هەر وێستگەیەک کۆمەڵێک ژن سەردەکەون و دەستەیەکی تر دادەبەزن، بێ ئەوەی ئاوڕ لە هیچیان بدەمەوە لە ڕۆشتن بەردەوامم بەرەو کۆتا وێستگەی خۆم، لەگەڵ ئەمەشدا نایشارمەوە دڵم سەراوڕێژە لە ئەوینی یەک تاکە ژن، ئەو ژنەش زۆر لەوە قایمترە بە فووی تارماییەکان بڕوخێت. چەندە گوناهن ئەو تارماییانە، هەندێک جار ئەوەندە بۆیان دڵتەنگم خەریکە بۆیان بگریم.

## کەناری ئەمبەری راین

به کەناری ئەمبەری (راین)دا تێدەپەڕم (١)
هەست بە ونبوونی خۆم دەکەم
وەک بزربوونی ئەو هەڵماتانەی منداڵیم
لە کونی دڕاوی گیرفانمەوە دەکەوتن
یان وەک ئەو زەردەخەنە پرشنگاوییانەی
لە نێو ئەلبوومی وێنەکانمدا زەرد هەڵگەڕاون
هەروەک ئەوەی دوای تەرمی خۆم کەوتبم
دڵم پڕە لە گریانێکی بە کوڵ
لە چاوەڕوانی دیدارێکی تۆدا
بوومەتە قفڵێکی داخراوی کەمدوو
چەشنی ئەو قفڵانەی
بەسەر پردەکانی راینەوە
ژەنگی رۆژگار گرتوونی
لەناو خۆمدا گینگڵ دەدەم
وەک مارێکی گەمارۆدراو بە ئاگر
تا دێت دەچمەوە ناو خۆم

لەو کاتەشی گڕی حەسرەتت
دەگاتە سەر پێستم
پڕ بە گەرووم هاوار دەکەم
خۆشم ئەوێی
ئەی ئەو ژنە تەژی لە ئەفسوونەی
لە هەموو کانییەکانی وجودمەوە هەڵدەقووڵێی
هاوارەکەم دەنگ دەداتەوە
تا دوا پنتی گەردوون
هەندێ جاری تریش
سەرنجی راین دەدەم
باوەشی بۆ هەتاو کردووەتەوە
خۆریش بە بەرچاوی هەمووانەوە
خۆی دەخاتە ئامێزییەوە
ئیدی منیش
دەستی خەیاڵەکانم دەگرم
لەوانەشە خەیاڵەکانم بن
دەستی سرم بگرن
بمهێننەوە بۆ لای تۆ
تۆش خۆمم دەدەیتەوە
کە عەیامێکە لێم ون بووە و

لەسەر زەمینی هیچ ژنێکی تر
بۆم نەدەدۆزرایەوە
گوێت بۆ رادەدێرم
(وەک کەسێک گوێ بۆ باران بگرێت) (٢)
چەشنی پیاوێک
ترپە بە ترپەی دڵی بژمێرێ و
خوێن لە لەشیدا مەیی بێت
لێت دەڕوانم
چاوەکانم لە دوو گورگی برسی دەچن
شاڵاو دەهێنن
بۆ لەشی نیمچە رووتت
بۆنت دەکەم
بۆنی میوەیەکت لێدێت
وا بزانم ناوی ژیانە
تامت دەکەم
تامی عەشقێک
کاڵبوونەوەی نییە
تامی مرەبای نامە یەک لە دوای یەکەکان
کە خەونە تازەکانم
تێدا حەشارداون

ئەو خەونانەی چیتر لە خەوننامە کۆنەکاندا
راڤە ناکرێن
دەستت لێ دەدەم
پەنجەکانم لەسەر جەستەت
دەبنە پەپوولە و
بێ پەرەمووچ تینوویتی دەنووسنەوە
نیگاکانت دەبنە دەریا
شەپۆلەکانی دەمبەن
هەنگاوەکانت دەبن بە راین
بێ سرتە، دەرژێنە
درزە وشکەکانی خەونێکمەوە
باوەشت پێدا دەکەم
لە نێوان من و تۆدا
کێوێک لە دوورییی دەتووێتەوە و
چاوەروانی هەرەس دەهێنێت
کات خاو دەبێتەوە
دەرگای شادمانی دەکرێتەوە
پەنجەرەی هەنسک پێوە دەدرێت
لە نێو بێستانی راموسانداا
بەسەر یەکتردا دەبارێین

توند دەتگووشم بە خۆمەوە
تا دەبین بە یەک خەون
بە یەک تاڵی کەمانچەی چێژ و
یەک فۆتۆ لە ئەلبوومی ژواندا
زۆرینەی جار
من و راین لە کۆیلن (٣)
یەکتر دەبینین
جار جاریش لە دوسڵدورف (٤)
چاومان بە یەک دەکەوێ
هەموو جارێک کە دەیبینم
لە جاری پێشوو شۆخترە
هەندێک جاریش کز و گریاو
دێتە پێش چاوم
ئەسرینی سەر گۆناکانی
ناتوانن جوانییەکەی بشارنەوە
لە هەر بینینێکی رایندا
تۆ دەبینم
لە رەوتی ئەسپایی هەنگاوەکانیدا
بەرەو ژوور
تۆ دەبینم لە خۆت رادەکەیت

لەو خەیاڵانە هەڵدێی
بۆنی تەنیاییان لێدێت
بەرەو ئەو خەونانە دێی
خەون بە لێوی منەوە دەبینن
لەسەر لێوی قڵیشاوی تامەزرۆی خۆت
تۆ دەبینم، بەڵێ دەتبینم
لە نادیارترین جێگەوە
رژاویتە چارەنووسی لێڵمەوە
لە تاریکترین شوێنی گەردووندا
ئەستێرەیەکی سپی سپیت
کەوای تیشکت لەبەردایە
نەرمە نیگا دەگریتە چاوم
منیش هەر لێت دەڕوانم
دەستەکانم بەرز دەکەمەوە
پێت ناگەم
دە ئێستا خۆت بکێشە
بە خاکی وێرانبووی دڵمدا
با کشانی تۆ
لە ناو مندا ببێتە هەقیقەت
با دیارنەمانی من لە تۆدا

ببێتە رووداوێکی مێژوویی
با رۆژانی شادمانیم
لە ژێر ماسکی غەمگینیدا
لە بەردەم تۆدا
دەست بکات بە درەوشانەوە
کە راین بەلامدا تێدەپەڕێت
کاروانی داڵغەکانم دەبینم
تۆ لە پێش هەر کەسێکەوە
چاو لێدەکەم
دەبینم لە بری گوڵی سپی
بۆ سەر تابووتەکەم
هەر رۆژەی چەپکێک گوڵی سوور
هەڵدەدەیتە کەلاوەی غەریبیمەوە و
بە چرپە پێم دەڵێی
بەم زووانە نۆبەتی ژوانە
بە تەوقیتی خۆشەویستی

٢٠٢٣-٢-٩
ئەڵمانیا- بیلەفێلد
نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس

١-رووباری راین لە چیاکانی ئالّپی سویسراوە هەڵدەقوولێت و دەڕژێتە دەریای باکوورەوە، ئەم رووبارە بە چەندین وڵاتدا تێدەپەڕێت بە تایبەت کە من زۆرینەی کات لە هەردوو شاری کۆیلن و دوسڵدورف بینیوومە.

٢-دێڕێکە لە شیعری شاعیری بەناوبانگی مەکسیکی و جیهانی (ئۆکتاڤیۆ پاز ١٩١٤-١٩٨٨).

٣-کۆیلن یەکێک لە گەورەترین شارەکانی هەرێمی نۆرد راین فێستفالنە (باکووری رۆژئاوای رووباری راین).

٤-دوسڵدورف پایتەختی هەرێمی NRW و لە تەنیشت شاری کۆیلن هەڵکەوتووە.

## شنەشنی ئەوین

١

(راین) عەشقی تۆیە (١)
نە بەلایدا تێدەپەڕم
نە بەلامدا تێدەپەڕێت
نقومبووم لە ناویدا

٢

دوێنێ
خودا لێم دوورکەوتەوە
ئەمڕۆ نیشتمان
سبەیش شیعر
چەند دڵشادم
تەنیا تۆم بە دەورەوە دەمێنێ

٣

بۆم دەرکەوت

سووچی چاویلکەکەم نییە

تۆ لە جیهان

بە گەورەتر دەبینم

٤

دڵم

لە هیچ شتێکی جیهان ناکێشمەوە

ئەگەر بڕیار بێت

تۆ ببیتە جیهانی من

٥

ناسینت رێکەوت بوو

هاوڕێتیت شۆڕش

بەڵام عەشقت

کەویکردنی ئەستەم

٦

سێ جار من مردم
منی شۆڕشگێڕ مرد
منی پیاوسالار تۆپی
منی دەستەمۆ مردار بووەوە
ئەوەی نامرێ
منی ئەویندارە

٧

ئای چەند تۆمەتیان خستە پاڵم
جارێک یاساوڵ بووم
جارێکی دیکە هاوڕێی جەلاد
هەزارەها جار دێو و درنج
نەیانتوانی تاکە جارێک
راستییەکە ببینن و بڵێن
عاشق بوو

٨

دەستکاریی رابردووی خۆم دەکەم
شتەکان بە دڵی خۆم دادەڕێژمەوە
پشت دەکەمە هەموو شت
تەنیا روو دەکەمە تۆ

٩

ئەڤین رووتبوونەوەیە
تێیدا
چاکەتی نەریت
پانتۆڵی تابۆ
ستیانی شەرم
پێکەوە دادەکەنرێن

١٠

خەیاڵەکانم
عەشقی تۆیان لە کۆڵ گرتووە
ئەوینی تۆش
سەراپای ژیانم

١١

ناهێڵیت بیرت بکەم
چوونکە هەموو ساتێک
بێ لە دەرگادان
خۆت دەکەیت بەناو چرکەکانما

١٢

شەیدای ئەودیوی هەر شتێکم
ئەودیوی هەقیقەت
ئەودیوی ئازادیی
ئەودیوی عەشق
تەنها عاشقی ئەمدیوی ژیانم

١٣

ئەوەی لەگەڵمدا دەمێنێتەوە
دۆستەکانم نین
بەڵکو ئازارەکانمن
ئەوەی هیچ کات جێم ناهێڵێت
سێبەرەکەم نییە
تەنها و تەنها تۆیت

١٤
دڵم چەند گەرمە
لەناو ئەم رۆژە ساردانەی تۆدا
وای لەو دڵە تەڕەی من
(کەوتۆتە چ بەحرێکەوە؟ خنکاوە دڵی من) (٢)

١٥
شیعرێکی سێ دێڕییم نووسی
لە دێڕی یەکەمدا عاشق بووم
لە دێڕی دووەمدا کوژرام
لە دێڕی سێیەمدا
بە شاعیریی زیندووبوومەوە

١٦
دەزانم دواجار
ئەو شیعرانە دەنووسم
تۆم بە یاد دەهێننەوە
تۆش پرچی ئەو رابردووە دەهۆنیتەوە
منت لە بیر دەباتەوە

١٧

(من) پانتاییەکە
هەردووکمانی تێداین
جار جار بۆ دەرەوەی خۆمان
ناوت بە تۆ دەهێنم

١٨

بوونەوەرێکی تەنهام
هەر کات دەڵێی من لەگەڵتدام
وێرانترم دەکەیت
چوونکە تێدەگەم
منت لە خۆت دەرکردووە

١٩

لە کاتێکدا لە دایک بووم
کاتی هاتنە دنیا نەبوو
لە کاتێکدا دەمرم
کاتی ماڵئاوایی نییە
لە کاتێکدا عاشق بووم
کاتی تەنهایی بوو

٢٠

خۆمم بیر ناچێتەوە
لەو دڵۆپە شیعرانەی
چاوی وشکی تۆیان تەڕ دەکرد
لەو فەنتازیانە سەرەڕۆیانەشدا
دەیانخستمە ئامێزی شەپۆلاویتەوە

٢١

پیاوێکم
لە ناو خەوندا گیرم خواردووە
هەموو شتێک لەلام
لە خەونێک زیاتر نییە
بە تەنیا خۆشەویستی تۆ
واقیعیترین واقیعی منە

٢٢

بە قەڵەمێکی نیگەران
عەشقی تۆ دەنووسمەوە
بۆنی خوێنی خۆم و
بێدەنگی تۆی لێدێ

٢٣

ونبووەکان
یەک چارەنووسیان هەیە
بێجگە لە من و تۆ
عاشقان هەموو لە یەکتر دەچن
بێجگە لە من و تۆ

٢٤

بەفر لە دەرەوە دەبارێت
ناوەوەی من بەستوویەتی
قەلەڕەشێک گۆرانی بۆ بەفر دەڵێت
منیش سەنتوری یادەوەریی دەژەنم
هەردووکمان وەک یەک رەشپۆشین

٢٥

فریشتەی رەش (٣)
تەمەنی سپیم دەکرۆژێ
چاوەڕوانییەکی ئەنگۆرەیی
رۆژ و شەوەکانم تام دەکا
کات بە خێرایی تیشک دەڕوا
تۆش بەپێی کیسەڵ دێی

٢٦

لەم دنیا زۆر کۆنەدا
خەونی تازە دەبینم
لەم دنیا تازەیەدا
خەونی کۆن دەبینم
خەونە کۆن و تازەکانم
لە تۆدا بە یەکتر دەگەن

٢٧

خەیاڵم ئەسپێکە
بە غاردان بەرەو ئامێزت دێت
بەڵام هەموو جارێک
لە کەندەڵانی بەرزەفڕیتا دەگلێت

٢٨

خۆشەویستی ئێوارەیە
دوای بوولێڵ
هەموو شتێک لە تاریکیدا
نغرۆ دەبێت

٢٩

بێدەنگییەکانتم
وەرگێڕایە سەر زمانی شیعر
ئای خودایە
لە هەموو لایەکەوە
سەدای خۆشم ئەوێی دەژنەوم

٣٠

ئەم نزیکییەت
هێندە دوورە، نایگەمێ
ئەو دوورییەت
هێندە نزیکە، نامگەیتێ

٣١

زۆر زوو باوکمم لە دەستدا
دانە دانە خوشکەکانم هەڵوەرین
دایکم ئەستێرەیەکی دوور بوو
لە ناکاو کشا
هاوڕێکانم لێم تەکینەوە
دۆستەکانم بوون بە نەیار

خۆشەویستەکەم بەرگەم ناگرێ
تەنیا خۆمم بۆ مایەوە
ئەوەتانێ هۆزانی قەرەباڵغ
بۆ ئەم تەنیاییە دەهۆنمەوە

٣٢

بە یەک پێک
دەریایەک ئەوینتم خواردەوە
بە یەک چرکە
هەزار پرسیاری بێ وەڵامم
لە خەیاڵتا خوێندەوە
هەزار ساڵ
خەریکی هۆنینەوەت بووم
لە شیعردا
بە یەک چاو ترووکاندن
هەموو شتێک کۆتایی هات

٣٣

لە ئاوێنەکەی خۆمدا
دەموچاوم لۆچ نەبووە
بەڵام چرچبوونی دڵم دەبینم
لە ئاوێنەکەی تۆدا
دڵم ساوایەکە
لە سینگی پیرەمێردێکدا

٣٤

ئەگەر عەشقت دەوێ
وەرە بەرەو لای من
ئەگەر ژیانت دەوێ
برۆ بۆ لای هەموو کەس
جگە لە من

٣٥

ئەمشەو
(مەم) هاتە خەونم
بە کزۆڵەیی پێی وتم
قەسیدەیەکم بۆ بنووسە
(زین)ی پێ ئاشت بکەمەوە

٣٦

قۆپچەی کراسی شیعرێک دەترازێنم
ستیانی گوڵێک دەکەمەوە
بە بۆنی سینگ و مەمکی تۆ
دەکەوم

٣٧

باوەڕ ناکەم نۆستردامۆس (٤)
پێشبینی عەشقی منی نەکردبێ
کە سەد هێندە
لە یانزەی سێپتامبەر تراژیدیترە

٣٨

پەشیمانییەکی سامناک
لەنێو گۆڕەکەمەوە دەلوورێنێ
پەشیمانی لەوەی
درەنگ عاشقت بووم
زووش جێمهێشتی

٣٩

یەک رستە و هەزار مانا
یەک دڵ و هەزار برین
یەک خەیاڵ و هەزار تەریقبوونەوە
یەک سەر و هەزار خەون
یەک لێو و هەزار بزە
ئەمەیە سووڕی ژیانی من

٤٠

کە بیرت لێ دەکەمەوە
لە شوێنێکی ترم
کە بیرت لێ ناکەمەوە
لە هیچ شوێنێک
شوێنەوارم نەماوە

٤١

خۆم لەناو تۆدا
ژیانم لە ناو ئازار و
مەینەتییەکانم لە نێو شیعر
مەرگم لە نەخۆشخانەدا
بۆ هەمیشە جێهێشت

٤٢

تۆ لە ناوەوەی خۆمی
بۆ هەر کوێ بڕۆیت
لەگەڵتدام
بۆ هەر کوێ بڕۆم
لەگەڵمدایت

٤٣

دەرگای ئەم شیعرە
لەسەر خۆم دادەخەم
تۆ وەرە
بە کلیلی ماچەکانت بیکەرەوە

١٢-٣-٢٠٢٣

ڕۆژی یەکشەممە – کرێوەیە و وا وردە وردە بەفر دەبارێت. ڕۆژێکی ئێجگار تەزووی ئەم بەستەڵەکەیە
نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس
شتاسیۆنی نۆرۆلۆگی

١-ئاماژەیە بۆ رووباری راین.

٢-دێڕی ناو کەوانەکە ئاماژەیە بۆ دێڕە شیعرێکی بێخود.

٣-ئیدوارد مەنج، هونەرمەندی شێوەکاری نەرویژیی، نەخۆشی و ناهاوسەنگی دەروونــی بە فریشتەی رەش ناوزەد دەکات.

٤-نۆستردامۆس پزیشک و ئەستێرەناسێکی فەرەنسییە، لە سەدەی شانزەدا پێشگۆیی هەندێ رووداوی کردبوو لەوانە هاتنی هیتلەر و تیرۆری جۆن کەنەدی و کارەساتی یانزەی سێپتامبەر و نزیکترینشیان جەنگی رووسیا و ئۆکراین.

## ناهێڵم ئەم ئەوینە کاڵ بێتەوە

بەڵێنم دابوو
زۆرتر بیر بکەمەوە و
کەمتر شیعر بنووسم
ناچاربووم
بۆئەوەی عەشقێک کاڵ نەبێتەوە
کە گەورەترە لە ژیان و
جێی هەموو خەونەکانی تێدا دەبێتەوە
شیعرێکی تر بنووسم
لە بری من
لە ناو پێخەفی تەنیایی تۆدا بنووێت
لە بری وشە
بە بێدەنگی هاوار بکات:
ناهێڵم ئەم عەشقە کاڵ بێتەوە
وەک کاڵبوونەوەی بێهودەیی من
لە دەسپێکی ئەوینی تۆدا

یان کاڵبوونەوەی یادەوەرییەکانم
لە نێو شەوە سوورەکانی تۆدا
دەبێت ئەم عەشقە
هەر بەردەوام بێت
وەک بەردەکەی سیزیف
هەموو ئێوارەیەک
خلۆر بێتەوە و
بگەڕێتەوە خاڵی سەرەتا
بە ناو هەموو کاتەکاندا تێپەڕێت
کۆن نەبێت و
دیوارەکانی مێژوو بڕوخێنێ
بە شاخەکانی دڵدا سەربکەوێ و
هەڵنەدێرێ
ژوانێکی ئیرۆسی
لە پیرە ئەشکەوتی مەنفا
بە یەکترمان بگەیەنێت
ناهێڵم ئەم عەشقە کاڵ بێتەوە
ناهێڵم نێوانمان بتەزێت و
لەودیو پەنجەرەکانی گوومانەوە
تەماشای لاشەی داهاتوو بکەین

هیچ کات
نامەوێت ببمە
خۆشترین یادگارییت رابردووت
دەمەوێ بۆ هەمیشە
لە ئێستاکانی تۆدا بژیم
چاوم لێ بێت
چۆن بوخچەی ئەمڕۆت
پڕ پڕ دەکەیت
لە ئاواتەکانی من
هەستی پێ بکەم
چۆن مەرکانەکانی خۆت
تەژی دەکەیت
لە هیوای بینینەوەم
ناهێڵم ئەم عەشقە کاڵ بێتەوە
وەک درامایەک بگاتە
کۆتا گرتە
وەک خەونێک بگاتە بێداربوونەوە
وەک رۆمانێک
پێ بنێتە دوا لاپەڕە و
دڵۆپێک ئەسرینی سوور

بڕژێتە سەر دوا دێڕ
خۆم نوێ دەکەمەوە
وەک حەربا رەنگی خۆم دەگۆڕم
رۆژێک شین
چەشنی دڵە دەریاییەکەت
رۆژێک کەسک
وەکو چرۆی ئومێدەکانت
رۆژێک سپی
چەشنی رابردووت
رۆژێک رەش
هەروەکو زەمەنی پێش دەرکەوتنت
ناهێڵم ئەم عەشقە کاڵ بێتەوە
وەک ئەستێرەیەکی پیر
لە ناو گەردوونی تۆدا
بە دەوری خۆمدا دەخولێمەوە
سەما دەکەم و
تیشک لە دامێنی شەرواڵەکەمەوە
بەردەبێتەوە
مەی دەخۆمەوە
بە یادی ئەو سەرەتایەوە

مەست دەبم
هێشتا وەک تەڕیی ماچێک
بە لێوتەوە وشک نەبووەتەوە
جەزبە دەمگرێت
بۆ ئەو هەموو شێتییەی
لە ئەڤینم دەچۆڕێت
بۆ ئەو هەموو داگیرسانەی تۆ
لە نسرمی پووچگەرایی مندا
فێم لێ دێت
بۆ ئەو ژوانە گەرمانەی
نێو شەوەزەنگی فەنتازیاکانم
تێیدا تۆ
بە ئاگری لەشی رووتت
پەڕە پەڕە دڵم دەسووتێنی
ناهێڵم ئەم عەشقە کاڵ بێتەوە
تا لە ژێر بڵێسەی ماچەکانمدا
سەرکێشی خۆت نەدۆزیتەوە
تا لە نێو هاڵاوی مەمکەکانتدا
منداڵیم بۆ نەگەڕێتەوە
تا ژیان تەوقەمان لەگەڵ نەکا و

لەگەڵ خۆی ئاشتمان نەکاتەوە
تا گڕی مەرگێکی رەش
وەک دوو مەلی سپی
باوەشمان پێدا نەکات
لە کۆتاییشدا
تا من لالێتی بەرمنەدا و
نەتوانم پڕ بە برینداریی خۆم بقیژێنم
لە سەرو خۆشەویستییەوە
خۆشم ئەوێی
مەهێڵە ئەم عەشقە کاڵ بێتەوە
دەمەوێت پێش مەرگ
بە تەڕیی خۆت بمسووتێنی
بە گەرمی خۆم تەڕت بکەم
چەشنی جلێکی تەڕ
توند توند بمگووشە
تا دوا دڵۆپی خۆشەویستیم
دادەچۆڕێت
ماڵیم بکە لە کوخێکدا
دەستی نامۆیی پێ نەگا و
پڕ پڕ بێت

لەو کتێبە روو زەردهەڵگەڕاوانەی
سەوزێتی ئەوین دەگێڕننەوە
یەک یەک
ئەو نامانەم بخوێنەوە
لەوپەڕی شەیداییدا بۆم ناردبووی
لە دوماهی هەر نامەیەکیشدا
نووسیبووم
کۆتری دڵی من
لەسەر منارەی ئەشقی تۆ
بۆ ئەبەد نیشتووەتەوە
تۆش ئەم نیشتنەوە هەتاهەتاییەی من
لە خۆتدا قبوڵ بکە و
لە دامێنی نامەیەکیاندا
بە قەڵەم سوراوی لێوەکانت
واژۆی بکە

٢٠٢٣-٤-١٧
رۆژی دووشەمە
نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس

## خەونی شەوانی تەنهایی

دوای چاوەڕوانییەکی زۆر
ئەمشەو هاتیتەوە خەونم
ژووورە چۆڵەکەم
لە هەموو لایەکەوە
بۆن و هاڵاوی تۆی لێ هەڵدەستا
من زۆر لەوە دەستوپێ سپیترم
خەونی درۆ هەڵبەستم
نا، لە گێڕانەوەی خەونەکان دەترسم
ئێستاکە ئازایەتیم هەیە
خەونەکەمت بۆ باس بکەم
هاتیت، بێ ترس
لە کێردی خواوەندەکان
بێ ئاوڕدانەوە
لە لوورە لووری گورگی نەریت
بە پەنجەکانت

ختوکەی پیاوەتیت ئەدام
بە نیگا سووتێنەرەکانت
بەستەڵەکی کشوماتیت تواندەوە
بە پێکەنینە تیژەکەت
تەنهاییت لێ جیاکردمەوە
زۆر لێم هاتیتە پێشەوە
پتر لەوەی چاوەڕوانی بووم
وتت ئەمشەو
شەوی بێدەنگیی زمان و
گوێگرتن بۆ جەستەیە
سەرم شۆڕ کردەوە
بۆ نێو سینگت
هەروەک ئەو سیاسەتمەدارانەی
بۆ دۆلارێک ملی خۆیان شۆڕ دەکەن
لێوم بەر نەرمایی
مەمکە تامەزرۆکانت کەوت
لەوە دەچوو
رێبوارێکی تینوو بم و
رێی کانییەکم دۆزیبێتەوە
یان کۆڵۆمبۆس ئاسا

گەیشتبمە سەرزەمینی ئاڵتوون
لەوە دەچوو
کات سەری لێ شێوابێت
نەیدەزانی بۆپێشەوە بڕوات
یان لە جێی خۆی رەق هەڵبێت
پێدەچوو
شوێن هاتبێتەوە یەک
لە هەموو جێگەیەک بووین و
لە هیچ شوێنێکیش
دەستمان لەسەر دڵی یەکتر دانابوو
وەک ئەوەی چرکە بە چرکە
زەمەن بە نێو پەنجەکانماندا رەت بێ
لە باوەشی یەکتردا بووین
مەلی لەشمان لە باڵەفڕێ کەوتبوو
باڵندەی خەیاڵمان
لە رۆخی چۆمی چێژ نیشتبووەوە
دەستەکانمان دەفڕین
بەرەو جەستەی یەکتر
من لەسەر سینگی تۆ
بە خەتی هێرۆگلیفی
دێڕ بە دێڕ ماچم دەنووسییەوە

تۆش سەری پڕ ئێشی منت
بە هەردوو دەست راگرتبوو
چەشنی ئەوەی پێم بڵێی
ئەی دەوڵەمەندترین هەژار
سەری بەرزتم
وەک خۆت خۆش دەوێ
تۆ بە نیمچە رووتی هاتیت
نامەبەرێکی دێرین بوویت
هەموو نامەکانت
چۆڕاوگەی راموسان و
بەڵێنی هاتنێکی تاهەتایی
تێدا نووسراو بوو
ئەمە لە کاتێکدا
پێشتر لە خەونیشدا
ئازادییت پێ نەدەدام
قۆپچەی ئارەزوو بکەمەوە و
لێک ئاڵانمان بکەمە گرێکوێرە
ئەمجارە وا نەبوو
نەمامی ئارەزووەکانمت
لە خۆتدا رواند

ماچە قەدەغەکانمت برد
لەسەر لێوی خۆت
کردت بە تابلۆ
هەر چوار وەرزە زەردهەڵگەراوەمت
لە سەوزێتی لەشت هەڵکێشا و
مشتێک تەڕییت
هەڵڕشتە ناو رۆحی وشکەوەبووم
تۆ ئەمشەو هاتیت
(با)ی خەونێک هێنابووتی
پێت گووتم
ئەی پیری ئاتەشگای عیشق
ئەی جەنەراڵی دڵتەنگی
من ناهێڵم
لە نوێژی خەمۆکیدا
لەسەر بەرماڵی غەمگینی بمریت
نا، دەمەوێت پێکەوە بین
لە چیمەنی ئەویندا بنووین و
گەڵای ژیان بە خۆماندا بدەین
لە ژێر پرچی رەشی شەودا
ئەم بەڵێنە سپییەت دا و
بە پێنووسی تریفە واژۆت کرد

پێت گووتم
تۆ بەنی رزیوی تەزبیحی خەیاڵ نیت
بپچڕێیت و نەتوانم دەنک دەنک
کۆت بکەمەوە
گەڵایەکی وەریوی باخی بوون نیت
رەشەبای مەرگ بتڕفێنێ
من بە دڵی خۆم دەتخوێنمەوە
لە باخی رۆحمدا دەتڕوێنم
لە خۆمدا جێگەت دەکەمەوە و
لە تەنیشت خۆمەوە
نوێنی هەموو شەوێکت بۆ رادەخەم
پێت گووتم
ئەی جەنگاوەری دڵداریی
ئەی دوا دەروێشی تەریقەتی راستی
ئەگەر بە مانەوەی من
بەم رووتێتییەوە، رازیت
فەرموو هەر ئێستا
ئیمزای هاتنەوەی ئەم خەونە بکە
لە هەموو شەوانی تەمەنتدا
منیش بە بێدەنگی و

به پەڕەمووچی ماچێک
واژۆم کرد

ڕۆژی چوارشەمە
٣-٥-٢٠٢٣
ئەڵمانیا- بیلەفێلد
نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس

تێبینی: ڕۆژێکی خۆرەتاوە، جارجار پەڵە هەورەکان دێنە بەر پەنجەرەی خۆر، شەوی پێشوو خەونێکی ئیرۆسیم بە یارەوە بینی، هەرچەند ویستم خۆم لەو خەونە ببووێرم و شیعرێکی تر کە لە مێشکمدا تەقیبووەوە بنووسم، بەڵام ئەو خەونە هێندە کاریگەر بوو خۆی بەسەر ئەندێشە و پێنووسەکەمدا سەپاند و بە زۆری زۆرداریی ناچاری کردم بینووسمەوە، کەواتە من شاعیرێکم (ئەگەر بە ڕاستی شاعیر بم) خەونەکان بۆ سەر زمانی شیعر وەردەگێڕم، واقیعەکانیش بە پاڵپشتی فەنتازیاکانم دەشعرێنم. لەوانەشە وانەبێ و هەر ببزڕکێنم. سڤێتلانا ئالێکسییڤیچ لە وتارەکەیدا لە کاتی وەرگرتنی نۆبڵی ئەدەبیاتی ٢٠١٥دا گووتی: (من پێنج ڕۆمانم نووسیووە، بەڵام هەست دەکەم هەموویان یەک کتێبن دەربارەی مێژووی یۆتۆپیایەک). ئەم شیعرانەی منیش هەمان جۆرن، جەختی بەردەوامن لەسەر ئەوینی من بۆ ژنێک، بە تایبەت نازانم بۆچی شیعری پێشوو و ئەمەیانم نەکرد بە دانەیەک؟ لەوانەیە مەبەستم زۆربێژیی نەبووبێت، هێندەی ئەوەی جەختکردنەوە و پێداگریی بەردەوامە.

## من لە تۆدا جێماوم

هێشتا نازانیت
چ گیرخواردنێک لە تۆدا
گیرم خواردووە
ناتوانم لێت بێمە دەرەوە
بگەڕێمەوە بۆ لای خۆم
خۆمی پێشوو
کە کراسی تەنهایی لەبەردابوو
شەبقەی چەند داڵغەیەکی نەزۆکیش
لە سەریدا
ناتوانم لێت جیا ببمەوە
هەر خۆم دەزانم
چەند سەد ساڵە
لە رووباری حەزەکانتا خنکاوم
تەرمێکی سەر ئاو کەوتووم
گیرفانەکانم تەژین لە دڵۆپە ئاو

دڵیشم پڕ پڕ لە تۆ
فڕێم مەدەرە سەر وشکانی
دەمەوێت بە تەڕیی
وەک فرمێسکی دایکی شەهیدێک
لە چاوەکانتدا وشک ببمەوە
مەمدەرەوە بە خۆم
نازانم چی لە خۆم بکەم
مەگەر بچمەوە
بەردەم کەمتیاری نائومێدیی
قەپ لە ژیانم بگریّ و
داهاتووم بە کەڵبەکانی بهاڕێت
مەمدەرەوە بە خۆم
نێوانم خۆش نییە
لەگەڵ خۆمدا
خۆم دەخەمە
بەر دەستڕێژی تۆفانێکی تاریک
تروسکەی کزی ئێستام بپێکێ
مەمدەرەوە بە خۆم
زۆر لە مێژە لە خۆم ونبووم
سەردەمێکە، خۆم لە هیچ کوێ نابینم

نە لە جەنگەکاندا
نە لە بەرامبەر ئاوێنەکاندا
نە لە گۆڕستانەکاندا
بەڵێ خۆم لێ ون بووە
لە ڕێگا پێچاوپێچەکانی دڵتدا
بۆی دەگەڕێم
لەوێ خۆم دەدۆزمەوە و
تکای لێ دەکەم لەگەڵمدا بێتەوە
بۆ کاتی پێش ناسینت
دەست دەنێتە یەخەم
بەسەرمدا دەبۆڵێنێ و دەڵێت:
دڵۆپێک ئاوم
ڕژاومەتە ئەم ئاگرەوە
مەستییەکی سەرگەردانم
لە پێکی ئەم بێزارییانەدا
مەلە دەکەم
مەمدەرەوە بە خۆم
لە هەر شوێنێک خۆم بدۆزمەوە
نامناسێتەوە و
لەوە دەچێ بەردبارانیشم بکا

لەوەتی بیرم دێتەوە
خۆم بە چارەنووستەوە هەڵواسیوە
پێوەندی قاچەکانم مەکەرەوە
بەردەبمەوە ناو خەرەندی خەمۆکی
لەوانەیە ئەم خۆمە گەنجەی
لە تۆدا بزێویی دەکات
لە دەرەوەی تۆ
پیر پیر بووبێت و
ئەگەر بچمەوە بۆ لای
بەر گۆچانم بدات
تۆ فرێمەدە دەرەوەی خۆت
ئەم شەڕەم لەگەڵ خۆم پێ مەکە
ئەگەر تا ئێستاش
خۆم زیندوو بێت
حەز بە گۆڕستانێکی تەنها دەکات
لەگەڵ خۆیدا
گەنجییە زوو تێپەڕیوەکەی بنێژێ
مەمدەرەوە بە خۆم
لە پێش چاوم
خۆم لە خۆم هەڵدێ

چیتر خۆم چارەی خۆمی ناوێت
من لە رۆحی تۆدا
ماڵیی بووم
باڵندە سرکەکەی پێشوو نیم
ژیان پەڕی بە باڵمەوە نەهێشتووە
رێم بدە لە هێلانەی دڵتدا
ماندوویێتی ئەم سەفەرە دەربکەم
دواتر هەموو شتێکت بۆ دەگێڕمەوە
لە خۆتم دوور مەخەرەوە
پێنووسەکەم دەخنکێت و
فریای نووسینی وەسیێتێک ناکەوم
تێیدا بڵێم
لە شوێنەکەی خۆم
لە ناو تۆدا بمنێژن
تێیدا بڵێم
هەموو سپێدەیەک
برۆ بەر ئاوێنەیەکی عەیار
تا لە ناو تۆوە خۆم ببینم
گۆرانییەک بێدار بکەمەوە
خەونێک رامبکێشێتە ناو خۆیەوە

مەمدەرەوە بە خۆم
نازانم چی لە خۆم بکەم
ژەنینی گیتاری واقیعم بیر چووەتەوە
ناتوانم کای کۆنی ئەو شیعرانە
بە با بکەم
نەیانگەیاندمە هیچ کوێ
جگە لە بەرمۆدای بێهوودەیی
نەیانبردمە سەر هیچ سەرزەمینێ
جگە لە بیابانە قاقڕەکانی مۆتەکە
دەستیان نەگرتم بۆ هیچ شوێنێ
جگە لە کۆڵانە دووکەڵاوییەکانی رابردوو
لە خۆتم دوور مەخەرەوە
دەرگای هیچ ژنێکی ترم بۆ ناکوترێ
بەم ریشە ماش و برنجییەمەوە
هەورازی دڵێکی ترم پێ نابڕدرێ
لە ژێر ئاسمانی هیچ پەرییەکی تردا
گڕکانی شیعرەکانم هەڵناچن
مەمدەرەوە بە خۆم
کەمێک لە ناوەوەی خۆت رابمێنە
پیاوێک لە توخمی مۆم

وا هێدی هێدی لە تۆدا دەتوویێتەوە
زەریایەک لە ناوەوەی مندا
لە ژێر تیشکی نیگایەکی گەرمتدا
وا هێمن هێمن دەبێتە هەڵم
چۆلەکەیەکی سەرمابردەڵە
لە زستانی شەختەدا
لە بەردەم پەنجەرە داخراوەکەتدا
وەک بڵێی سەمات بۆ بکات
هەڵدەلەرزێ
لە خۆتم دوور مەخەرەوە
کەمێک دەنگت نەوی بکە
مەرگ لە ژوورەکەمدا نووستووە
با خەبەری نەبێتەوە
سەرم لەسەر سینگی خۆت لامەبە
نامەوێ جارێکی تر
تەنهایی بکەمەوە بە سەرین
یان بگەڕێمەوە
بۆ لای خەونە پیرەکان
کە هیچیان تێدا نابینرێت
جگە لە مۆنیی تابووتێک

مەمدەرەوە بە خۆم
تووشی دەردە لە بیرچوونەوە بووم
هەموو شتێکی خۆمم
لە بیر چووەتەوە
هەر بە تەنێ ئەوەندەم لە بیرە
من لەناو تۆدا جێمام
من لەناو تۆدا ژیام
من لەناو تۆدا دەمرم

رۆژی هەینی
٢٠٢٣-٥-١٢
نەخۆشخانەی بیلەفێلد میتە

تێبینی ئەم دەقەم پێشتر بە شێوەی دەنگەنامە (ڤۆیس) بۆ ماسینجەرەکەی خۆمم ناردبوو، بەو نیازەی لە داهاتوودا و دوای پاکنووس بینووسمەوە، ئەمڕۆ شەممە ١٣-٥-٢٠٢٣ لەناو ژانە جەستەییەکانمدا بەبێ هیچ گۆڕانکاریی و دەستکارییەک وەک چۆنم وتبوو لە ڤۆیسەکەدا نووسیمەوە، بۆیە هیچ گۆڕانکارییەکەشم نەکرد تا لە کاتی چاپکردندا هەستی یەکەم و سۆزە ئۆرگینالەکە کتومت وەک خۆی و بێ زیاد و کەم بگاتە بەردەم وەرگر.

## ئەفۆریزمە (نیچە)ییەکان

١
دەربارەی دەرەوەی خۆم
ئاژەڵێکی زۆرزانم
سەبارەت بە خودی خۆم
هیچ زانیارییەکم نییە
٢
لە دووریی دوو میلەوە
دوو دەنگ دەبیستم
بەسەر یەکدا دەبۆڵێنن
من و خۆم
٣
لەودیوی خۆمەوە
بۆ خۆم دەگەڕێم
جگە لە تاریکایی
هیچی تر نابینم

٤

لە دەرەوەی خۆم
چاوم بۆ نەیارەکانم دەگێڕا
نەمدەبینی گەورەترین دوژمن
خۆمم

٥

مێشکم کەمۆڵەیەکە
هەزاران پرسیاری یاساغی
تێدا جێ بووەتەوە
سەیرە تا نهۆ نەگەیشتوومەتە
سەر پرسیاری من کێم؟!

٦

سەرم سووڕماوە
بۆچی لەناو شێتییە دێرینەکاندا
دانایی دەدۆزمەوە
لە داناییە تازەکانیشدا شێتی؟!

٧

ئەو شتەی پێی دەگووترێت:
هەقیقەت
هیچ هەقیقەتێکی نییە

٨

هەوڵی زۆرم دا

بەڵگە بۆ خۆم بهێنمەوە

جارێ شێت نەبووم

لە کۆتاییدا

هیچ بەڵگەیەکم چنگ نەکەوت

٩

بە درێژایی تەمەن

ئالوودەی پێکەنین بووم

لە دوماهیدا

پێکەنین خستمییە گریان

١٠

شتێکی لە خۆم گرنگتر

لە دڵمدایە

ئەویش تۆیت

١١

مامۆستایەکم هەیە

تا ئێستا بۆ یەک جاریش

سوپاسیم نەکردووە

خۆم

١٢
هەموو چاویان لەسەر منە
ئەوەتا خۆیشم
لە خۆم دەڕوانم
هیچم لێ دیار نییە
١٣
چل ساڵم پێویست بوو
بۆ ئەوەی لە دەرەوەی خۆم
خۆم بخوێنمەوە
١٤
تووڕەییەکانم
پڕ پڕن لە ئارامی
ئارامییەکانم
پڕ پڕن لە تووڕەیی
١٥
گوێم لە هەرا و زەنای خەیاڵمە
خەو دەمباتەوە
بە دیار زرنگانەوەی وشەکانەوە

١٦

چەند بێ ئاوەز بووم

لە بری دڵ

بە ئاوەزەوە سەفەرم کرد

بەرەو جوگرافیای ئەوین

١٧

بۆ گەیشتنەوە بە خۆم

دەستم لە ڕێگاکەی خۆم

بۆ هەمیشە بەردا

بە ڕێگاکەی تۆدا

ملی ڕێم گرتووەتە بەر

١٨

بۆ ئەوەی بگەم بە تۆ

لە خۆم هاتمە دەرەوە

بۆ ئەوەی بگەیت بە من

بچۆرەوە ناو خۆت

١٩

لەوەتی تۆم ناسیوە

خۆم ناناسم

لەوەتی تۆم دۆزیوەتەوە

خۆم ون کردووە

٢٠

زۆر درەنگ تێگەیشتم

بۆئەوەی رووت بینەوە

دەبێت سەرەتا

جلەکانمان لەبەر بکەینەوە

٢١

چ زەمەنێکە

کتێب خراپترین هاورێیە

لە هاورێ کۆنەکانم بەدخووتر

٢٢

خۆشەویستی

گۆرانییەکی خۆش بوو

لە سەدەی بیستدا

لە رادیۆوە گوێمان لێی دەبوو

٢٣

من برینێکی گەورە نیم

لە مێژوودا

گەورەترین زامی نێو دیرۆکم

٢٤

لە میراتی نیچە

لەنێوان (زانستی شاد) و

(لە دایکبوونی تراژیدیا)دا (١)

یەکەمیانم هەڵبژارد

٢٥

ئەو رۆژەی خوا مرد

مرۆڤ و پووچگەرایی

بە یەکەوە لە دایک بوون

٢٦

لە دەرگاکانی دڵەوە

چوومە ژوورەوە

بە عاشقی هاتمەوە دەر

لە دەرگاکانی عەقڵەوە رۆیشت

بە شێتیی هاتەوە

٢٧

هەموو بوونم تێپەڕین بوو

لە ژیانێکی رەشەوە

بۆ نێو کفنێکی سپی

٢٨
تاکە کتێبێک
زانا و نەزان لێی تێنەگەن
مردنە
٢٩
نازانم لە کوێم
نازانم بۆ کوێ دەچم؟
ڕێگاکانم لێ ون بووە
٣٠
تەنها یەک جار
پێچەوانەی قەناعەتی خۆم
قسەم کردووە
ئەویش ئەوکاتە بوو
گووتم ژیان شوکلاتەیە
٣١
لە خەونەکانمدا
بۆ واقیع دەگەڕێم
لە واقیعدا
بەدووی خەونەکانمەوەم

٣٢

بۆ ئەوەی نیشانی بدەین

عەشق جوانە

پێویست ناکات

نەفرەت لە تەنهایی بکەین

٣٣

خراپەکانم

لە چاکەکانی ئێوە قەشەنگترن

ئێوە باشترین خراپەکارن

منیش خراپترین چاکەکار

٣٤

کامیان جوانترە

من نەخۆشییەکانم دەنووسمەوە

ئێوەش رقەکانتان؟

٣٥

هیچ نەپەرستییەکەی من

ملیۆنان جار باشترە

لە جەماوەرپەرستی ئێوە

٣٦

ئێوە تاکرەهەندن
ئاوەز پەسەند دەکەن و
شێتیی دەخەنە کەنارەوە
من ئاوەز و شێتییم
وەک یەک خۆشدەوێت

٣٧

پێویستم بەوە نییە بزانم
هۆشمەندم یان شێت
خۆم رووبەڕووی پرسیاری قۆڕ ناکەمەوە

٣٨

بەلامەوە باشترە
هیچم نەبێت
نەک شتێکم هەبێت
لە هیچ باشتر بێت

٣٩

شێتیی پێچەوانەی ئاوەز نییە
ئەوەندەی ئەو دووە
لە یەکتر دەچن
هیچ جمکێکی هاوشێوە
بوونیان نییە

٤٠

کە بیرکردنەوەم بۆ دنیا گۆڕا

لە بری دنیا

ئێوە روانینتان لە بارەی منەوە

سەد و هەشتا پلە گۆڕا!

٤١

نامەوێت بچمە مێژووە

رقم لە گەڕانەوەیە

بۆ دوێنێ

مێژوو دوێنێیە نەک سبەی

٤٢

مرۆڤی زەمەنی پۆست مودێرن

نرخی هەموو شتێک دەزانێت

بەڵام هیچ شتێکی بە نرخی نەماوە

٤٣

زۆرم پێ خۆشە

لە بارەی نەخۆشییەوە بنووسم

ئەگەر نەخۆشی بوار بدا

٤٤

هاوڕێ نووسەرەکانم

پێکەنین دەخەنە گریان

کاری من سەختترە لەوان

گریان دەخەمە پێکەنین

٤٥

بۆ ئەوەی شتەکان

بچنەوە جێگەی خۆیان

دەبێت هەسارە شینەکە (٢)

بە پێچەوانەوە

دەست بە سووڕانەوە بکات

٤٦

ئەوەی پێی دەگووترێت

ئازادیی

پێش ئەوەی بەدەستی بهێنین

لە کیسمان چووە

٤٧

ئەوەی پێی دەگووترێت

لە کەسی تر ناچێت

هەزار هاوشێوەیم لە بەرچاوە

٤٨

دەرکت بەوە کردووە

ئەوان دەتوانن لە من بچن

بەڵام من ناتوانم لەوان بچم؟

٤٩

هەموو ئەو بەڵگانەی

بۆ بوونی خودا دەخرێنە ڕوو

لە هەمان کاتیشدا

بەڵگەن بۆ نەبوونی

٥٠

من نووسەرێکی بچووکم

بەڵام مرۆڤێکی باڵا

ئەو رۆشنبیرێکی گەورەیە

بەڵام وردە مرۆڤ

رۆژی هەینی

٢-٦-٢٠٢٣

نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس

١-(زانستی شاد) و (لە دایکبوونی تراژیدیا) دوو کتێبی

دانسقەی فریدریک نیچەی فەیلەسووفی ئەڵمانین.

٢–هەسارە شینەکە مەبەست لە زەوییە کە بە دەوری خۆردا لە سوورِانەوەدایە.

تێبینی: ئەمرِۆ لە کاتی پیاسەکردن بە چوار دەوری قەڵای بێتلی نزیک نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس، خەیاڵم بۆ جێگەیەکی زۆر دوور هەڵفرِی بوو، بیرم لە فەیلەسووفی ئەڵمانی فریدریک نیچە دەکردەوە، بە تایبەت هەردوو پەرتووکی (زانستی شاد) و (لە دایکبوونی تراژیدیا)، هەردوو کتێبەکەشم تازە بۆ هاتبوو بۆ نەخۆشخانە، ئەمە جاری دووەم بوو بیانخوێنمەوە، ماوەی نێوان هەردوو جارەکە پانزە ساڵ دەبێت، لێ ئەمجارە باشتر دەرەقەتی بیر و تێرِوانینەکانی ئەم فەیلەسووفە دژە مۆراڵە هاتم. لەگەڵیدا دنیای تەمومژاوییەکەی ئەوم بە روونتر بینی، لە گەرِانەوەشمدا بۆ ژووری نەخۆشخانە دەستمکرد بە نووسینی ئەم ئەفۆریزمانە، بە بۆنەی ئەوەی هەموو ئەمرِۆ لەگەڵ دنیای نیچەدا بووم ئەم برِگانەم ناونا ئەفۆریزمە نیچەییەکان. لەوانەشە شیعرییەت بە مانا باوەکەی لەم پەنجا ئەفۆریزمەدا نەبێت، بەڵام کێ ئەو مافەی هەیە ئەم تێکستانە فرِێبداتە دەرەوەی شیعر؟. دەبێت شیعر مەمنون بێت هەڵگری ئەو مەدلوولاتە ئاڵۆز و هەستیارانە بێت لە ناواخنی ئەو تێکستانەدا خۆیان مەڵاس داوە. مەگەر زۆرینەی شیعرەکانی ئەدۆنیس وەک ترۆپکی شیعری عەرەبی، شێوەی ئەفۆریزمیان نییە؟. بۆچی ئەدۆنیس لووتکە بێت و ئێمەش دامێن؟.

## درەوشانەوەی نائومێدیی

١
پێشان
ئازادیی ئەوەمان نەبوو
ببین بە خۆمان
نهۆ ئازادیی ئەوەمان نییە
واز لە خۆمان بهێنین
٢
لە مەرگی خۆم هەڵدەهاتم
نقوومی ئەڤینت ببووم
لە ناکاو (لۆرێلای) هاتە سەر رێم (١)
بووم بە تێکشکاوترین پاپۆڕ

٣

ئەی مێدوسا (٢)

ئەی فریشتەی کوشتارچی (٣)

نیگام تێ مەگرە

چاوەکانت دابخە و

وەرە ئامێزم

٤

لە فڕۆکەی نوستالیژیادام

لە بری رابردوو

لە فڕۆکەخانەی ئایندە دادەبەزم

٥

هیچ کات بۆ خۆم نەگریاوم

دوێنێ شەو

ویستم کەمێک بۆ خۆم بگرییێم

کەوتمە قاقالێدان!

٦

بیرم دەکردەوە

چۆن لە دایک ببمەوە؟

وێنەی پێشووی خۆمم دڕاند

٧

لە زیندان هەڵاتووم
ئەگەر پۆلیسی ناوەوەی خۆم
فڕێم نەداتەوە ناو خەڵک

٨

لە قاهیرە
قاوەگرەوەیەک داوای کرد
بەختم بۆ بگرێتەوە
ڕەتم کردەوە
چوونکە ڕقم لە زانینی
ڕۆژی تیرۆرکردنمە

٩

ئەی خۆکوشتن
شەقامی ژیان و
کۆڵانی مردنم لێ دامەخە

١٠

پێچەوانەی هەمووتانم
ئێوە بەرەو مەرگ مل دەنێن
منیش بەرەو ژیان

١١
ئەگەر ناتوانیت
خەیاڵ راڤە بکەیت و
ئازار بنووسیتەوە
چی وا دەکات بنووسیت؟
١٢
کردنەوەی ئەو نامەیە
وەک کردنەوەی دەرگای گەردەلوول وایە
مادام تێیدا نووسراوە:
خۆشم دەوێی
١٣
نە دەتوانیت جێم بهێڵیت
نە دەتوانم جێتبهێڵم
ئەم یەکتر راگرتنە
لە دۆزەخ دەچێت
١٤
من و تۆ
بە لای یەکتردا رەت دەبین
رۆژێکی خۆشم هەبوو
تۆ دڵتەنگ بوویت

داوات کرد بۆ سەلماندنی عەشقەکەم
لەگەڵتدا فرمێسک بڕژم
ئەوجا من
داوام کرد بۆ سەلماندنی عەشقەکەت
لەگەڵمدا زەردەخەنە بهێنیتە سەر لێو
١٥
هێندەی کورتی عەشقەکەت
شیعرەکانم درێژن
هێندەی تاریکایی رۆیشتنت
تەنیاییەکەم رۆشنە
١٦
من کۆردیلیام (٤)
نازانم خۆشەویستی خۆم دەربڕم
تەنیا دەتوانم
گیانی خۆمت پێشکەش بکەم
١٧
قسەکانم جوان نین
کەڵبەیان هەیە
شیعرەکانم شیرین نین
کێکی تاڵن

١٨
من زنەیەکی باریکەلەم
بە زەوی ژیاندا رەت دەبم
ئەوان بە هەموویان
گۆمێکی لیخن
١٩
خەونێکم هەیە
هەرچی دەنووسم
بۆ راڤەی ئەو خەونەیە
٢٠
پیرەمێردێک لە ناوەوەمدایە
بە دوای زمانێکی تردا دەگەڕێ
خۆی پێ بنووسێتەوە
٢١
لە شیعردا
دوورەکان لێکتر نزیک دەکەمەوە
ئەو شتانە لە یەک مارە دەکەم
پێچەوانەی یەکترن

٢٢

لە ناو ئەم خامۆشییەدا

ناڵەی شیعرێکم

کە ئێوە دەتانەوێت

دەمی ببەستن

٢٣

لەبەرئەوەی خۆشم دەوێی

دەخوازم لە تۆدا ون بم

نەک خۆم بدۆزمەوە

٢٤

ئەگەر منت خۆش دەوێ

هێندە لە نزیکەوە

وێنەم مەگرە

برینەکانم زووم مەکە

٢٥

بە ڕۆیشتنت

دڵم خاڵی بووەوە و

مێشکیشم پڕ

٢٦
ئەو باڵندە خۆشباوەڕە بووم
لەسەر تەڵەکانتان نیشتمەوە و
پەڕ و باڵتان کردم
٢٧
لە کۆماری ژاوەژاو (٥)
بە پاڵەپەستۆ دەرتان کردم
لە ئاگۆرای شیعردا
بووم بە هاووڵاتی
٢٨
ئێوە هەمووتان
کەوتوونەتە دوای گوێدرێژ
گاڵتەش بە من دەکەن
کە لەسەر پشتی ئەسپی
روانگەکانی خۆم دانابەزم
٢٩
ئەو خودایەی
نیچە هەواڵی مەرگی پێ ڕاگەیاندین
بە نەخۆشی و دەردەپیریی نەمرد
لە شەرمدا خۆی کوشت

٣٠
لە شەڕی نێوان
پێغەمبەرەکان و فەیلەسووفاندا
پەیامبەران بردیانەوە
خەڵک یۆتۆپیایان پێ خۆشترە
٣١
لەسەر لووتکەی کتێبەکانەوە دەفڕم
چەشنی هەڵۆیەک باڵەکانم دەکرێنەوە
تا دێ بەرز و بەرزتر دەبمەوە
دنیاش لە پێش چاوم
بچووک و بچووکتر دەبێتەوە
٣٢
پێشتر
خەڵکمان فێری دەنگ هەڵبڕین دەکرد
وا دیارە ناچارین
قیژەقیژیان لە بیر ببەینەوە
٣٣
ئەگەر بشمکوژن
باکم نییە
بە نەمریی دەمرم
وەک چۆن ئێوە بە مردوویی دەژین

٣٤
زیاد لە خۆی شۆڕشگێڕم
بڕوام بە راکێشانی میلی تفەنگ نییە
تەنێ باوەڕم
بە هەڵتەکاندنی دۆگمەکانە
٣٥
ئەی زەمین قووتم بدە
شەمشەمەکوێرە
بووەتە باڵیۆزی هەتاو
٣٦
لە پەڕاوێزدا بووم
بە نیازی خستنە پەڕاوێزەوە
شەقبارانیان کردم
خۆم لە چەقدا بینییەوە
٣٧
تا پێی کرا
بە تەورەکەی دەستی
سەری تیشکی پەڕاند
ئێستا لە بەرزاییەکەوە
بووە بە دەمڕاستی پەلکەزێڕینە

٣٨

خۆم چرا دەگرم

بۆ ئەوانەی دەمکوژن

مانگ ناتوانێت

خەرمانە بشارێتەوە

٣٩

ئومێدگەرایی

ناوی ئەو کتێبەیە

هەرگیز ناینووسم

٤٠

شیعر

لەو ساتەوەی لە دەربارەکان

هاتە دەرەوە

دەستی بە درەوشانەوە کرد

٤١

دووریی

چەمکێک بوو لە رابردوودا

تەنیا لە شیعری کوردییدا ماوە

٤٢
پێشەوەم مەرگە
پشتەوەم ژیان
بێ ئاوڕدانەوە
هەر بۆ پێشەوە مل دەنێم
٤٣
(پاسترناک)ێکی چەپم
راست و چەپ
کۆکن لەسەر ئەوەی
لە گۆڕی فەرامۆشکردنا بمنێژن
٤٤
ئەو رۆژەی دەکوژرێم
هەورێکی رەش
لە چاوی ئەم دێڕانەدا کۆدەبێتەوە
نم نم بەسەر تابووتەکەمدا دەبارێت

٢٠١١-٦-١٢
سلێمانی- گەڕەکی عەقاری

١-لۆرێلای بە پێی میتۆلۆژیای ژێرمەنی پەرییەکی ئێجگار قەشەنگی دەریایە و بە ئەفسوونی سەدا و جوانییە لە رادەدە بەدەرەکەی پاپۆڕەکان بەرەو گاشەبەردێک کێش دەکات و تێکوپێکیان دەشکێنێت.

٢-میدۆسا بەپێی میتۆسی گریکیی ژنێکی زۆر جوانە، توانای هەیە بە نیگاکردنێک هەموو شتێک بکات بە بەرد.

٣-فریشتەی کوشتارچی: ناوی فیلمێکی (بۆنوئێل)ە.

٤-کۆردیلیا سێیەمین کچی پادشا لیرە لە شانۆنامەی شا لیری شکسپیردا. ئەو ناتوانێت ئەوین و هەستی خۆی بۆ باوکی دەرببڕێت، بەڵام لە کۆتاییدا گیانی بۆ گێڕانەوەی تەختی باوکی دەبەخشێت.

٥-لێرەدا مەبەست لە کۆمارەکەی ئەفلاتۆن نییە کە شاعیرانی تێدا وەدەرنرابوو، بەڵکو مەبەست لە کۆماری ژاوەژاو ناوەندی رۆژنامەوانی کوردییە، بە تایبەت سێ مانگ لەمەوبەر کە لە پێگەی سەرنووسەرێتی گۆڤاری (نێوەند) دەرکرام، بەهۆی ئەوەی ویستم خۆم بم و نەکەوتمە ژێر هەژموونی پۆپۆلیزم و گاڕانێتی بەردەرکی سەراوە، ئێستا لە ماڵەوە بێکار دانیشتووم، پەنام هێناوەتە بۆ لای دۆستە دێرینەکەم واتە شیعر.

تێبینی: ئەو چل و چوار تێکستەم لە سلێمانی نوسیووە، کۆنتێکستەکە بۆ ئەو بارودۆخە رامیاریی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەی ئەوێ رۆژێ دەگەڕێتەوە، بە تایبەت بۆ من

کە بەر نەفرەتبارانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کەوتبووم لەو چرکەساتانەدا، پێشبینی کوشتن و تیرۆرکردنم تەنیا ریتۆریک و کەتواری ناو تێکستەکان نەبوو، بەڵکو نزیکترین ئەگەر بوو لە واقیعی راستەقینەدا. بەهەمەحاڵ ئەم دەقانەم دەمێک بوو لێ بزر ببوو، ئەمڕۆ بە رێکەوت لەناو ئەرشیفی نووسراوەکانی خۆمدا لەسەر هاردێکی دەرەکی دۆزیمنەوە، هێشتاش وتار و تێکستی ونبووی ترم هەن و بەردەوام دەبم لە گەڕان بە دوایاندا هەروەک رۆڵەیەکی ونبووی خۆم شوێنیان دەکەوم. جگە لەمەش ئەم چل و چوار دەقە بێ ناونیشان بوون، ئەمڕۆ ٢-٧-٢٠٢٣ ئەو ناونیشانەی سەرەوەم بۆ هەڵبژارد، هەڵبەتە بۆ یادهێنانەوەی ئەو رۆژانەی نائومێدییەکی زۆر قووڵ باڵی بەسەر ژیانمدا کێشابوو.

## لەودیو خەیاڵیشەوە تۆ هەیت

تەرمێکی سەر ئاوکەوتووی
نێو دەریای خەیاڵ بووم
لە کەنارێکدا منت هەڵگرتەوە و
پێت وتم:
ئەی لاشە وێڵەکە
من باڵندەیەکی دەستەمۆ نیم
لەودیو خەیاڵی هەر پیاوێکەوە
هێلانەیەکم بۆ خۆم چێ کردووە
بەڵام منیش بێ خەیاڵ نیم
چەندین جار
لە دەرگای تراویلکەئاسام داوە
ئێستا تۆ دەناسمەوە
هەمان ئەو پیاوەیت
چەپڵەت بۆ عیشق لێدەدا

لە دەریایەکی هەڵەدا خنکایت
شەپۆلێک بوویت
نەیانتوانی لە تویێی هیچ رۆخێکدا
وشکت بکەنەوە
بۆ ئەم دەریا خنکاوەیان ناردی
کە خۆی لە تینوویێتیدا
ئاتاجی مشتێک ئاوە
تۆ بیرت نایەتەوە
نا، من باشتر لە خۆت دەزانم
شەپۆلی زەریایەکی گەورەتر بوویت
یادەوەرییت کۆمەکت ناکات
بزانیت کەی بوو
داپیرە زەریا پاڵی پێوەنایت
بەرەو کەنارێکی وشک و برینگ؟
نازانیت تاوانت چی بوو
زەریا لە خۆی جیا کردیتەوە
تۆ زوو زوو فێت لێ دەهات
خۆت دەکوتا بەرەو کەنار
بەرەو رۆخی ژنێکی ئاگرباز
ئەی بەدبەخت

ئەمە یەکەم جارە ببینم
شەپۆل گڕ بگرێت و
ببێتە خۆڵەمێشێکی تەڕ
بە خۆڵەمێشیش هەر ملت دەنا و
بە خەیاڵی رابردووەوە
کە شەپۆلێکی سەرشێت بوویت
هورووژمت دەبرد
لە بری ئەوەی تۆ
گوناهەکانی ئەو ئاگربازە پاک بکەیتەوە
ئەو دەستی خۆی پێشخست و
خراپییەکانی خۆی پێ قووتدایت
دەزانم ئەمانەت هیچی لە بیر نییە
بەڵکو باشتر
یادەوەرییت لەو رۆژانە پاک بووەتەوە
چاوەکانت بکەرەوە
بە کامی دڵ لە من رابمێنە
هەمان ئەو نیگارەکێشەم
سالانێکە بە فڵچەی فەنتازیاکانم
پۆرترێتت دەکێشم
لەودیو قەڵەمڕەوی خەیاڵتەوە

من هەر هەبووم
زۆر لە مێژە لە چاوەڕوانیتدا
لە تەمەنی خۆم دەخۆمەوە
زۆر دەمێکە
شەڵاڵم لە هەنسکەکانی خۆم
وەک چامەیەکی تەڕوبڕ
لە چاوەڕوانیی دەرکەوتنی تۆدا بووم
تا ئاشت ببمەوە
لەگەڵ گوڵە حاجیلەکانی چێژ و
بتلێمەوە لە نێرگسەجاڕی باوەشتدا
بیرم نایەت لە کەیەوە
لەسەر ئەم مەرقەدی گریانە
پرچی خۆم دەڕنمەوە
لە چاوەڕوانی وتنی هەر یەک جار
خۆشم دەوێی
لەلایەن تۆوە؟
ئای چ جادوویەکە
ئەو وشەیەی کۆتایی
وایکرد بە مردوویش
هەستی پێ بکەم و

پێڵوەکانم بکەمەوە
ببمە دڵۆپێک ئاونگی قەتیسماو
لەو چاوانەی لە منی دەڕوانی و
بیری لە ئایندە دەکردەوە

ڕۆژی سێشەمە
٢٠٢٣-٧-١١
نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس

تێبینی: ئەم دەقەم لە کاتی سەختترین ئازاری نەخۆشی شێرپەنجەدا نووسیوە، دەستێکم لەسەر موبایلەکەم و دەستەکەی ترم لەسەر دەمم تا ڕێگە لە شەپۆلی ڕشانەوەی دوای چارەسەری کیمیایی بگرم. لەم دۆخەشدا هەر بیرم لە عەشقێک دەکردەوە لە ناخمدا نێڵەنێڵێتی. خۆم داوەتە دەست ئەم خۆشەویستییە و نازانم بەرەو کوێم دەبات، چوونکە دیار نییە ئایا دەتوانم زۆرتر بژیم یان نا یانژی تەمەنم کۆتاییەکانی خۆی دەنووسێتەوە؟. هیوادارم بژیم نەک لەبەرئەوەی ژیانم پێ خۆشە، لەبەرئەوەی عەشقی تێدا دەکەم و ڕووبەڕوو دەبمەوە، ئەم ئاڵنگارییەم پێ خۆشە. ئەگەر نا ژیان وەک دیاردەیەکی ئەبستراکت هیچ مانایەکی نییە، ئەوەی ژیانی من لەهەر ئاژەڵێکی تر جیا دەکاتەوە، ناوازەیی ئاوەز نییە، بەڵکو توانستی خۆشەویستییکردنە.

## ئەگەر دەتوانیت لێگەڕێ!

لێگەڕێ
با تیرەکەی ئیرۆس کوناودەرم بکا
لێگەڕێ با بە کێردەکەم
سەری خەمۆکی لێ بکەمەوە
لێگەڕێ
با وەک شەوێکی رەهێڵەی زستان
لە باڵەخانەی تەنهاییەوە
خۆم هەڵبدەمە چیمەنە رووناکەکەتەوە
لێگەڕێ
با سندووقی پۆستەکەت
پڕ بێت لە فرمێسکی وەریوم
لێگەڕێ
با لە ئاوێنەکانی تۆوە

چرچبوونی زەمەن
لەسەر پێستم ببینم
لێگەڕێ
با بە کلیلەکانی ئێستا
دەرگا داخراوەکانی ئایندە بکەمەوە
بە هەمان ئەو کلیلانەش
قاپییە ژەنگاوییەکانی رابردوو
کڵۆم بدەم
لێگەڕێ
با وەک ملوانکەکەی دایکم بپچڕێم
مووررووە رژاوەکان
لە ملی تۆدا کۆبکەمەوە
لێگەڕێ
با ئەم کەشتییە وێڵەی ئەڤین
لە نیگا وشکەکانتدا لەنگەر بگرێت
لێگەڕێ
با ئەم خەونە مەلۆتکەیە
لە ئامێزی تۆدا پێ بگرێت
لێگەڕێ
با ئەو سترانە دڵناسکانە

بە سەد جۆرە ئاواز
لە تۆدا زاریان بکەنەوە
لێگەڕێ
با گوڵە شینەکانی ئارەزوو
لە ئینجانە نارنجییەکانتدا
شکۆفە بکەن
لێگەڕێ
با لە قوماری ئاوێزانبووندا
گشت تەنهاییەکانم بدۆڕێنم
لێگەڕێ
با دڵۆپ دڵۆپ شەونمی تۆ
بەسەر گەڵای دڵتەنگیما بباریێ
لێگەڕێ
پێش ئەوەی شیعرم بیر بچێتەوە
بەرلەوەی زمانم بدزرێت
با گڕ لە چەمی بێزارییت بەربدەم
لێگەڕێ با کولتوور
لەولاوە چاو بز بکاتەوە و
ئەگەر مەرگیش بباریێت
ئێمە چەتری ترس هەڵنەکەین

لێگەڕێ
با بێدەنگیی بدوێت
پیتەکان لەناو هەناسەکانماندا
هێدی هێدی بتووێنەوە
لێگەڕێ
با لەم چەرخە گرگنەدا
عەشقێکی مەزن
لەسەر دیوارەکانی مێژوو هەڵکۆڵین
لێگەڕێ
با لە رووباری سۆزی کڵپەسەندووتا
بەلەمەکەم کون بکەم
لێگەڕێ
با پێڵاوی ئەم غەریبییەم
لە هەیوانی سێبەری تۆدا داکەنم
لێگەڕێ
با وەک بەردێکی قوورس
لە دڵی تۆدا سەنگین بم
لێگەڕێ
با لە خەونیشدا خەون ببینم
هێلانەکەم بگۆڕمەوە

بە چەند گرام لە هەنگوینی ئازادیی
لێگەڕێ
با سەیرکردنی ئاسمان تەرک بکەم
کە ئەستێرەکەی من
لەسەر زەوی دێت و دەچێت
لێگەڕێ
با لە پشتی هەتاوی مەمکەکانتەوە
خۆم لە پەژارەکان بشارمەوە
لێگەڕێ
با بۆت روون بکەمەوە
کات زۆری بە بەرەوە نەماوە
ماچەکانی ئەمڕۆ مەخەرە سبەی
لێگەڕێ
با لە ژێر لیفەیەکی مۆردا
گەزۆی چێژمان بەسەردا بباریێ
لێگەڕێ با بە ئەسپایی
بڕۆمە ناو نوێنی ژیان و
مەرگی نووستوو بێدار نەبێتەوە
لێگەڕێ
با تاوێر بگرمە

شووشەی درزتێبووی خۆکوشتن و
فۆتۆکانی مەرگ لە زەینمدا بدڕێنم
لێگەڕێ
با کەمێک لە خۆم رابمێنم و
بزانم گڤەی «با»ی ئەم ئەوینە
لە چ مەڵبەندێکەوە بەرەو رووم دێ؟
لێگەڕێ
با وەک مەلێکی تینوو
لە کانیاوەکانی لەشی تۆ بخۆمەوە
لێگەڕێ
با لە خومخانەی رەشبینی
بێمە دەرەوە
بێ لە دەرگادان
خۆم بخزێنمە باوەشی ئاڵی تۆوە
لێگەڕێ با رەخنەگرەکان
گاڵتە بەم شیعرە شکۆمەندانە بکەن و
بە مەراقی پیاوێکی شێت
کە سەر لە تیۆرەکانی درۆ دەرناکات
لێکدانەوەی بۆ بکەن
لێگەڕێ

با هەرچی شتە بیشکێنم
جگە لە دڵی بلووریی تۆ
لێگەڕێ
با تا هێزم تێدایە
لە خۆم رابکەم بەرەو تۆ
لێگەڕێ
با ئازارەکانم بیربچێتەوە
مینا ئەو شیعرە عەرەبییانەی
لە قوتابخانە ئەزبەرم دەکردن
لێگەڕێ
با خۆم خاڵی خاڵی بکەمەوە
تا بتوانم تۆ پڕ پڕ بکەمەوە
لێگەڕێ
ماڵی خۆم لە گۆڕستان بگوازمەوە
بەرەو کوخەکەی تۆ
کە دیوارەکانی بە شیعرەکانی من
زەخرەفەڕێژ کراون
لێگەڕێ
با سەیرێکی کاتژمێری دەستم بکەم
ئاە کاتی هاتووە

تەختەخەوەکانمان چەشنی دڵمان
بە یەکەوە بنووسێنین
ئەگەر دەتوانیت لێگەڕێ
با دوا گۆرانیت بۆ بڵێم:
بە قەدەر دووریی لە خۆم
لە تۆوە نزیکم

ڕۆژی یەکشەمە
٢٠٢٣-٧-١٦
نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس
شتاسیۆنی نۆرۆلۆگی

تێبینی: هەست دەکەم ئەم ماوەیە مێشکم مێرووولە دەکات و شتێک وەک شیعر تێیدا دەجووڵێتەوە. ئەگەر ڕێگەم بدابایە ئەم تێکستە خۆی فراوان و درێژتر دەکردەوە، دەبوو بە کتێبێکی سەربەخۆ چاپی بکەم، کە ڕێگەشم پێنەداوە لەوە زیاتر خۆی درێژتر بکاتەوە بۆ ڕەچاوکردنی ئەو دۆخە تەندروستییەی ئێستامە، بەڵام ڕۆحی دەقەکە لەو دێڕانەی سەرەوەدا بەرجەستە بوون. خۆم قایل کرد کە ئەوەندە بەسە و کرۆکەکەی گەیشتووە. جیا لەوەش بە متمانە بەخۆبوونەوە دەڵێم ئەگەر شێرکۆ بێکەس داهێنەر و پێشەنگی ڕۆمانە شیعر

بێت، شیعری من پێشەنگایەتی چیرۆکە شیعر دەکات، بەو پێودانگەی گێڕانەوەی سەربردە و چیرۆکسازیی بەشی هەر فرەی دەقەکانم پێکدەهێنن، هاوکات زۆرینەی تێکستەکانم هەموو رەگەز و ستروکتۆرەکانی ئۆپێرایان تێدایە, ئەمڕۆش نەبێت سبەی ئەم نیگارە هەر دەبینرێت، وەلێ داخەکەم شانسی ئەوەم نەبووە خوشکێکی بە هەڵپە و ساختەچی وەک ئەلیزابێسی خوشکی نیچەم هەبێت کە لە پێناو ناوبانگ و بەرژەوەندیی خۆیدا ببێتە کۆکەرەوەی بەرهەمەکانم، با کتێبێکی ساختەش بەناومەوە بڵاوبکاتەوە، لە ئاکامیشدا ئەو کتێبە ساختەیە ببێتە مانیفێستی وێرانکاریی، وەک چۆن کتێبە ساختەکەی نیچە بوو بە کتێبی پیرۆزی هیتلەر و نازیزم.

## برووسکەکان لە شەهریارەوە (١)

**ئاوابوون**

سپێدەیەکم

ژیان تێمدا شەپۆل دەدات

پاش ئاوابوونم

شەوەکان پەیتا پەیتا دێن

هەر دێن و دێن

بێ بڕانەوە دێن...

**عەشقی یەکلایەنە**

کۆڵان بە کۆڵان

مەرگ بە دوامەوەیە

هەر لێی هەڵدێم و

لە دووری دوورە هاواری لێ دەکەم

لە نێو گەدەی تۆشدا

به دوای ژیاندا دەگەڕێم
ناشێ بیرت چووبێتەوە
من عاشقی تاکلایەنەی ئەوم؟
**ونبوون**
هێندە گریان رژاوەتە دڵمەوە
تامی پێکەنینم بیر نەماوە
ئەوەندە لە خۆمدا ون بووم
رێی چوونە دەرەوە نادۆزمەوە
**لووتکە**
نامەوێ بگەمە لووتکە
لەسەر هەر لووتکەیەک
سیزیف یان نیچەیەک
بە بێ چارەیی وەستاوە
**نامۆبوون**
من نامۆ نیم بە ژیان
تەنیا لە روانگەی ئێوەی نامۆوە
من نامۆم
**ئەنفالکۆست**
دوای ئاوشڤیتز
ئەنفال

پێی گووتین
ئەم جیهانە خاڵییە
لە هەر خودایەک
**سەلماندن**
پێویست ناکات
نەبوونی خودا بسەلمێنیت
بوونی خۆت بسەلمێنە
**شەکری سوێر**
پێیان گووتم
وشەیەکی راست بڵێ
دڵی کەس خۆش نەکات
گووتم: جیهان سامناکە (٢)
**سەرسووڕان**
لە ئیسلامییەکان تێناگەم
خودا پێویستیی بە ئەوانە
یان ئەوان پێویستیان بەوە؟
**کەوانە**
ئۆگەستین پێیوابوو
خراپە پیواربوونی چاکەیە
بەڵام سەری دەرنەدەکرد

ئاین نائامادەیی چاکەیە

**ئەنفلۆنزا**

غەمگینیی

سرووشتی پەتای هەیە

نزیکەکان لە یەکتری دەگرنەوە

**مەتەڵ**

ئەی دۆست

بۆ ئەوەی لە هیچ کەس نەچیت

لە هیچ کەس مەچۆ

**وڕێنە**

نەوەکانی ئایندە تێبگەیەنن

دۆڕان ئەو کاتەیە

خەیاڵەکانیان لە واقیع بچووکتر بێت

**کوڵان**

لە مەنجەڵێک ئاوداین

کە ناوی ژیانە

ئاگری کات

کزکز لە ژێریدا دەسووتێت

**پشت لە مردن**

کە بانگی ژیان دەکەم

لە (زەنگی سپی) دەچم (٣)
کە مەرگ ناوم دەخوێنێتەوە
باڵندەیەکی نابیستم

**شیعری ئەڤینداریی**

تکایە دەرمبهێننەوە
کەوتوومەتە چاڵی شیعرێکەوە
زەمەنی تێپەڕیوە

**تەنیایی**

ئەگەر ناتوانی لەگەڵ من
ببیتە یەک
تکایە چیتر مەیەرە پێشەوە
سرووشتی تاک و تەنهایی خۆمم
خۆشدەوێت

**پەراوە**

لە ئەمڕۆ پرۆڤە دەکەم
لە هاوڕێکانم دوور بکەومەوە
هەرچی چەندێک پارە بخۆن
ناگاتە چارەکی ئەو رقەی ئەوان دەخوات

**تاران**

لە مەیدانی ئازادیی

هەتا چاو بڕی دەکرد
ئارەزووی زنجیرکراوم بینی
**رەشبینی**
زۆرینەی تاریکبینەکان
ئەوانەن بە عەینەکی رەشەوە
سەیری ژیان دەکەن
**غەزەوات**
کە گوێم لە وشەی غەزو دەبێ
ناتوانم ئەو دیمەنە
لە مێشکمدا بسڕمەوە:
چەندان ئەسحابە
بە میز ئاوری ئاتەشگاکان دەکوژێننەوە
**مارە بە جاش**
ئەگەر تۆ بڕۆیت
کۆنە یارەکەم مارە دەکەمەوە:
تەنیایی
**بەزەیی**
کاتێک تۆ لێرەیت
بەزەییم بە دۆستە دێرینەکەمدا دێتەوە:
خەمۆکی

**ئامێر**

لە پێش مۆدێرنێتەوە
مرۆڤ ئامێری دروستدەکرد
ئێستا ئامێر مرۆ دەئافرێنێت

**رۆژنامەوان**

لە سەروپۆتەڵاکی زۆرینەیاندا
نیگایەکی راسپۆتینی و
رۆحفرۆشییەکی (فاوست)یانە بەدی دەکەم

**سیاسەت**

هەموو کورد
بە راکردن لە سیاسەت
سەرقاڵن بە سیاسەتەوە

**بیرکردنەوە**

وامدەزانی
بارەکەم هێندە قورس نییە
نەتوانم هەڵیبگرم

**سفر**

جیهان بووە بە بیرکاری
ماتماتیکیش
بە سفر دەستپێدەکات

**بەدگۆڕان**

من تەنیا ژیانم دەناسی
تۆ مردنت پێناساندم
من تەنیا بۆ خۆم دەگریام
تۆ واتکرد بە خۆم پێبکەنم

**فیزیک**

غەمەکان تەنێکی قورسن
لە دڵدا دەنیشن
شادییەکانیش باڵ دەگرن

**دز**

دزەکان لە تۆ باشتر بوون
ئەوان چەند جار جزدانەکەمیان دزی
تۆش یەک جار دڵم

**پاڕانەوە**

داواتان لێ دەکەم
چەقۆکە لەسەر دڵم مەچەقێنن
ژنێک لە ناویدا نوستووە

**بکوژ**

تۆ واتکرد ببم بە بکوژ
لەگەڵ هاتنت

دەستم بە خوێنی تەنیایی
سوور بوو

**فاکت**

مێژوو
هەر دوێنێ نەبوو
ئەمڕۆ و سبەینێشە
کە تێیدا دڵم دەشکێنی

**دابڕان**

ناڵێم مەڕۆ
بەڵام پێش ئەوەی بڕۆیت
شوێنی گۆڕەکەکەمم بۆ دیاری بکە

**بەکارهێنان**

ئەوەندە پیسکە مەبە
شتەکانت بەکاربهێنە
بۆ نموونە زەردەخەنە
یان وشەکانت

**هاوڕێ**

یەک عاشقم هەیە
لە هاوڕێکانم و ئەڤیندارەکەم
زۆرتر خۆشیدەوێم

پێم خۆشە ئێوەش ناوی بزانن:
ئازار
**دیدالیۆس**
هەر گوێم لە ناوەکەم دەبێ
لە بری خۆم
(ستیڤان دیدالیۆس)م دێتەوە خەیاڵ (٤)

کۆتایی هاوینی ۲۰۱۳
تاران- شەهریار
هوتێل باغی گێلاس- نۆڕینگەی دکتۆر فەرزاد میحرابی

١-شەهریار، کەوتووەتە رۆخی شاری تارانەوە، هەفتەیەکە لێرە لە هوتێل باغ گێلاس لاماندوە.

٢-بۆ فەیلەسووفی ئەڵمانی لایبنیتس ئەم جیهانە باشترین جیهانە. وەک بڵێی ئەمە دوا توانستی خودا بووبێت لە ئافراندنی جیهاندا.

٣-زەنگی سپی، باڵندەیەکی بچووکی نیشتەجێی ئەمازۆنە، خوێندنەکەی کە ١٢٥ دیسیلە ئەوەندە تیژە دوور نییە پەردەی گوێی مرۆڤ بدڕێت، چونکە توانای دەنگ وەرگرتنی گوێی مرۆڤ نزیکەی ٨٥ دیسیلە.

٤-ستیڤان دیدالیۆس ئەو ئەندازیارە لێزانەیە لە ئەفسانەی

یۆنانیدا هێمای سەرکێشیی ئەڤیندارانەیە.

تێبینی: ئەم برووسکانە لە کۆتایی هاوینی ساڵی ٢٠١٣دا لە هوتێل باغی گێلاس لە شەهریار- تاران و نۆڕینگەی پزیشکی نۆرۆلۆگی ئێرانی (د.فەرزاد میحرابی) لە شەهریار نووسراون. لە رۆژی ڤالانتاینی ٢٠١٤ لە کافتریای ماڵە دارینە- سلێمانی لە کۆڕێکی هاوبەشی شیعریی لەگەڵ بەڕێزان (گۆران سدیق، ناسری شێخ کەریم، شنۆ محەمەد زاخۆ) لەگەڵ چەند شیعرێکی تردا خوێندراونەتەوە، هەر هەمان ساڵ لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک دووبارە بڵاوم کردنەوە، بەڵام ئەمە یەکەم جارە لەم کتێبە شیعرییەدا و لەسەر کاغەز چاپ ببن. جیا لەوە ئەگەرچی کۆڕەکەی ئەو کافتریایە بە بۆنەی ڤالانتاینەوە بوو کەچی شیعرەکانی من جگە لە یەکێکیان هیچیان بە لای ئەڤیندارییدا نەچوون، تەنانەت ئەم برووسکانە کە هیچ پەیوەندییەکی هارمۆنی لە نێوانیاندا نییە بۆ ئەو بۆنەیە دەستی نەدەدا، بەڵام پێداگرییم لە خوێندنەوەیان کرد. ئەمڕۆش ١٨-٧-٢٠٢٣ کە سەرقاڵی هەڵەبڕیی ئەم بڕگانەم بۆ چاپ، دیقەتم دا هەردوو پۆستەری (مارە بەجاش) و (بەزەیی) بێ ئەوەی مەبەستم بووبێت زۆرتر لە هایکۆ دەچن، لە کاتێکدا هیچ هەوڵێکم نەبووە بۆ شیعرنووسین بە فۆرمی هایکۆی یابانی، لەوانەشە لە بناغەوە دەرەقەتی ئەو کارە نەیەم بەڵکو وەک زۆرێک لە هایکۆنووسانی کورد هیچ لە بارەی هایکۆوە نازانم.

## سەرم ئینجانەی دڕکە (١)

١
لەسەر تەختەخەوی شادیش
خەونەکانم شەلاڵن
لە مۆتەکە
٢
سوپاس ئەی فڕۆکەی خەیاڵ
هەموو چرکەساتێک
بە بێ فیزا
کوێم پێ خۆش بێت دەمبەیت
٣
ژیان چەندین شێوەی هەیە
لای خۆکوژ کڵاورۆژنە و
لای ئەوینداریش ئاسمانی تاریک

٤

بەم نەخوێندەوارییەی خۆمەوە دەزانم

خوێندەواریی فەزیلەت نییە

مەگەر کێ بۆمبی ئەتۆمی داهێنا؟

٥

لە خوێندنەوەی کتێبی جیهاندا

لە بەشی یەکەمی پووچیدا چەقیوم

ئایا بەشەکانی دواتر دووبارە نین؟

٦

ئەوانەی تۆمەتی سیخوڕیی دەدەنە پاڵم

زۆر دەمێکە بە پێکەنین

بەرسڤم داونەتەوە

٧

دواجار بۆم دەرکەوت

ژیان فیلمێکی کۆمیدییە

بەڵام جیهان سریاڵێکی تراژیدیی

٨

ئێستاکە

پەپوولە ئاوەز بەکاردەهێنێت

خۆی لە رووناکی مۆم دەدزێتەوە

٩
لە کێوی بەرزەفڕییەوە
خۆم هەڵدایە خوارەوە
کەوتمە سەر گاشەبەردی دڵت
١٠
بۆیە لێم دەسڵەمێنەوە
مەشخەڵێکم بە دەستەوەیە و
لەسەر بەرمیلێک بەنزین
سەما دەکەم
١١
بیرکردنەوەم روونە
تکایە وەک مێژووی خۆتان
لێڵی مەکەن
١٢
ئێوە بابەتە ئاڵۆزەکان
ئاڵۆزتر دەکەن
منیش پرسە سادەکان
سادەتر دەکەمەوە (٢)

١٣
خەیاڵ
ئامادەیی نائامادەیە
واقیع
نائامادەیی ئامادەیە
١٤
پێمدەڵێن بۆ هیچ ناپەرستیت؟
کێشەی بیناییان
وایکردووە نەبینین
ژیان دەپەرستم
١٥
نووسین چی پێ بەخشیم؟:
دوو چاوی تیژ و
گەدەیەکی بەتاڵ
١٦
قەشە و مەلاکان
ئەو وەرگێڕە گوێ گرانانەی خودان
زمانیان لاڵە

١٧

ژیان چێشتێکی فۆلکلۆرییە
کەمێک بۆنی ناخۆشە
بۆنی مەکە، تامی بکە

١٨

خۆیشم سەری لێ دەرناکەم
بۆچی خەونەکانم لە واقیعی ژیانم
سەر راستترن!؟

١٩

وەک چۆن یەهودا نەبووایە
مەسیح نەدەبووە هێما
من نەبوومایە
کێی تر هەبوو
لەسەر عەرشی شیعر داتبنێت؟

٢٠

هۆ خەڵکینە
ئێوە بەدوای خودادا وێڵ بن
منیش بە شوێن ئەهریمەندا دەگەڕێم
هەر کەس دوای شتێک دەکەوێت
کە نیەتی

٢١

زۆربەی هاوڕێ کۆنەکانم

دوو وێنەیان هەبوو

وێنەیەک لە پێش مندا و

فۆتۆیەکیش لە پشتەوەم

٢٢

ئەگەر تۆ

وەک من یاخیگەریت

لەسەرتە ئیبلیس و (قابیل)ت

خۆشبووێت (٣)

٢٣

من یۆلیۆس قەیسەرم

چەندان پرۆتۆس

لە پێش و پشتەوە

خەنجەریان لێدام و

نەمتوانی بڵێم: تەنانەت تۆش (٤)

٢٤

کاتێک لێم دەپرسن

جیهانت بە دڵە؟

دەڵێم نەخێر

که دەڵێن ژیانت خۆشدەوێ؟
به بەڵێ وەڵام دەدەمەوە
٢٥
بەڵێ زۆر مەترسیدارم
پێنووسەکەم
له چەکی کۆکوژ وێرانکارترە
٢٦
من بکوژم
هێندەی تەمەنی خۆم
کاتم کوشتووە
٢٧
به ئەزموون بۆتان دەرکەوت
سەگ نیم
کلکەلەقێ بۆ ئێسقان بکەم
گورگێکی زامدارم
ئازادانە دەلوورێنم
٢٨
رۆشنگەریی
خۆرئاوای وا رۆشن کردەوە
هەرچی پەڵەکانی بوو بینران

٢٩

بەهۆی شیعرەوە
لە کۆمارەکەی ئەفلاتۆن وەدەرنرام
لە باخچەکەی ئەپیکۆردا
لە چێژدا خنکام

٣٠

ناتوانن رامبگرن
مەگەر گوللەیەک بنێن
بەو خەونە ئازادانەی لە سەرمدا
شلّپ و هوڕیانە

٣١

گوومانم
لە هەموو دڵنیاییەک هەیە
بە دڵنیاییشەوە خۆم فڕێدەدەمە
گۆمی گوومانەوە

سێپتامبەری ٢٠١٤
ئونی کلینکی شاری کۆیلن

١-ناونیشانەکە پەیوەندیی راستەوخۆی بە باری تەندروستیمە هەیە، مەبەست لە درک لێرەدا تومۆر (وەرەم)ە.

٢-ئێمە لەگەڵ تیپێک لە رۆشنبیری کورد بەرەو ڕووین، نەزانیی خۆیان لە ناو بابەتە ئاڵۆزەکاندا دەشارنەوە.
٣-ئیبلیس و قابیل بە پێی ئەفسانەی ئافراندن، یەکەم و دووەم یاخیگەری نێو مێژووی بوون (وجود)ن.

٤-کاتێک پیلانی کوشتنی یولیۆس قەیسەری رۆم لەلایەن نزیکەکانییەوە جێبەجێ دەکرێت، ئەوەی شمشێرەکە لە سینگی دەچەقێنێت، پرۆتۆسە کە قەیسەر وەک منداڵی خۆی خۆشیدەویست!. قەیسەر لە سەرەمەرگدا رووی تێدەکات و دەڵێت (کوڕم تۆش؟).

تێبینی: ئەم پۆستەرانە لە کۆتایی مانگی سێپتامبەری ٢٠١٤دا لە نەخۆشخانەی زانکۆی کۆیلن (ئونی کلینک) پاش نەشتەرگەریی مێشک، دوای هەفتەیەک لە فۆرمۆڵەکردنیان لە ئەندێشەدا بە زارەکی دەربڕدراون و هاوڕێم (سیڤەر جەمال عەلی باپیر) بە ئەرکی نووسینەوەیان هەستا، سوپاس بۆ ئەو کە ساڵی پار (٢٠٢٢) دوای ئەوەی ساڵانێکی درێژ دەستنووسەکەی لای خۆی پاراستبوو بۆی گەڕاندمەوە، منیش ئەمڕۆ ٢١-٧-٢٠٢٣ دوای ساڵێک لە خاوەخاو دەستم بە تایپکردنیان کرد.

## جیهان چاوی نییە زمانی هەیە

**راستی چەوت**

هیچ چەپێک نییە راست بێ و

هیچ راستێک نییە چەوت نەبێت

**ئەفسوون**

پێک پێک

فرمێسکم خواردەوە

بە پێکەنینەوە گرتم

**هاوکێشەی فیزیایی**

گوڵەکان لە نزیکەوە جوانن

مرۆڤەکانیش لە دوورەوە

**قسەی زل**

ئەوەی بە دڵ بیر بکاتەوە

سەری زیادەیە

**تۆزێک سەفسەتە**

هیچ بۆیاخێک نییە
هەناوی ئەم دنیا رەشە
سپی بکاتەوە

**ترۆزی تاڵ**

ژیان هیچ مانایەکی نییە
ئەو مانایەشی پێی دەبەخشین
زۆر بێ مانایە

**تاکڕەهەند**

لای زەلکاونشینان
لە قیرە قیڕی بۆق بترازێ
جیهان گۆیەکی کپە

**رۆنان**

هیچ چارەیەکم نەبوو
جگە لە چێکردنی جیهانێکی گەورە
لە نێو ئەم دنیا بچووکەدا

**چوار چاو**

لە هەموو مێژووی عەرەبدا
تەنیا دوو چاوساغ شک دەبەم:
ئەبو عەلای مەعەڕی و
تەها حوسێن (١)

**میتامۆرفۆس**

سەیری هەر ئاوێنەیەک دەکەم
دڕندەیەک دەبینم
نە لە رابردووم دەکات نە لە ئێستا
بۆی هەیە سەروبیچمی ئایندەم بێت

**مۆدێرنە**

سەرەتا دڵی دەرهێناین
پاشتر مێشکمان
سبەیش گیانمان

**مۆراڵ**

ئاسان بوو بۆرژوازیانە بژیم
بەڵام زۆر زەحمەت بوو
پێکەنینم بە گریان بێت

**ئایرۆنی**

هەندێ چوونە خوارەوە سەرکەوتنە
من ئەو کاتە بەرز بوومەوە
دابەزیمە ناو گەداکانەوە

**ئەتەکێت**

ئەی مرۆڤ مافت هەیە
بە چەقۆ و چنگاڵ
هەموو دنیا بخۆیت

**هەڵاواردن**

لەوەتی کورد هەیە
تەنها (کەر) خزمەتی دەکات
سەیرە هەمووشمان
ستایشی ئەسپ دەکەین!

**هەقیقەت**

سیاسەتمەدارە گەورەکان
خەونی بچووکتر لە بچووک دەبینن

**رۆشنبیری کورد**

هەواڵەکانی ئەمڕۆ
لە رۆژنامەکانی دوێنێدا
دەخوێنێتەوە

**زبڵدان**

ئەوەندەی سەرنجم داوە
شیعری کوردیی
تەنکەخۆڵی زمانە

**دیرۆک**

بۆ دۆزینەوەی مێژووی درۆ
دەبێت سەرەتا
مێژووی سیاسەت بناسین

**دز**

ناشرینترین ژن ئەوەیە

ماکیاژ دەدزێت

جوانترین پیاویش ئەوەیە

کتێب بدزێت

**بەدحاڵیبوون**

تێناگەم، بۆچی

لەجیاتی جیهان-بین

هەندێکمان ناوناوە رەشبین؟!

**غەزەل**

مانگ

چیتر هەوێنی شیعر نییە

کۆلۆنییەکی چل و سێ ساڵەیە و

ئاڵای USA لەسەر دەشەکێتەوە

**نوکتە**

چ گاڵتەجاڕییەکە

نارەزایی برسییەکان

بووە بە مانگرتن لە خواردن!

**بەراوورد**

پێم بڵێ

گەشبینەکان چییان هەیە
رەشبینەکان نیانە؟

**دۆزینەوە**

زۆر بە دوای خۆمدا گەڕام
لە کۆتاییدا خۆم ون کرد
لە بریدا کەسێکی ترم دۆزییەوە

**غیرە**

گوومانم لێ مەکە
لە باوەشی هیچ کەسێکدا بم
جگە لە ئەمشەو
کە باوەشی خۆم بیری کردبووم

**وڕێنە**

باوەڕ بە تەنهاییم مەکە
هیچ کات بە تەنیا نیم
تەنیایی هەمیشە هاودەممە

**کوشتن**

بە هۆی دووریيت لێمەوە
کوشتنەکەمت خستە ناو
نارنجۆکی رستەیەکەوە

**دژەباو**

گرنگ ئەوە نییە
ئەوە بیت کە باویەتی
ئەوەیانە شتێک بیت
باوی نەبێت (٢)

**ڕەوانبێژیی**

هەموو کاتێک
گووتنی راستیی
کارێکی راست نییە

**چەپڵەڕێزان**

بەرپێی خۆتان ببینن
چەپڵە چەند دیکتاتۆری رووخاند
دە ئەوەندەش شۆڕشگێڕ

**مەعشووق**

لەناو ئەم جەنجاڵییەدا
باوەش بە تەنیاییدا دەکەم
ئاسوودە لەسەر باسکی دەنووم

**دەرگا**

خۆشەویستی لە دەرگا دەدات
دەلەرزم بیکەمەوە

نەکا دابڕانی خوشکیشی
لەگەڵیدا خۆی بکات بە ژووردا
**وەرزەکان**
(گۆران) بەهاری داگیرکرد
هاوین لەسەر (دڵشاد مەریوانی) تاپۆ کراوە (٣)
حەمە عومەر پایزی لە دەستی ساڵ ڕفاند
زستان بووەتە نێزگزی شێرکۆ بێکەس (٤)
وەرزی پێنجەم بۆ من ماوەتەوە
**چارەنووس**
ژیان چاکەتی شادمانی دڕیم
دواتر بەزەیی پێمداهاتەوە
پاڵتۆی شێرپەنجەی بۆ کڕیم و
وتی تا ماویت ناتوانیت دایبکەنی
**لە دایکبوون**
ئەو رۆژەی ئێمە دابەش بوو
بەسەر منەکاندا
من لە دایکبووم (٥)
**ژیانەوە**
رەشبینی رەش نییە
کانییەکی زەردباوە
هەموو پایزێک دەژێتەوە

**زیندان**

جەستەت دیل کردم

دڵت بە بارمتە گرتم

واتزانی ئەمەیە

خۆشەویستی

**ئازادیی**

بێشوومارین ئەوانەی

زۆر ئازادانە

کۆیلایەتیمان هەڵبژاردووە

**جیاوازیی**

یەک ڕۆژی خۆشم نەبوو

شێوەی بچێتەوە سەر

خۆشییە ناخۆشەکانی زۆرینە

**نەخۆشخانە**

مردن بە لامدا تێدەپەڕێت

ژیان پەلامارم دەدات

بەرگی نائومێدیی لەبەرمدا دەدڕێت

**گەشکە**

هەموو مانگێک

بوومەلەرزە لە خاکی سەرم دەدا

هەموو شتێک دەلەرزێت
جگە لە شوێنی مەحکەمی تۆ

**شیعر**

ئەگەر بڕۆیت
شیعری برینداری جوان دەنووسم
ئەگەر بگەڕێیتەوە
شیعرم بۆ نانووسرێت

**درم**

دواجار گەردەلوولی شێرپەنجە
لە مێشکی مندا ئۆقرەی گرت و
خەوی لێکەوت

**دیدار**

ئەی مەرگ
تۆ لە کوچەی پشتەوە و
منیش لە کۆڵانی پێشەوەی ژیاندام
جارێ وا زوو بە یەکناگەین

هەشتی نەورۆزی ٢٧١٢
٢٨-٣-٢٠١٢
سلێمانی- گەڕەکی عەقاری

١-تەها حوسێن بیرمەندێکی نابینا بوو، تێزی دکتۆراکەی کە پێشکەشی زانکۆی (سۆربۆن)ی کردبوو لەمەڕ ئەبوعەلای مەعەڕی بوو، دووبارە ئەمیش شاعیرێکی نابینای زەین رووناک بوو. ئەم رێکەوتە سەیرە چییە؟!.

٢-پێمدەڵێن ئەو چەپڕەوییەی تۆ خەریکی تۆخکردنەوەیت باوی نەماوە، رێک ئەم قسەیەم بە دڵە، چوونکە دەیسەلمێنێت تەبا نیم لەگەڵ باوەکانی کۆمەڵگەدا. سوپاس بۆ ئەو شایەتیدانە نائاگایانەتان.

٣-ئاماژەیە بۆ شیعری (هاوین)ی دڵشاد مەریوانی کە یەکێکە لە شیعرەکانی کتێبی (ببن بە تیشک).

٤-ئاماژەیە بۆ شیعری (نێرگزی زستان)ی شێرکۆ بێکەس کە یەکێکە لە شیعرەکانی دیوانی (من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ).

٥-سیستمی سەرمایەداری گشتی بەسەر تاکدا دابەشکرد، بە مانایەکی تر تاکگەرایی لە هەناوی بۆرژوازییەوە هاتووەتە دەر، لێ بۆرژوازی لە سیاقی مێژوویی خۆیدا بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی پێشکەوتووخواز بووە.

تێبینی: سەبکی شیعرنووسینم لە سەرەتاوە فۆرمێکی

ئەفۆریستانەی هەبووە، هەم لە برگەی کورت و هەم فەرامۆشکردنی فۆرم لە پێناوی ناوەڕۆکدا، ئەگەرچی لە بەراییەوە بڕوام بەوە بووە تێکستی باڵا ئەوەیە تێیدا دال و مەدلول بە هاوسەنگیی باوەشیان کردبێت بە یەکدا، بە پێی روانینی پۆستمودێرنەکانیش ناوەڕۆکێکی نوێ لە ئارادا نییە، ئەوەی هەیە هەیە فۆرمی تازەیە، دەی منیش هەر ئەوە دەکەم: دۆزینەوەی فۆرمی نوێ بۆ ناوەڕۆکە دێرینەکان. ئەم بڕگانەش لە رۆژی ٢٨-٣-٢٠١٢ واتە دوای ٤٤ رۆژ لە تووشبوونم بە شێرپەنجە و دوو رۆژیش دوای دیاگنۆزی نەخۆشییەکەم نووسراون، پاشتر لە مانگی مەی ساڵی ٢٠١٨ بۆ یەکەمین جار لە کۆڕێکی شاری هانۆڤەر خوێندراونەتەوە، ئەمڕۆش ٢٧-٧-٢٠٢٣ ئامادەکرد بۆ چاپ لەم بەرهەمە نوێیەدا.

## میتا مانا

١
موبەق
ئەو جوگرافیا سەرنج نەدراوەیە
هیومانیزمی زیاتر چەسپاند (١)
٢
هەقیقەت
وەک تووترِک وایە
بە بێ ئازار تامی ناکەیت
٣
کێشەی من ئەوەیە
خەیاڵەکانم لە نووسینەکانم
دەوڵەمەندترن

٤
ئەم غوربەتە
هێندە کوشندەیە
لە (غوربەتا)ی لە بیر بردمەوە
کە بیست ساڵ بوو لەبەرم بوو (٢)
٥
زۆرتر لە هەر شتێک
کارم بە سەری سیاسەتمەدارانە
ئەوانیش لە هەر شتێک زیاتر
سەری منیان دەوێت
٦
بە دوای پاساوێکدا دەگەڕێم
بۆ جێهێشتنی هاوڕێکانم
ئەوانیش بە هەمان شێوە
٧
لە ماتماتیکدا کۆڵەوارم
حەواسی ژماردنی خەڵکم نییە
چەندیان رقیان لێمە و
چەندی تریان خۆشیان دەوێم

٨

وشەی خۆشم ئەوێیم

زۆر خۆشدەوێت

ئەگەر بۆ منیش نەبێت

٩

ئەوانەی خۆشەویستی دەکەن و

لێی پەشیمانن

شکۆمەندترن لەوانەی لە ترسی پەشیمانیی

عاشق نابن

١٠

وەک چۆن

ئەوەی دوێنێ کۆن بوو

پێرێ تازە بوو

ئەوەی ئەمڕۆ نوێیە

سبەینێ کۆنە

١١

هەموویان

بانگەشە بۆ جیاوازبوون دەکەن

ئەم جیاوازبوونە

بووەتە هۆی لێکچوونیان

١٢

دەمەوێت ئەو کتێبانە بهێڵمەوە

تێیاننەگەیشتووم

پێویستیم بەوانە نەماوە

لێیان حاڵی بووم

١٣

هەڵگێڕانەوەی هەر رستەیەک

دووپاتکردنەوەی هەمان واتایە

نەک پێچەوانەکەی

١٤

لە چ دنیایەکی سەیردا دەژیم

هەموو کەس دەبینم

بەڵام هیچ کەسێک من نابینێت!

١٥

نەگبەتییەکە ئەوەیە

لەم دنیا پڕ ئاشووبەدا

تەمەنمان دوو هێندەی باپیرانمانە (٣)

١٦

راستگۆترین سیاسەتمەدار

ئەوەیانە کە لاڵە
١٧
سەدەی بیست و یەک
سەدەی کۆیلە ئازادەکان و
ئازادە زنجیرکراوەکانە
١٨
تۆ ژیانت
لە خەونی یەکێکی تردا تام کرد
بۆیە تامت نەکردووە
١٩
ئەگەر (کانت) زیندوو بێتەوە
ئەم جارە ناچارە
سەردەمی تاریکگەرایی بنووسێت (٤)
٢٠
زۆرم پێ باشە
تاکو سەر ئەو (واو)ەی
نێوان من و تۆ بمێنێت
٢١
من باخی میوەجاتم
پرتەقاڵی شیعر

هێشووە ترێی عەشق و
هەناری پێکەنینم
لە خۆمدا کۆکردووەتەوە
٢٢
هەست بە ماندووبوون ناکەم
گەر لە زەوییەوە تا ئەندرۆمیدا (٥)
شوێنت بکەوم
ئەی ئازادیی
٢٣
زۆرێک لە راسیستەکان
ئەگەر تێستی (دی ئێن ئەی) بکەن
خۆیان دەکوژن
٢٤
سەرزەمین پڕە لە مرۆڤ
شەلاڵیشە لە مرۆڤایەتی
بەم هۆکارە
لیپاولیپە لە ئازار
٢٥
رەشبینییەکەم لەوێوە دێت
راپەڕین بۆ ئەوانە مایەوە

راپەڕین بەسەر راپەڕیندا

٢٦

بۆکسی خۆماڵی و

بۆکسی بێگانە

وەک یەک

ناودەممان سوێر دەکات

٢٧

نزیکەی پەنجا رۆمانی پۆلیسیم خوێندووەتەوە

هێشتا خۆشەویستی پۆلیس و یاسا

نەهاتووەتە دڵمەوە!!

٢٨

نووسەری کورد

خۆی لە هیچ ناپارێزێت

لە کتێب نەبێت

٢٩

رشک و ئەسپێ تێیداوم

چڵکی رۆژنامەوانی

لەشی تەنیوم

پێویستم بە سابوونی شیعرە

٣٠
خۆ لە قسەکانم تێناگەن
بۆچی هەوڵ نادەن
لە بێدەنگییەکەم حاڵی بن؟
٣١
شێت و منداڵ
چوونکە سەر لە مەکری عەقڵ دەرناکەن
بەردەوام راستییەکان دەڵێن
منیش منداڵێکی شێتم
٣٢
نامەی کچە ئێزدییەک
لە بازاڕی کەنیزەکەکانی نەینەواوە:
نابیستەکانیش گوێیان لە قیژەمە
چۆن تۆ نەتبیست
تاوسی مەلەک؟
٣٣
شانسی ئەوەشم نەبوو
دایکێکم هەبێت
هەرچی تووڕەیی خۆیەتی

بە منی بڕێژێت
٣٤
لەو جۆرە پردانە نیم
هەموو رۆژێک
بەسەر پشتمدا بپەڕننەوە
لە قانوونی مندا
دووبارەبوونەوە نییە
٣٥
هاوارم کرد خۆشم دەوێی
هەور، ئاسمان، دەریا
شاخ، ئەستێرە، مانگ و
هەرچی رۆحلەبەر هەیە
ئاوڕیان دایەوە
تۆ نەبێت، ئەی ژیان

هۆڵاند- ئارنهێم
٢٠١٤-١٢-٢٥

١-هیومانیزم (مرۆڤگەرایی) لەوە دەرچووە تەنیا مرۆڤدۆستی بێت، بەڵکو ئایدۆلۆژییەکە هەموو شتێکی

لە پانتایی بووندا خستووەتە خزمەتی مرۆوە. موبەق (ناندێن) و شێوازەکانی چێشتلێنان شایانی دووبارە سەرنجدانن.

٢-(لە غوربەتا) ناوی نامیلکە شیعرییەکەی ژەنەراڵی پایزە کە بۆ خۆی شۆڕشێکی گەورە بوو لە شیعری کوردییدا.

٣-تێکڕای تەمەن بە گوێرەی ئاماری رێکخراوی تەندروستی جیهانی بەراوورد بە سەدەی نۆزدە و بەرەو خوارتریش لە زۆرینەی وڵاتانی جیهاندا لانیکەم دوو هێندەیە.

٤-فەیلەسووفی ئەڵمانی ئیمانوئێل کانت ١٧٢٤-١٨٠٤ لە ساڵی ١٧٨٤دا وتاری (سەردەمی رۆشنگەریی چییە؟) دەنووسێت کە لەبەرامبەر قەشە یوهان فریدریکدا داکۆکیی لە (رۆشنگەریی) دەکات.

٥-ئەندرۆمیدا گالاکسییەکی تری ناو گەردوونە و کە دوو ملیۆن و نیو ساڵی رووناکی لە زەوییەوە دوورە.

تێبینی: ئەمڕۆ رۆژی کریسمسی ٢٠١٤ لە شاری ئارنهێم- هۆڵاند لە ماڵی هاوڕێی ئازیز کاک ئەفشار ئەقدەسی میوانی خوانی ئێوارە بووین، ئەم تێکستانە کە بیست رۆژە لە مێشکمدا چەرەکەیان کردووە تاویان

بۆ هێنابووم و ژانی لە دایکبوون گرتبوونی، بۆیە پاش گەڕانەوە بۆ ماڵی خانەخوێکەم کاک ئاوات (دکتۆر فەلاح) لە تاکە ژوورەکەی نهۆمی سەرەوەی ماڵی ئەواندا دەستم بە نووسینەوەیان کرد و ئەم کۆڵەم دانا.

سەرنج: ئەمڕۆ ١-٨-٢٠٢٣ ئەم پۆستەرانەم بۆ چاپ ئامادە کرد، ئەگەرچی دەمویست پێداچوونەوەیان پێدا بکەم و هەندێک گۆڕانکاریی نوێیان تێدا بکەم بە گوێرەی پەرەسەندنی فیکریی و گۆڕانی جیهاندیدیم لەمەڕ زۆر پرس و مەسەلە، بەڵام بە بێ هیچ دەستکارییەک و بە شێوە ئۆرگیناڵەکەی پێشوو کارەکەم ئەنجام دا.

## ترۆپکی نارسیزم

١
هەرچیتان پێخۆشە بیڵێن
من هەرچیم پێ خۆش بێت
ئەوە دەکەم
هەرچی دەکەن بیکەن
من تەنیا ئەوە دەڵێم
خۆم دەمەوێت
٢
هەڵەکە ئێوەن
کە قسە ئاساییەکانم
بە نائاسایی وەردەگرن
زۆر ئاساییانەش

لە وتنە نائاساییەکانم تێدەگەن
٣
جیاوازییەکە ئەوەیە
لەو کاتەی من
لە شتە گچەکان ورد دەبمەوە
ئێوە شتە گەورەکانیش نابینن
٤
بێبەرییم لەوانەی
بە نیازی چاکە، خراپە دەکەن
من لەو تیپەم
خراپە بە نیازی چاکە دەکەن
٥
خودایە ئەگەر تۆ هەیت بمپارێزە
لە خراپەی چاکەکاران و
چاکەی خراپەکاران
٦
تا ئێستا بۆ یەک جاریش
تیرێکی نەیارانم بەرنەکەوتووە
بەڵام شمشێری دۆستانم
رۆژانە برینم تێدەکات

٧
ئێوە تا ئەمڕۆ
بە رق جیهان بەڕێوە دەبەن
رێگە بدەن تاکە جارێک
من بە خۆشەویستی رێکیبخەم
٨
ئێوە بە ناوی رزگارییەوە
جیهانتان کاول کرد
کاتی خۆیەتی
منیش بە ناوی کاولکارییەوە
دنیا رزگار بکەم
٩
بۆچی لێم تێناگەن؟
هەرچی لۆکەی دنیایە
ناتوانن پارچە ئاسنێک
نەرم بکەن
١٠
لەناو ئەم رۆژە رووناکانەدا
دووکەڵێکی رەش دەبینم
لە نێو شەوە تاریکەکانیشدا

تیشکێکی سپی

١١

لە هەر نهێنییەکدا
پەنهانێک خۆی شاردووەتەوە
لە هەر دیارێکدا
ئاشکرایەکی تر هەیە
زۆرینە دەرکی ناکەن

١٢

چاوەڕێ مەکەن
هەقیقەتتان پێ بڵێم
تاکو هەریەکەتان
هەقیقەتی خۆی نەدۆزێتەوە

١٣

درۆ دەکەن
کە دەڵێن رقمان لە درۆیە
تا فێری درۆکردن نەبووم
ئەم راستییەم بۆ ئاشکرا نەبوو

١٤

چاوتان لە سەرکەوتن نییە
هەر لە سەرەتاوە هەمووتان

لەسەر تامکردنی حەڵوای شکست راهاتوون

١٥

من وەک ئێوە
دڵداری پاشەڕۆژێک نیم
تێیدا هەموو خەونەکانم
بۆ یەک واقیع هەڕاج بکەم

١٦

پێی لێ دەنێم
ئێوە زۆر زیرەکن
لە دەبەنگردنی خەڵکدا
من بە پێچەوانەی ئێوەوە

١٧

ئەی خێڵی رۆشنبیران
شانازیی بەوەوە دەکەن
کاغەزی سپی دەخوێننەوە
ئەی بۆ دڵی منتان بۆ نەخوێندرایەوە؟

١٨

کاممان باشترین
من وشەکان دەخوێنمەوە
ئێوەش کاغەزی سپی؟

١٩
لە ڕەگەزی ئەو نووسەرانە نیم
هەرچی شت هەیە وتوویانە
بێ ئەوەی هیچیان وتبێ
٢٠
من دەروێشێکی دیۆنیسیۆسیی
هەردەم مەست نیم
ئاگام لەوە نەبێت
چۆن حەبی میلاتۆنین (١)
دەخەنە قاوەی جەماوەرەوە
٢١
هەرچی شتە هەتانە
بیرکردنەوەی خۆتان نەبێ
هەرچی شتە نیمە
تێڕوانینی خۆم نەبێت
٢٢
منی پێشوو مرد
بە خۆشحاڵییەوە تەرمەکەیم جێهێشت
سەیرە ئەگەر بتانەوێ

تەرمێک دادگایی بکەن!

٢٣

نامەوێت بۆ ئەو شوێنە بچم
هەمووتان بۆی دەچن
من بۆ جێگایەک دەڕۆم
کەس حەزناکا رێی تێبکەوێ

٢٤

وەک ئێوە نیم
ئەو شتانەم ناوێت کە هەن
ئەوانەم دەوێت
جارێ لە ئارادا نین

٢٥

من و ئێوە زۆر جیاوازین
ئێوە بە دەم پێدەکەنن
من بە دڵ

٢٦

دەبێت ئەوە بزانن
هەنگوین نیم
سێوێکی ژەهراوییم
ئازایەتیتان نییە قەپم لێ بگرن

٢٧

ئەوەی من دەیکەم
ئێوە لە خەونیشدا
ئازایەتیی ئەنجامدانیتان نییە
ئەوەی ئێوە لە واقیعدا دەیکەن
من لە خەونیشدا
شەرم لە ئەنجامدانی دەکەم

٢٨

دژی هەموو شتێکم
کاتێک خۆیشم ببم بە شت
پێش ئێوە
دەکەومە دژایەتی خۆم

٢٩

خۆم بەوە لە ئێوە جیاکردەوە
شکستەکانتان دەدەنە پاڵ خۆتان
من قەرزاری خۆمم
لە تێکڕای سەرکەوتنەکانما

٣٠

ئێوە درۆکانتان رۆشنە

منیش راستییەکانم تاریک
ئێوە قەوزەی کەناراوەکانن
منیش داربەڕوویەکی تەنها
بە سەختترین کەژەوە
٣١
تاکە گرفتم ئەوەیە
لەناو ئەو هەموو وێنانەتاندا
وێنەی رەسەنی هیچ کامتانم
پێ نادۆزرێتەوە
٣٢
من پلانم بۆ زۆر پرۆژە داناوە
ئێوەش کارتان بووە بەوەی
پیلان دژی پلانەکانم بگێڕن
٣٣
کە خەیاڵەکانم دەنووسمەوە
بە واقیع لێی تێدەگەن
کە واقیع دەنووسمەوە
بە خەیاڵ دەیبینن

٣٤

ڕوانینە نێگەتیڤەکانم
لە ڕوانگە پۆزەتیڤەکانی ئێوە
پۆزەتیڤترە

٣٥

شانازیی بە خۆمەوە دەکەم
زۆرێک بە منەوە سەرقاڵن
منیش بە خۆمەوە

٣٦

مەترسییەکی ڕاستەقینەم
بەهێز بم مەترسییم
لاواز بم مەترسییەکی گەورەتر

٣٧

هەزار و یەک کێشەم هەبوو
بە دژایەتیکردنی ئێوە
کێشەکانم کەمبوونەوە
بۆ هەزار کێشە

٣٨

رووبارێکی ئەوەندە بە خوڕم
تفی نەفرەت و
رشانەوەتان بەسەر ناوبانگما
بێ پەشۆکان رادەماڵم

٣٩

چەکەکانتان رووبەڕووم راگرن
بە بەرجەستە و نابەرجەستە بمکوژن
گەر پێتان خۆشە زیندەبەچاڵم بکەن
باکم نییە
دەزانم هێندە لە گۆڕدا نامێنمەوە
نووسینەکانم دەرمدەهێننەوە

٤٠

تاکە شانازییتان ئەوەیە
من لەسەرتان دەنووسم
بە دانانی خاڵی کۆتایی ئەم تێکستەش
هەمووتان دەمرن

بەڵێ
د
ە
م
ر
ن

١٠-١٠-٢٠١١
سلێمانی- گەڕەکی عەقاری

١-میلاتۆنین هۆرمۆنێکە مێشک بۆ نووستن دەریدەدات، حەبێکیش بە هەمان ناوەوە بەرهەمهێنراوە بۆ یارمەتیدانی نووستنی ئەو کەسانەی گرفتی کەمخەوییان هەیە.

تێبینی: هەر لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ژمارەی یەکەمی گۆڤاری (شەپۆل) کە من سەرنووسەریم، لە شەوێکی کۆتایی مانگی پێشوودا (سێپتامبەری ٢٠١١) ئۆفیسەکەمان کەوتە بەر پەلاماری دەستێکی رەش و هەرچی تێدابوو تاڵانکرا بێ ئەوەی کەس متەق بکات، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ژمارەی دووەمی گۆڤاری شەپۆل، شەپۆلێک تووڕەیی

و کینە و رق بەسەرماندا باری بە هۆی ئەوەی لە راپۆرتێکدا پێشبینی ئاشبەتاڵی (حزبی گۆڕان) دەکەین و لە بەدواداچوونێکی تری رۆژنامەوانیدا کەیسی تیرۆری کۆمۆنیستەکانمان هێناوەتەوە بەرباس و خواس، ئەوەی هەردەم لە بەرامبەر هەڕەشە و گورەشەی تیرۆر و لەناوبردن و شاربەدەرکردنمان بێدەنگە هاوپیشەکانمانن کە من لەم تێکستانەدا گەوهەرییانم دەرخستووە، بێجگە لەوەش لێرەدا وشەی ئێوە یان هەمووتان یاخۆ بە گشتیی راناوی کەسی سێیەمی کۆ، بە دیاریکراویی گوزارشتە بۆ ناوەندی رۆشنبیریی و رۆژنامەوانی کوردیی کە هەموو وەک قاز دەقیرێنن و هەموویان قەوانێکی سواوی موزەیەف بە کۆراڵ دەڵێنەوە، من لەو خێڵە رۆشنبیرییە یاخی و بێبەریم وەک چۆن هادی عەلەوی بێبەریبوونی خۆی لە ناسنامەی ئەو فرۆکەوانە راگەیاند ژاری بەسەر هەڵەبجەدا باراند.

سەرنج: ئەمڕۆ پێنج شەمە ٣-٨-٢٠٢٣ لە رۆژی لە دایکبوونمدا ئەم تێکستانەم بۆ چاپکردن رێکخست.

## بەناو خۆمدا تێدەپەڕم

١
سەیری ئاوێنە روونەکە دەکەم
لە هەموو شتێک دەچم
خۆم نەبێت
٢
لە رووبارەکەی نارسیسۆس دەڕوانم
هەموو کەس دەبینم
جگە لە خۆم
٣
هێندە لە خۆم رادەمێنم
لە ئاوێنەکەدا ناخنکێم
لە ئاگری (من)ێکی تردا دەسووتێم (١)

٤

من برغویەکی سلاکم
بە ماشێنی ژیانەوە
زۆر ماندووتان دەکەم

٥

من خۆشی لە نووسین نابینم
بەتامترین ئازار دەچێژم

٦

نافەلسەفیترین دەربڕین:
لە شەمەندەفەرە کۆنەکە دابەزیوم
سواری شەمەندەفەرە تازەکەش نابم

٧

لە یەکەم رۆژەوە
هەوڵمداوە کەسێکم خۆشبووێت
ئەویش خۆمم

٨

تاراوگە بۆ من
لە یەک کاتدا
هەم لە دایکبوون بوو

هەم مردن
٩
ئەستێرەیەکی پرشنگدارم
لە شەوانی قەترانیدا
درەوشانەوەم جوانتر دیارە
١٠
ژیان دەبەیەک شەربەتی ئێکسپایەر
مەرگ بتڵێک ژەهری بیۆ
نازانم کامیان هەڵقووڕێنم؟
١١
سوپاسێک بۆ باوکم
کە ناوی نەنام ئومێد
١٢
بۆ ئەوەی زوو بەسەرنەچم
ڕێگەم نەدا بکرێمە مۆدێل
١٣
لە نێوان من و خۆشییدا
دەلاقە هەیە
لە نێوان من و تۆدا
هیچ

١٤

کە سەرخۆش دەبم
بە دەنگی بەرز راستییەکان دەڵێم
پۆلیسەکانیش بە بەزەییەوە
دەمخەنە تاکسییەکەوە بۆماڵەوە

١٥

هەر کە نووسیم عەشق
چەندان پەپوولەی دڵشکاو
لەسەر کاغەزەکە فڕین

١٦

تۆ من بخەرە دڵتەوە
دڵی من
شوێنەواری چەندین زامی دێرینە

١٧

زۆر زۆر پێم خۆشە
لە خۆشەویستیمدا
زۆر زۆر دوور بڕۆیت

١٨

لەم رۆژە تەزیوە و

لەم ساڵە بەفرینەدا
ئەو گەرمییە تەڕە چییە لە چاومدا
ئەی نیشتمان؟
١٩
بایەخت بە قسەکەم نەدا
کە وتم زۆر ئاگاداری بە
تا لە دەستت کەوتە خوارەوە
هاڕەی کرد کریستاڵی دڵم
٢٠
نە تۆ هەڵەیت نە منیش
هەڵەکە جیهانێکە
هیچ هەڵەیەک قبوڵ ناکا
٢١
کە هەر ناتەوێت جێمبهێڵی
وەرە دەستت بخەرە ملم
ئەی ئازاری شیرینم
٢٢
ناهێڵم پیر بم و
لە چاوەڕوانیی میوانێکدا بژیم
ناوی مەرگە

٢٣
کێشم هەشتا و یەک کیلۆیە
رەگم لەناو خاکی ژیاندا
هەشت و یەک هەزار مەترە
٢٤
لە خۆم دەڕوانم
نە نیشتمان لێرەیە
نە هەڵچوونەکانم
بۆنی ئارامی وڕ و کاسی کردووم
٢٥
چاوەکانم بۆ ئێرە نابن
زمانم گوڵی وشەی بێگانە ناگرێ
دەستەکانم بۆنی شوێنێکیان لێدێ
مامۆستای جوگرافیاش
لەسەر نەخشە بۆی نادۆزرێتەوە
٢٦
ئەوەندەی زانیارییم
لە بارەی کارەکتەرانی چیرۆکەکانمەوە هەیە
لە بارەی خۆمەوە نییە

٢٧

ناوتان نەزڕاندووم

پێی لێ دەنێم ئاژاوەچی بووم

ئاشووبی زۆرم گێڕاوە

بە نووسینەکانم

ئاگرێکم کردووەتەوە

تا ڕۆژی پەسڵان

بە کەس ناکوژێتەوە

٢٨

تێکستەکانم

لە خۆم دەچن

شەوێک دڵخۆش و

هەزار ڕۆژ دڵتەنگ

٢٩

گیانی من دەردەچێت

جەستەی تۆ وشک دەبێت

خۆر لە چاوی تۆدا ئاوا دەبێ

من لە تاریکییدا نقووم دەبم

٣٠

لەناو کتێبەکاندا چاوم پشکووت

بە ڕەوڕەوەی منداڵییەوە

بە کۆڵانی شاعیراندا خلۆر دەبوومەوە

لە ناو باخچەی فەیلەسووفاندا پێم گرت

لەگەڵ مەیخۆرەکاندا چوومە لاوییەوە

پێش ئەوەی پیر بم

پاشماوەی تەمەنم لە نەخۆشخانە تەواو دەبێ

٣١

ئەهریمەنێک لەناو سەرمدا

ئاوازێکی خۆش دەژەنێ

بۆم جیا ناکرێتەوە

عەشقە یان خۆکوشتن؟!

زستانی ٢٠١٤

ئەڵمانیا- کۆڵن

١-توێژەرێکی ئەمەریکی لە ئەنالیزکردنی شیعردا ئەوەی دووپات کردووەتەوە زۆرینەی ئەوانەی خۆیان دەکوژن، ئەو شاعیرانەن وەک من زۆر جەخت لە وشەی (من) دەکەنەوە.

## زامەکانم دەلوورێنن

١

تۆ لە جوگرافیایەدا دەژیایت
جێی گشت زیندەوەرانی تێدا دەبووەوە
هێشتاش گلەیت دەکرد
دڵم بۆچی وا تەنگەبەرە!

٢

پێت سەیرە
لەناو ئەم بەستەڵەکەدا
گوێت لە قرچەقرچی شتێکە!
ناتوانم پێتبڵێم

ئەوە هەستی منە
٣
هیچم لە تۆ ناوێت
تەنها دڵت نەبێت
تۆش هەموو شتێکت دەوێ
تەنها دڵم نەبێت
٤
لەوەتی دنیا هەیە
خەڵک بە قسە دەمکووت دەکرێن
تۆ بە بێدەنگبوونت
منت لە زمان خست
٥
راستیم بیر ناچێتەوە
بۆ نموونە
تۆ دەرگای ژیانت لێ داخستم
من لەودیوەوە مامەوە
٦
تۆ لە خۆر دەچیت
نە دەتوانم لێت نزیک ببمەوە
نە دوور بکەومەوە

ئەم مەودایە مردنە

٧

قەیتانی پێڵاوەکەم

توووند دەکەمەوە

پێیەکانم لەناو پێڵاوەکەمدا

وەک خۆم

لە دڵی ساردی تۆدا دەخنکێن

٨

جاران دوای هەر ژوانێک

شیعرێکم دەنووسی

ئێستا پاش نیو لیتر ڤۆدکا

٩

گەرمی پەنجەکانت لە قژما

بۆنی عەترەکەت لە لووتما

یادگارییەکانت لە ژوورەکەمدا جێماون

بفەرموو یەک جار وەرەوە

پاشماوەکانت ببەوە

١٠

لە فەرمانگەی باری شارستانی

دوای تازەکردنەوەی ناسنامەکەم کەوتبووم

هەموو کەس بە سەرسوورمانەوە
تا چاویان دەکەوتە بن پێم، لێم ورد دەبوونەوە
وایاندەزانی بە مۆڵەت لە گۆڕستانەوە هاتووم
وەفاتنامەکەم ببەمەوە
١١
یەکەم جار خۆم بە ژیان ناساند
ژیان تۆی بە من ناساند
تۆش منت بە گریان ناساند
١٢
لەوەتی قاوە ناخۆیتەوە
(قاوەگرتنەوە)م بیر چووەتەوە
لەوەتی باوەشم پێدا ناکەیت
باوەشم بە خۆمدا نەکردووە
١٣
زۆر بەخشندانە
میراتی خۆت دابەشکرد
زەردەخەنە و ماچەکانت
بە پیاوێکی تر بەخشی
دواتر هەرچیت هەبوو دابەشتکرد
تووڕەییەکانت مانەوە
کەسێک نەبوو لێت وەربگرێت

تەنیا من نەبێت

١٤

کۆتا جار
دەستم خستە سەر سینگت
بە دوای دڵتدا دەگەڕام
ئەفسووس نەمدۆزییەوە

١٥

شەوانێک هەبوو کە دەنووستم
پەتۆی ماچت پێدا دەدام
ئەمێستا لێفەی تەنیاییشم پێدا نادەیت

١٦

لە ناو عارەبدا گەورە بووم
حەز بە قاوەی عارەبی ناکەم
لە ناو غەمدا ژیاوم
چارەیم ناوێت
لە ناو هەر شتێکدا بووبم
لێی هەڵاتووم و لێم هەڵهاتووە
وەک هەڵاتنی تۆ
لە خۆشەویستی من

١٧
گیانمت لەگەڵ خۆتدا برد
خوێن ساردانەش وتت
چیتر بۆ خۆت بژی
١٨
هیچ بەڵێنێکت نەبردە سەر
پەیمان بوو ئەگەر بڕۆیت
لە پێشدا دڵم دەربهێنی
تا کەس نەیەتە جێت
١٩
هەرچی هیوایەکم هەبوو
پێچەوانەکەی هات
لە جیاتی عەشق، دابڕان
لە بری نان، برسێتی
لە بری ئاو، تینوێتی
لە جیاتی چێژ، ئازار
لە ترسی مەرگ
ناوێرم ئومێد بە ژیانەوە گرێ بدەم

٢٠

تۆ کە دەریات نەدیوە
بۆ لە خنکان دەترسیت؟
کە ژیانت نەدیوە
بۆ لە مەرگ دەترسیت؟
کە دڵت نییە
بۆ لە دڵشکان دەترسیت؟

٢١

هەرچی هەبوو لە رابردوودا بوو
ماچەکانمان، ژوانەکانمان
لێکئاڵان و نیگا گەرمەکانمان
چۆن بتوانم
رابردوو بکەم بە رابردوو؟

٢٢

بەدەم رۆیشتنەوە
ئامۆژگارییەکی خۆڕاییت کردم:
چیتر دڵم نەخەمە مشتی هیچ کەسەوە
بێ ئەوەی لە خۆت بپرسیت:
ئەوەی وردوخاشم کرد ناوی چی بوو؟

٢٣
مایەپووچ بووم
دەغیلەی وشەکانت هەڵپچڕیم
هەرچی وشە زبرەکانمە فڕێتدا
وشە ناسکەکانیشت
بۆ خۆت برد
٢٤
بە دوای بیانوویەکدا دەگەڕایت
بۆ جێهێشتنم
سەرەنجام بێ کێشەیی نێوانمانت کرد
بە گەورەترین کێشە
٢٥
پێموایە تووشی ئەلزەهایمەر بوویت
تەنانەت بیرت نەماوە
دوێنێ شەو لەسەر سیسەمەکە
چ بەڵێنێکت پێدام!
٢٦
بۆیە لێم ساردبوویتەوە
رێگەم نەدا
نە تۆ لە مندا بتوویێتەوە

نە من لە تۆدا
٢٧
هاتنت
لە کاتێکی چاوەڕواننەکراودا بوو
ڕۆیشتنیشت بە هەمان شێوە
٢٨
درەنگ لە جیاوازییەکانمان حاڵی بووم
خۆشەویستی بۆ من
یەکەم شت بوو
بۆ تۆش دوا شت
٢٩
بۆچی بزر بوویت؟
ئەی ڕووناکیی تاریک
ئەی چەقۆی ناو دڵ
ئەی فریشتەی گیانکێشان
٣٠
فیزیازانەکانیش سەر لەم مەتەڵە دەرناکەن
لە یەک کاتدا
هەم لێرەیت، هەم لێرە نیت

٣١

عەشقت زۆر لە گەردوون دەچێت

بە تەقینەوەی مەزن دەستی پێکرد

بە کوژانەوە گەورەکە کۆتایی هات

٣٢

وتت ئەم کابووسەی ناوتنابوو خۆشەویستی

دەکەمە رۆمان

وتم برۆ بە تەرمی جێماوم لە ژوانگەدا

نۆبڵ ببەرەوە

٣٣

بڕیارتداوە هیچ کات نەخەویت

نەبادا من ببینیت

هێشتا لە پەناتەوەم و

دەستم لە پرچە خاوەکەتدایە

٣٤

دوو دانە سفر

هەر سفرێکە

دوو دانە تەنیایی

هەر یەک تەنیاییە

٣٥
خۆشەویستی
ئەو شیعرە کلاسیکییە بوو
لە قوتابخانەی سەرەتایی ئەزبەرت کرد
لە زانکۆ بیرت چووەوە
٣٦
من ئەو پشیلە حەوت رۆحەم
لە دوورەوە شەش رۆحت کێشام و
لە نزیکیشەوە دواهەمینیان
٣٧
چاوەڕێ نەبووم
ببیتە هەتوانی برینەکانم
وام پێ خۆش بوو
برینێکی نوێ بیت و
لە برینە کۆنەکانم نەچیت
٣٨
زۆر بە گەرمیی
جەنگی ساردت
لە دژم بەرپا کردووە

٣٩
لێ نەگەڕایت ئەو ژنە بیت
بە فەنتازیا دروستم کردبوویت
بە سینگەخشکێ خۆت
لە ئەشکەوتی خەیاڵم هێنایە دەر
بوویت بە ژنێک لەناو ژنەکانی تردا
٤٠
تۆ لە ناو مندا ژیایت
من لە ناو تۆدا مردم
بە خستنە دەرەوەم لە خۆت
زیندووم مەکەرەوە
٤١
من پرۆمیسیۆس بووم
لە بری خۆم
خۆم کردە قوربانی تۆ
تۆش چاوت نووقاندووە
چۆن داڵی تەنهایی جەرگم دەکرۆژێ
٤٢
هەندێ جار
بیانووەکانی تۆ
شێوەیان دەچێتەوە سەر

پاساوەکەی پێنی لۆپ (١)

٤٣

تۆ هیچ کات

ناهێڵیت بە تەنیا بم

بە ئەوین و دابڕانیشەوە

هەر لەگەڵمدایت

٤٤

کۆتا ئیمەیڵت

کۆتا گوللە بوو

کۆتا شت بوو بیبینم

بۆ تۆش

سەرەتای هەموو شتێک

٤٥

لە دوا ژواندا سەرنجم دا

تۆ پەلەپەلی ڕۆیشتننتە

منیش خاوەخاوی مانەوە

تۆ ڕۆیشتی و منیش مامەوە

دیسامبەری ٢٠٠١

وڵاتی هەمیشە زستان

بنی بنەوەی زەمهەریر

١-پێنی لۆپ لە داستانی ئۆدێسەدا، هاوسەری (ئۆدیسیۆس)ی پادشای (ئۆلیس)ە، بەوە بەناوبانگە کات دەکوژێت (رسەکان دەکاتەوە بە خوری) لەگەڵ ئەو پیاوانەی دەوروخولی دەدەن، لە کاتێکدا ئەو دە ساڵی تەواو بوو چاوەڕێی هاتنەوەی هاوسەرەکەی دەکرد لە دوای تەواوبوونی جەنگی تەروادە.

تێبینی: ئەم چل و پێنج تێکستە هیچ ناونیشانێکیان لەسەر نەبوو، بەڵام هەموویان دوا بە دوای یەکتر نووسراوبوون و بەپێی ریزبەندییەکەی خۆی دامناونەتەوە. دەکرێت ئەمە بە یەکێک لە کۆنترین دەقەکانی من دابنرێت کە تا ئێستا بەردەستن. ئەوێ رۆژێ (٢٠٠١) لەناو مۆتەکەی خۆشەویستییەکی شکستخواردوودا گینگڵم دەخوارد, ئەم دەقانەم وەک رەشنووسی یەکەم لەسەر کاغەز نووسیبوون، لە ٢٠٠٦ بە رێکەوت کەوتمەوە بەسەریاندا لە کتێبخانە جەنجاڵەکەمدا، بەڵام جارێکی دیکە فەرامۆشم کردن. دواتر لە یەکەم گەڕانەوەی پاش نەشتەرگەریی مێشک داوام لێکرا بۆ جاری دووەم کۆڕێکی شیعریی تایبەت بە خۆم سازبکەم بەبۆنەی ڤالانتاین لە کافتریای ماڵەدارینە لە سلێمانی، ناچاربووم دەقی نوێ ئامادە بکەم

و ژمارەی دەقە نوێیەکانیشم ئەوەندە نەبوون بەشی سێ چارەکە سەعات خوێندنەوە بکات، بۆیە بیرم لەم تێکستانە کردەوە کە تا ئەو کات کەس نە بیستبوونی و نە خوێندبوونییەوە، ئەمەی ئێستا لەبەردەستاندایە دوا پاکنووسی مانگی دووی ٢٠١٥یە و دەستکارییەکی زۆری رەشنووسەکەی ساڵی ٢٠٠١م کردووە. بۆ نموونە لە بڕگەی هەشتەم لە رەشنووسی یەکەمدا، نووسیبووم: (زەمانێک دوای هەر مەوعیدێک...) زۆر شەرمم کرد وشەی ژوانم نەزانیوە و بۆ نەهاتووە بۆیە لە دەستکارییەکەدا بەو شێوەیەم لێکرد لێرەدا هەیە، یان لە بڕگەی بیست و سێدا (ئیفلاسم کرد..) گۆڕیوە بۆ (مایەپووچ بووم)، لە بڕگەی ٤٣شدا (عیشق و فیراق)م گۆڕیوە بۆ (ئەوین و دابڕان). بێجگە لەوەش هەر لە ٢٠١٥ ئەم ناونیشانەم بۆ ئەم تێکستانە هەڵبژارد و ئەمڕۆش ٧-٨-٢٠٢٣ ئامادەم کردن بۆ چاپ لەم کۆمەڵە دەقەدا با نەڵێم شیعر.

## به فۆنتێکی باریک مردن له نێو ژیاندا..
## به فۆنتێکی قەڵەو ژیان له ناو مەرگدا

ئەم ناونیشانه به بێ ویستی خۆم، خۆی بەسەر ئەم
تێکستانەی خوارەوەدا سەپاندووه

١
هێنده توونده مەرگم گووشی
دڵۆپ دڵۆپ
ژیان چۆڕایه هەناومەوه
٢
ئەو سپێدەیەی مەرگ
به دەرده پیریی دەمرێت
ژیان تاریک دادێت
٣
کتێبی ژیان
نۆ سەد و نەوەد و نۆ لاپەڕەیه
کتێبی مەرگ

تەنیا یەک لاپەڕە
٤
پێم خۆشە
شێرپەنجە بمکوژێت
نەک بە فوویەک
ڕەشەبای کات بمبات
٥
بە خەونی منداڵییەوە
بە کۆڵانەکانی ژیاندا
ڕاوڕاوێنم دەکرد
لە ناکاو مەرگ
لە ژێر پێمدا تەقییەوە
٦
تا دایکم مابوو
من هەر منداڵ بووم
دوای ئەو
بە یەک ڕۆژ پیر بووم و
وا لە بەردەرگای مردن وەستاوم
٧
لە نێوان ڕووەکی نەمریی و
ژەهری خۆکوشتندا

(مەی) ژیان هەڵدەقووڕێنم

٨

ناخوازم زیاد لە پێویست
تەمەن درێژ بم
لە مەرگ زیاتر
لە هەڵوەرینی بەهاکانم دەترسم

٩

ئارەزوو دەکەم پاش مەرگ
ژیانێکی تر هەبێت
تا ئەمجارە بۆ خۆم بژیم

١٠

جیهانێکی لنگەوقووچە
بە ئەندازەی ئاگاییمان
لە بارەی مەرگەوە
ئاگاداری ژیان نین

١١

ژیان
نووسینەوەی چیرۆکێکە
مەرگ خاڵی دوا رستەیەتی

١٢
هەموو کات مەرگ
دەعبایەکی ترسناک نییە
سەیری مەرگی گیڤارا و
ژیانی کاسترۆ بکەن
١٣
ئەوانەی فێرنەبوون
چۆن بژین
لە هەموان بە هەڵپەترن
بۆ نەمریی
١٤
ئەگەر مردن نەبوایە
لە ناخی هەر یەکێکمانەوە
کەسێکی تر پەیدا دەبوو
هیچی لە خۆمان نەدەچوو
١٥
مەرگ داگیرکەر نییە
لە دەرەوەی مردن
زۆر شتی تر هەن

ژیانمان داگیر دەکەن

١٦

دووجار لە ناو ژیاندا
خۆم کوشتووە
پاش هەر خۆکوشتنێکیش
منێکی تازە لە دایک بووە

١٧

ژیان بۆ هەمووانە
مردن بۆ تاکەکەسە

١٨

بۆ تێگەیشتن لە ژیان
لە بری پرسیاری ژیان چییە؟
بپرسە ژیان چی نییە؟

١٩

زۆر لە بارەی ژیانەوە نازانم
عاشق زانیاریی کۆ ناکاتەوە

٢٠

تۆ لە ژیان مەپرسە
مەرگ یانی چی؟
ئەو بە هەموو تەمەنی

ڕووخساری مردنی نەبینیوە

٢١

مردن لە بیر بکە

بۆ تامکردنی ئاڵوباڵۆی ژیانیش

یەک ماچی یارت بەسە

٢٢

مەرگ ئەو کزەبا تەزیوەیە

مرخی لە خوێنی گەرمم خۆشکردووە

٢٣

پیاوێکی دوالیزمیم

لە بەرامبەر ژیاندا

مووم لە لۆکە نەرمترە

لە بەرامبەر هەر شتێکی تردا

لە پۆڵا ڕەقترم

٢٤

ژیان

شۆخ و شەنگێکی دەم بە پێکەنینە

مەرگ برا گەورە تووڕە و مۆنەکەیەتی

٢٥

لە ناو ئاپۆراکەدا وەستاوم

تەرمەکەم بەرەو گۆڕستان دەبەن
هەرچی دەکەم و
هەر چۆن خۆم نیشان دەدەم
ناتوانن بمبینن
پەلەیانە زوو لە ژێر خاکدا بمشارنەوە و
بڕۆنەوە سەر کارەکانیان

٢٠١٨-٥-٥
نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس
شتاسیۆنی نۆرۆلۆگی

تێبینی: ئەمڕۆ لە ناو ئازارێکی زۆر بێوێنەدا تەپوتل دەکەم، هاوڕێیەکم لە ماسینجەرەوە بۆی نووسیبووم: (مرۆڤی ئازا و قووڵی وەک تۆ مەرگ دەبەزێنێت). لە وەلامدا بۆم نووسی: (ئەوەندەش جەربەزە نیم، بلێم چی خەلک ترسنۆکن؟ وەهاش قووڵ نیم، بلێم چی خەلک سادەن؟), لەگەڵ ئەوەشدا پەیامی ئەو هاوڕێیە بوو بە مامانی ئەو تێکستانەی لای سەرەوە.

## هێلەکی نائومێدییم لە بەردا بوو

١
تەنیا هەقیقەت لە جیهاندا
ئەو هەقیقەتەیە دەڵێت:
هیچ هەقیقەتێک بوونی نییە
٢
سەرەتا وشە بوو
باوەڕ ناکەم کۆتایی
لە گریان زیاتر هیچیتر بێ
٣
لایەنگرانی خودای میهرەبانی
لە هەر کەس هۆڤانەتر
جیهان کەوڵ دەکەن

٤

ئەم نامۆبوونەم

زۆر نامۆیە

بە نامۆیی زۆرینە

٥

ئاوەز

بەو هەموو ژیرییەی خۆیەوە

لە دڵ تێناگات

٦

ئەوەی لە واقیعدا ناکرێت

دەبێت لە رێگەی شیعرەوە بگووترێت

٧

ئەو گەردەلوولەی لە رۆحما هەڵیکردووە

دوا راددەی ئارامییە

ئەو هێمنییەی لە ناخمدا خەوتووە

زریانێکی بێ ئۆقرەیە

٨

ببوورە مارکس

هێشتا شتێک ماوە شی بکرێتەوە

پێی دەڵێن جیهان
٩
ژیان لە چواله دەچێت
لە دەمی هەندێکدا شیرین
لە زاری هەندێکی تردا تفت
١٠
هەرچەند مەیلم هەیە
بڕۆمە جێگەیەک مرۆڤی لێ نەبێت
ئاه چ نەگبەتییەکە
خۆمی لێ دەبم
١١
بەرەو قووڵایی دەڕۆم
قووڵایی ئۆقیانووس
لە کەنارەکان هێمنترە
١٢
ئاوەزگەرایی زۆر مانای هەیە
راستترین ماناشی
دەستبەردانە لە ئاوەز
١٣
شیعری من
موزیکی خەوهێنەری کلاسیکی نییە

کەڕەنای سەربازییە

١٤

من ئەو شەهێنە نائومێدەم
لە ئاسمانەوە
چاو بۆ نێچیرەکەم دەگێڕم:
ئومێد

١٥

دەبەنگییە وا بزانین
دنیا بە شیعرە هیوادارەکان رزگار دەبێ
جیهان بە شیعرە نائومێدەکان
کەمێک هیوای بۆ دەگەڕێتەوە

١٦

خۆزگە دەتانزانی
نیو هێندەی جوانیی
لە ناشرینیی ناترسم

١٧

حەزم لە دووبارەکردنەوە نییە
یەک جار بەڵێ بۆ ژیان
یەک جاریش نەخێر بۆ شتەکانی دیکە

١٨

پێویستم بە ماتماتیک نییە

هەر یەک ئازارم هەیە و

هیچی تر

١٩

لە هەموو کارێکدا

دوو دڵم

لە عەشقدا نەبێت

٢٠

زۆری خایاند تا تێگەیشتم

من لەناو عەشقدا نیم

عەشق لەناو مندایە

٢١

ئەو کاتەی جێتهێشتم

پێتوابوو یەکێک جێدەهێڵیت

دواتر زانیت خۆتت جێهشتووە

٢٢

زوو زانیم جەستەت

نابینایەکی کەڕولاڵە

بۆیە چەند ساڵ
بە زمانی دڵ بانگم کردیت
نەمزانی دڵیشت نابیستە
٢٣
ئەوەندە قووڵ
لە تاریکستانی دڵنیاییدا رۆچووم
لە حەژمەتا
باوەش بە چرای گوماندا دەکەم
٢٤
هەموو بەیانییەک
غوسڵی نائومێدیی لە خۆم دەردەکەم
هەموو شەوێک دووبارە
دێتەوە ناو پێخەفم
٢٥
چاکەتی شادییم لە بەرکرد
دەڵب بوو
کراسی هیوام لەبەر کرد
تەسک بوو
هێلەکی نائومێدییم لەبەر کرد
پڕ بە بەرم بوو

٢٦
تا دوێنێ
هێڵەکی نائومێدییم لەبەردا بوو
لە ئەمڕۆوە
تەنیایی لەبەرم دەکات
٢٧
جیهان هێندە تەڵختر بووە
رەشبینەکانیش
تووشی رەشبینی دەکات
٢٨
لە لێواری خەرەندێکدام
هەموو رۆژێک
ژیان قۆچم لێدەدا و
بەردەبمەوە ئامێزی مەرگ
٢٩
بەوە نییە بەهار
لە هەردوو چاومدا دەبریسکێتەوە
بیرکردنەوەم بۆنی پایزی لێ دێت
٣٠
دەمێکە ملیۆنێرم

پێدەچێت بەم نزیکانە
بە ژمارەی ئازارەکانم
ببمە ملیاردێر
٣١
بیست هەزار وشە شیعرم
بە کۆمەکی چل هەزار
دڵۆپە فرمێسک نووسی
٣٢
سێ جار پەنابەرم
جارێک لە ئەورووپا
جارێکی تر لە نەخۆشخانە
سێیەمین جاریش
لە ژوورەکەی خۆمدا
٣٣
لێم ببوورە
ئەی نیشتمانی خەواڵوو
وەک عاشقێکی بێوەفا
لە شیرینی خەودا جێمهێشتی

ئۆگەستی ٢٠١٧
تاران- مهاباد- سلێمانی

تێبینی: ئەمڕۆ ١-٩-٢٠١٧ لە شاری (مهاباد)م، ئەم سی و سێ بڕگەیەم بۆ (مەریەم قـازی) چیرۆکنووس خـوێـنـدەوە کـە لـە مـــاوەی یــەک مـانـگـی رابـــردوودا نووسیوومن، ئەو زۆری بە دڵ بـوون، داوای کرد بۆ هەموو ئەو میوانانەشی بخوێنمەوە هاتبوونە ماڵی باوکی (کاک مستەفا قازی) کە بە بۆنەی پیرۆزبایی جەژنەوە هاتبوون، بەڵام رەتم کردەوە. هەر ئەمڕۆش ژمارەیەکی نوێی گۆڤاری (مهاباد)ی پێ نیشاندام کە چاوپێکەوتنێکی منی تێدا بڵاوکراوەتەوە و پێشتر کاک هـەژار خاتەمی لە شـاری دوسڵدورف لەگەڵمدا ئەنجامی دابـوو، ئەو (مەریەم) بە دەنگی خۆی تەواوی دیمانەکەی خوێندەوە بـۆ مـیـوانـەکـان، منیش بـە نـاوی دەسـت شـۆردنـەوە جێمهێشتن، نازانم بۆچی وامکرد؟، بەڵام خۆشـحاڵبووم بەوەی تێکستەکان جێی رەزامەندیی ئەو بوون. ئێستا کاتژمێر نۆ و نیوی شەوە بە کاتی مهاباد، لە بیری خۆ ئامادەکردندام بۆ گەشتی بەیانی بـەرەو تـاران لەگەڵ کاک مستەفا و مامشاد قازی دا، چوونکە سبەی شـەو فڕۆکەکەم لە تارانەوە بەرەو دوسڵدورف دەفڕێت.

## وردەواڵە

١

زانست و ئاین
بە نیازی چاکە
هەرچی خراپە دەیکەن

٢

چەند سەیرە
دەڵێی لە داهاتووەوە هاتووم
هەموو شتەکان لە بەرچاوم کۆنن!

٣

ماڵی ئایندە
کەسی بەدفەڕی تێدا نییە
باخچەی مرۆڤی دەستەمۆیە

٤

بۆ ئەوەی ژیان بژێتەوە
پێویستە زۆرینەمان

دەستبەرداری ژیان بین
٥
دەبێ بیر لەوە بکەینەوە
چۆن دەتوانین، جارێکی تر
بیر لە جیهان بکەینەوە
٦
داناییە کۆنەکە دەیگووت
خۆت بگۆڕە
کە مرۆڤ خۆی گۆڕی
بوو بە ئەژدیها
٧
ژیان
شتە ئاساییەکان نییە
مەحاڵەکانە
٨
بیرکاری بردییەوە
هیچ نەماوەتەوە
لە دەرەوەی ژمارە
٩
ئەرستۆ
بەهۆی سەرقاڵیی بە لۆژیکەوە

نەیزانی ژنەکەی چەند ددانی هەیە!

١٠

تەنیایی

دڵۆپ دڵۆپ

لەسەر پەنجەرەی تەمەنم دەخزێ

١١

ژن

ژیانی داهێنا

پیاو کوشتی

١٢

حاڵی کورد

لە هەزارەی سێیەمی پێش زایین

زۆر چاکتر بوو

لە هەزارەی سێیەمی زایینی

١٣

لەوەتی هەم

خۆم بیرەوەرییەکانم بەسەر دەکەمەوە

تاکە جارێک تەشریفیان نەهێنا بۆ بینینم (١)

١٤

جیهان هێندە گۆڕاوە

کاتی بەرزکردنەوەی دروشمە تۆقێنەرەکەیە:

پێویستە دنیا نەگۆڕێت

١٥

خاوەنی زەریایەک ئەسرین بووم

هەر هەموویت پێ ڕشتم

ئەمڕۆ دایکم مرد

بە بێ فرمێسک دەگریم

١٦

لە ناو ئەم هەموو تازەیەدا

شتێکی زۆر کۆن دەبینم

بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە

١٧

تۆم لە دەست نەداوە

هیچ کات نەمویستووە

بە دەستمەوە بیت

ویستم لە دڵما جێگیر بیت

١٨

ئەوەی دەیسەنم

ئەوەی پێمدەبەخشرێت

هیچیان ئازادیی نین

ئازادیی ڕەنگێکی ترە

١٩
هەشتا ساڵ
داری ئازادیی بە خوێن ئاودرا
تەنیا خوێنی گرت (٢)
٢٠
وەک موزیک وام
لە دوانزە نۆتە پێکهاتووم
یەکێکیتان ژنەفتووە
٢١
ئەم جیهانە
هەموو شتێک هەڵدەمژێت
ئازادیی نەبێت
٢٢
حەزم لە زیندووبوونەوە نییە
بەرگەی ژیانێکم نەگرت
نەخاسمە ببێتە دووان
٢٣
من لە خۆم رادەکەم
تۆش لە من

لە تۆدا پێکدەگەین

٢٤

هیچ نەبێت

تا قەفەز نووستووە

خەون بە فڕینەوە ببینە

٢٥

چەقۆیەکم بینی دەگریا

لە هەرچی شیعرێکدا

ناویان هێنابوو

باسی برین بوو

٢٦

چ چاوبەستێکە

مەی بەو هەموو تاڵییەوە

لە شیعردا شیرینە؟!

٢٧

لە نەخۆشخانەدا فێربووم

سەرەتا وشە نەبوو

ئازار بوو

٢٨

خوشکێکم هەبوو

لە وڵاتی جەنگەکاندا
ناوی ئاشتی بوو
ئەویش زوو مرد (٣)
٢٩
فۆتۆ نیم
بە ئاسانی بمخەیتە
خانەی هەرە دواوەی
ئەلبوومی بیرەوەرییەوە
٣٠
هەستی شەشەمیشم
بخەمە گەڕ
چیتر هەست بە بوونت ناکەم
٣١
کەم قسە دەکەم
تا رادەیەک زۆر دەنووسم
رۆژێک دێت
هەردووکیان تەرک بکەم
٣٢
نە هاوار دەکەم
نە نووزە نووز

من بیر دەکەمەوە

٣٣

لە دەرەوە دەمبینی

بێدەنگ دیارم

ئەگەر سەرێک لە ناوەوەم بدەیت

مێشکت دەچێت

٣٤

ئەو گۆرانی دەڵێت

من بە بێدەنگی دەگریم

من ستران دەڵێم

ئەو قاقا پێدەکەنێت

٣٥

گوێ مەگرە ئەی پیاوی بچووک (٤)

گوێگرتن

پیشەی مەزنەکانە

٣٦

هەقیقەتەکە ئەوەیە

(کاۆس)ی پێش سەرەتا

تا کۆتایی بەردەوام دەبێ (٥)

٣٧

خاک بەسەرم

گەر نووسینەکانم

وەک ژیانم شکستخواردوو بن

٣٨

ژیانێکم هەیە

کەس ئیرەیی پێ نابات

هاوڕێکانم نەبێت

٣٩

لە نەژادی ئەو چەپانە نیم

لە جیاتی گۆڕینی جیهان

پەلاماری دنیا دەدەن

٤٠

چ سەرسووڕهێنەرە

لە ئێوارەیەکی رەشدا

لە کەنار دەریای ڕەش

کتێبی رەشی کۆمۆنیزم و

دەفتەرە رەشەکانی هایدگەرم

دانابوو بۆ خوێندنەوە

لەم کاتەدا پیاوێکی رەش
بە دڵێکی سپییەوە
بە بەردەممدا تێپەڕی!
٤١
ئیتر بە کەڵکی خۆم دێم
ئەو پرۆمیتۆسە پەشیمانەم
ئیرەیی بە سیزیف دەبەم (٦)
٤٢
وا خەریکە
ریشم لە بەفر سپیتر بێت
رۆحم لە باران تەڕتر و
تەمەنم لە ژیان درێژتر دەبێت
ئەوەی سەیرە دڵمە
کە هێشتا هەر ساوایە!

٢٠١٣-٢٠٢٣
کوردستان- ئەڵمانیا- سوێد

١-(بیرەوەرییەکان دێن بۆ بینیم)، ناونیشانی یادداشتنامەی (ئەدگار مۆران)ی بیریاری فەڕەنسی و نووسەری کتێبی (لە پێناو سیاسەتێکی شارستانی)یە.

٢-ئایرۆنییەکە لەگەڵ دێڕە شیعرێکی فایەق بێکەس: داری ئازادیی بە خوێن ئاو نەدریٚ قەت بەر ناگریٚ.

٣-(ئاشتی) ئەو خوشکە بیست و یەک ساڵانەیەم بوو، لە رۆژی راگەیاندنی رێککەوتنی ئاشتی کورد و عێراق لە ئازاری ١٩٧٠ لە دایکبوو، لە کۆڕەوی ساڵی ١٩٩١ بەهۆی وەرگەڕانی ئۆتۆمبیلەکەمانەوە لە تەوێڵە گیانی لە دەستدا و لە گۆڕستانی پاوەی رۆژهەڵاتی کوردستان ئەسپەردە کرا.

٤-هەڵگێڕانەوەی ناونیشانی کتێبە بە نامێکەی ولیەم رایشە: (گویٚ بگرە پیاوی بچووک).

٥-بەپێی ئەفسانەناسی یۆنانیی، پێش گەردوون و ئەو رەزمەی ئێستا لە گەردووندا هەیە تەنیا فەوزا (khaos) هەبووە، لە روانگەی زانستیشەوە کاۆس بۆ ماوەی پێش تەقینەوەی مەزن (بیگ بەنگ) بەکاردەبرێت.

٦-بەپێی میتۆلۆژیای گریکیی، سیزیف باجی کارێک دەدات بۆ خۆی بوو، بەڵام پرۆمیتۆس سزای کارێک

وەردەگرێت بۆ خۆی نەبوو، ئەویش دزینی ئاگر بوو بۆ مرۆڤ.

تێبینی: ئەم تێکستانە لە دە ساڵی رابردوودا (٢٠١٣-٢٠٢٣) بە جیا جیا و دانە دانە لەسەر دەفتەری تێبینی، لە نۆتی موبایل، لە ۆردی ناو کۆمپیۆتەرەکەم لە کوردستان و ئەڵمانیا و سوێد نووسیوومن. ئەگەرچی لە زۆرێک لە ئەفۆریزمەکاندا یەکێتی بابەت رەچاو ناکەم (ئەویش بە ئاگاییەوە)، بەڵام ئەم تێکستانە چوونکە یەک یەک و بە جیا نووسراون، خزمایەتییەکیش لەنێوانیاندا نابینرێت. مەبەستیشم بوو بە شێوەی رەسەنی خۆیان لە فەوتان رزگار ببن، دەنا دەکرا جارێکی تر ئەدەبیانەتر دایانبرێژمەوە.

## ئەو رۆندکانەی لە چاومدا سەوز دەچنەوە

١
ژیانێک بەشم ناکات
تۆم تێدا خۆشبوویێت
دوو ژیانیش بوونی نییە
٢
تا تەمەنم هەڵبکشێ
منداڵتر دەبمەوە
تا تاڵاویی دووریی بنۆشم
لە ئەوینت نزیکتر دەبمەوە
٣
تا چاوم کزتر بێت
رۆشنتر تۆ دەبینم
تا پرچی خەیاڵم ئاڵۆزکاوتر بێ

ئاسانتر دێیتە کوخی شیعرمەوە
٤
لە دەریاوە سەیرت دەکەم
تۆ چیایت
لە چیاوە لێت دەڕوانم
تۆ ئاسمانیت
٥
گرنگ نییە
چەند دڵت ڕەق بێت
وەک کڵۆ شەکرێک
لە چەمی شیعرمدا دەتووێیتەوە
٦
ئەوەی جێی بایەخمە
دڵێکت هەیە
دیکتاتۆرە بەسەر عەقڵتەوە
٧
هەرچەند بەرز دەبمەوە
ناگەمە مەداری تۆ
نەمزانی ئەستێرەیەکی هێندە دووریت

٨

سەیری ئەشکەوتی خەونەکانم دەکەم
لە هەموو لایەکەوە پرشنگی تۆیە
تەماشای ژیانی راستەقینەم دەکەم
تا چاو بڕ دەکات چۆڵەوانیی

٩

نەخۆشخانە
بنی ئەو دەریا تاریکە بوو
مرواری ئەڤینم تێدا دۆزییەوە

١٠

بە تەنها من ئەو راستییە دەزانم
هێزی راکێشانی تۆ
لە هێزی راکێشانی زەوی بەهێزترە

١١

من ئەو بەستەڵەکە بووم
بڵێسەی تۆ تواندمییەوە
تۆ ئەو ئاگرە بوویت
لە باوەشی بەستووی مندا
رەق بوویتەوە

١٢

من تاریکی سەرەتای شەوم

تۆش رۆشنایی کۆتایی رۆژ

لە بوولێڵدا بە یەکتر دەگەین

١٣

هەرگیز بیر لە رۆیشتن مەکەرەوە

یاسای سرووشت وایە

یەک هاتن و یەک چوونە

١٤

بە بێ ئۆکسجین

ژیان بوونی نییە

بە بێ تۆش، من

١٥

دوو دڵۆپ خەندەم

بۆ بخەرە نامەیەکەوە

تا من قەسیدەیەک

لە پێکەنین بنووسم

١٦

بڕیارم داوە

لە زیندانی شیعرەوە
بتگوازمەوە بۆ
بەندیخانەی دڵ
١٧
تکایەکم لێت هەیە
لە خەونەکانمدا مەمرە
لە واقیعدا لەگەڵم بژی
١٨
وا دەزانم لە ئامێزم گرتوویت
ئەگەر سێبەرەکەشمان
بە ناو یەکدا بچێت
١٩
سرووشتێکی جیوەییم هەیە
لە هیچ جێگەیەک ئۆقرە ناگرم
لە دڵی تۆ و شیعردا نەبێ
٢٠
جاران کە دەمنووسی
نەمدەزانی بەرەو کوێ مل دەنێ
ئێستا هەرچی بنووسم
لە کەنار تۆدا لەنگەر دەگرێ

٢١
ئەنالۆژییم پێ خۆش نییە
چوواندنی تۆ بە هەر شتێک
نرخی ئەو شتە بەرز دەکاتەوە
بێ ئەوەی بگاتە تۆ
٢٢
تۆ ون نەبوویت
من بتدۆزمەوە
تەنێ دەمەوێت
بە غەزەلێکی خەو زڕاو
بێدارت بکەمەوە
٢٣
لەسەر تەختەخەوەکە
پاڵ کەوتبووم
کە درامە بەر دەستڕێژ
بەڵام من لەلای تۆ بووم
ئەگینا دەکوژرام
٢٤
من تۆم

لە خەیاڵدا دروست نەکردووە (١)
تۆم لە داڵغەی یەکێکی تر دەرکێشا و
خۆشم ویستی

٢٥

ئەی سکادی
لەوە تێبگە من نیۆردم (٢)
هەڵچۆ هەڵچۆ
لووتکەکانم داپۆشە

٢٦

بۆ تۆ
مرەکەب لە پێنووسم
خوێن لە چاوانم
فرمێسک لە دڵم دەڕژێ

٢٧

من و تۆ
لە یەکتر ناچین
ئەگەرنا عەشق رووینەدەدا

٢٨

ئەوینت باڵی هەبوو
هاتمە سەر باڵەکانت و

کەوتیتە فڕین
ئەوە چەندین ساڵە
بەرز دەبیتەوە
چەند سامناکە
خزان لەم کاتەدا!
٢٩
ئەگەر تۆ بێی
بە ژیانی خۆمدا دەچمەوە
هەموو شتە زیادەکانم
فڕێ دەدەمە دەرەوە
بۆ نموونە: گریان،
بێزاریی، مەراق، سترێس
دواجار مەرگیش
٣٠
ئەگەر تۆ پێم بڵێی
خۆشم دەوێی
هێندە ئازا دەبم
سەری مەرگی دەپەڕێنم
دە هاوار بکە خۆشم ئەوێی

٨-٨-٢٠٢٣
ئەڵمانیا- بیلەفێلد

نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس

١-هەڵگێڕانەوە و ئایرۆنییە لەگەڵ دێڕە شیعرێکی شاعیری ئەمەریکی سیڵیڤیا پلاس کە دەڵێت: (لەو باوەڕدام من تۆم بە خەیاڵ دروست کردووە). کە بەداخەوە ئەم شاعیرە لە هەرەتی گەنجییدا لە ساڵی ١٩٦٢ خۆی کوشت.

٢-بەپێی ئەفسانەی ئەسکەندەناڤی: (سکادی) خودای زستان و دەریایە، هاوشێوەی پۆسایدۆنە لە میتۆلۆژیای گریکییدا، (نیۆرد)یش خودای چیاکانە و هاوژینی (سکادی)یە. ئەمەش لە رووی سیمبولییەوە مانای ئازاری دووریی و پێکنەگەیشتنە.

## ڕەشنووسی شیعرێکی تەواونەکراو

تۆ واتکرد
مردن بگۆڕمەوە
بە چەند کەوچکێک
لە تامی ژیان
چەندان خەونی بەساڵاچوو
لە گۆڕەپانی واقیعدا
بدەم بە زەویدا
لەگەڵ دوێنێی خۆم
بچمە زۆرانبازییەوە
بۆ گەیشتن بە چەشەی ئەمڕۆ
هەزار گفتی درۆ بگۆڕمەوە
بە یەک تاکە ڕاستی
سەرم لە گۆڕستانی دابڕان دەربهێنمەوە و
بیسپێرم بە ئەوین

تۆز و گەردی تاراوگە
لە شانی شەکەتم بتەکێنم
لە نیشتمانی دڵێکی سپیدا
ببمە هاووڵاتییەکی چارە ڕەش
تۆ کە ئەو هەموو چاکەیەت
بەسەرمەوە هەیە
بۆچی پێتوایە
هیچت نەبەخشیوە
بەو پیاوەی لە دەمی پێکەنیندا
شمشاڵی خۆکوشتنی دەژەنی و
لە ئاسمانی پڕ ئەستێرەدا
تاڵێک لە پرچی تیشکی نەدەبینی؟
ئەی خۆت فێرت نەکردم
بێ واتاترین واتاش
خاڵی نییە لە واتا؟
ڕێگەت نیشان نەدام
لە ناو خودی خۆمدا
پیاوێکی عاشق بدۆزمەوە
تا کۆتایی دوای بکەوم؟
بەوە نییە بێدەنگم

نا، هەموو شتێک دەزانم
ئەزانم تۆ بوویت
پێنووسەکەمت پڕ کرد
لە مرەکەبی خۆشەویستی
ئەوە تۆ بوویت تاریکیت
لە شەوەکانم دەرکێشا
تۆ بوویت وەک ئاوێکی سازگار
درزەکانی خاکی خەیاڵمت
شەلاڵ کرد لە تەڕایی
تۆ بوویت تۆوی زەردەخەنەت
لەسەر لێوم چاند و
ئەسرینەکانمت بە دەسماڵی ماچ سڕییەوە
تۆ بوویت بە بەلەمێکی پەمەییەوە
منت لە رووباری رەشبینی پەڕاندووە
لە رۆژگاری بێ زمانیدا
پاراوترین زمانت پێ بەخشیم
تۆ بوویت منت بردە ماڵی شیعر
چەند مۆمی قەسیدەت پێ داگیرساندم
لە سەردەمی قەدەغەی فڕیندا
باڵەکانی خۆت پێ بەخشیم

له چاخی ژەهراویبوونی ئومێددا
سێ ژەمه هیوات دەرخوارد دام
له زەمەنی سیسبوونەوەی گوڵەکانی لێودا
بێ ئەژمار ماچت لەگەڵ گۆڕیمەوه
تۆ بوویت خۆمت
به خۆم ناساندەوه
واتلێکردم له ئامێزتدا
تامی هەناری بەختەوەریی بکەم
واتلێکردم هەر رۆژێک
بیری دوێنێ نەکەم و
له چاوەڕوانی سبەیدا سەرنەنێمەوه
له ئاوی ئەم هەموو ئێستا قەشەنگەت هەڵکێشام
تۆ بوویت شمشێرت دایه دەستم
سەری غەمگینی پێ بپەڕێنم
سواری ئەسپی سەرکێشیت کردم
بەرەو چیا بەژن بەرزەکانی ئازادیی
به توندیی دەستەکانت گرتم
لەو کاتانەی له خۆم بزر ببووم
ئەوه تۆ بوویت
نەخشەی سەرکەوتنت

چەشنی فەرشێکی گرانبەها بۆ راخستم
چاویلکەیەکی ترت خستە چاوم
ژیانی روونتر پێ ببینم
بێلێکی نووک تیژت پێدام
گۆزروانی جوانیی پێ دەربێنم
نزایەکی گیرات لێکردم
تەمی بێزاریی مێشکی بەردام
لە شاخەکانی مەراقەوە
بەربوومەوە نێو دۆڵی بزە و
بووم بە مرواری
لە نێو زەریای لەشی رووتتدا
بووم بە وێنەکێشی
ئەو دلۆپە بارانانەی لە چاوی ئاسمان دەتکان و
خۆیان لە باوەشی خاکدا دەشاردەوە
بووم بە دیوانەیەکی مودێرن
پەشیمانبوومەوە، بەڵێ پەشیمانبوومەوە
لەو هەموو پەشیمانییەی بۆ عەشق هەمبوو
بووم بە یەکێکی تازە و
منە کۆنە ڕاڕاکەی پێشوو
لە هیچ قوژبنێکی گەردووندا نابینمەوە

بووم بە گۆرانییەکی بە تەمەن
لە گرامافۆنێکی ئێجگار کۆنەوە
نازی لاوییم
بەسەر دڵمدا دەکرد و
دەنگێک لە قووڵایی دەروونمەوە
هاواری دەکرد
ئێستا زووە بۆ مردن
درەنگیشە بۆ ئەوین
ئەوە تۆبوویت
زامە دێرینەکانت
وەک دەزووی نەشتەرگەرییەکان
یەک یەک لە سەرم دەرهێنا
بە بێدەنگیش عەرشی خۆت گواستەوە
بۆ ناو ئیمپراتۆریای دڵم
ئای لەو دڵەی من
لە بەرامبەر گەردەلوولی پیرییدا
رۆژ بە رۆژ گەنج دەبێتەوە
لە بەرامبەر باهۆزی مەرگدا
رۆژ بە رۆژ و چرکە بە چرکە
تۆ و ژیان دەڕژێنە ناوییەوە

ئەوە تۆ بوویت
دڵنیات کردمەوە
ئازارەکان تێدەپەڕن
کوێرەوەرییەکان دەکەونە
بەشی خوارەوەی یادەوەریی
تەنگانەکان بەریان کورتە و
دەبنە مێژوویەکی وەریو
پەتاکان لە پشتی ژیانەوە دێن
زۆر نابات وەک بڵێی
سوپای داگیرکەر بن
لەشکری ژیان دەریاندەپەڕێنێت
ئەوەی هیچ کات کۆتایی نایەت
ئەوەی تەمەنی لە بوون درێژترە
ئەوەی لە پێش کاتیشدا هەبووە
ئەوەی لە دوای نەبوونیش دەمێنێتەوە
ئەوەی جاویدانییە
ئەو خۆشەویستییەیە
دەمێک بوو لە مندا تەقیوەتەوە
وەک تەقینەوەی سەرەتا
ببوورە ئەگەر کەمێک

له دركاندنی دواكەوتبم
ئەوه تەنیا تۆ بوویت
متمانەم پێكردیت
دڵی خۆم لا جێهێشتی و
له وەرزێكی زەردباودا
له نامەیەكی رەنگ سەوزدا
بۆم نووسیوویت
ئەو دڵەم با هەر لای تۆ بێت
ئەو له هیچ جوگرافیایەكدا نەسرەوت
له هیچ جێگەیەک هەستی پێنەكرا
له هیچ شوێنێک وەک لای تۆ
به دڵنیاییەوه ئۆقرەی نەگرتووه

٢١-٩-٢٠٢٣
كاتژمێر: ١٩:٢٠
نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس

تێبینی: ئەمڕۆ ئازارێکی بێ بڕانەوەم هەبوو، لەناو ژاوەژاوی نەخۆشخانەدا ئەم شیعرەم تەواو کرد کە بەشێکیم لە کاتژمێر: ٠٠:٤٥ ڕۆژی ١٩-٩-٢٠٢٣ نووسیبوو، لەگەڵ دەسپێکی وەرزی پایزدا وەک لە شیعرەکەشدا دەڵێم لە وەرزێکی زەردباودا تەواوم کرد، ئەم تێکستە بەرهەمی سێ ڕۆژە، خەیاڵی پێشوەختی لە پشتەوە نەبووە، تەنیا بارانێکی هاوینی بوو لە مێشکمدا باری و لە پایزدا خۆشی نەکردەوە و هەر دەبارێت و دەبارێت و دەبارێت، بۆ ئەوەش تایتڵەکەم دانەناوە کە شیعرەکە تەواو نەبووە، بەڵکو لەبەرئەوەیە ناخوازم ئەوینەکە تەواو ببێت.